

# سەمای

# یەسنا لە ئاگردا



# سەمای
## یەسنا لە ئاگردا


نووسەر: جەبار عوسمان

بابەت : ڕۆمان

دیزاینی بەرگ و ناوەوە : ئومێد محەمەد

پیت چنین : نوسەر

هەڵە بڕی و زمانەوانی : نەژاد علی ڕەحیم

تـــــــــــیراژ: ٥٠٠ دانە

چاپی یەکەم: ٢٠١٨

نرخ: ( ٦٠٠٠ ) دینار

چاپخانە : کارۆ

لەبەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی ( ١٦٧٥ )ی ساڵی ٢٠١٨ی پێدراوە

ڕۆمان



# سەمای یەسنا لە ئاگردا

جەبار عوسمان

**لە ئەندێشەی هەموو مرۆڤێکدا خەونێکی داستان ئامێز هەیە ...**
**کە هێزی ویست و باوەڕ، بەدی هێنەریەتی .**

نوسەر

# 1

بــەو چــاوانــەی کــەلــە گـومـانـدا ئــــەدرەو شـێـنـەوە لێم دەڕوانێت. هەستدەکەم چاوەڕوانی وەڵامێک بێت، بۆئەوەی ئاسودەیی بەو دڵە لەرزۆکەی بدات کە گیرۆدەی نائومێدی بــووە. نیگاخەمناکەکەی لەنێو تاریکاییەکی سامناکدا، بەوێنەی ئەلماس ئــەدرەو شێتەوە. بــەو ڕەفـتـارەی کە لەنێوان گومانی ڕۆیشتن و مانەوەیدا قەتیسماوە، ناخم دەهەژێنێت. دەمەوێت شێوەی لەیادەوەریمدا بدۆزمەوە. ئەو بەخەندەیەکی ساردەوە پێم دەڵێت:

–من (ئارین) م. چەند جارێک بەدەنگێک وەک لەنێو ناخیدا خنکابێت، بەناوی خۆم گازم دەکات دەڵێت: (مەلیک) گوێت لە دەنگمە من (ئارین) م.

وای بۆدەچم ئەو دەنگە بەڕۆحم ئاشنابێت. لەگەڵ دووبارە بوونەوەیدا ناخم لەخۆی پڕدەکاو پرسیارگەلێک لە ئەندێشەمدا سەوز دەکات. دەمەوێت پرسیاری ئەوەی لێبکەم و بڵێم: «ئێمە بۆچی لەنێو ئەم تاریکییە سامناک و ئەنگوستە چاوەدا لەیەکتری ڕاماوین؟». بەڵام گومانی بوونم لەبەرامبەریدا،بەوێنەی خورپەی ترسێک وەک بروسکە هەموو بیرم دەچنێتەوە و دەمگەڕێنێتەوە بۆناو تاریکی ناخم. لەگەڵ بیستنی گریانێکی بەکوڵ، کە لە ئامێزی خەمێکی قوڵدا دێتە دەرەوە پێم دەڵێت: «مەلیک بەخۆت وەرەوە بۆچی وەڵامم نادەیتەوە!؟» لەگەڵ ئەو دەنگەدا شێوەی ئەو بەوێنەی ئەستێرەیەکی گەشاوەی تیژڕەو بەرەو تاریکی پشتی خۆی دەکشێت و منیش لەنێو تاریکی و تەنهایی ناو خۆمدا بەجێدەهێڵێت.

ئەو بەردەوام بەودەنگە خەمناکەی دەمدوێنێت، هەستدەکەم دەیویست لەو خەونە دژوارە بەئاگام بێنێتەوە. من لەنێو گومانی بوونی خۆمدا بەهێمنی دەخنکێم، ئەویش پرسیاری ئەوەم لێدەکات کەلەو جەنگەدا چۆن پێکراوم. مێشکم تەواو خاڵییە لەوەڵامی ئەو پرسیارە نامۆیانەی ئاراستەم دەکات، دەمەوێت بەخۆمدا بێمەوە، بەڵام یادەوەریم پێم نامۆیە. ئای من لە چ دۆخێکی دژواردا ژیان دەکەم،ئەو دۆخە وام لێدەکات بەدووی خۆمدا بگەڕێم! «باشەمن لە کوێم، بۆچی لەخۆم بزر بووم و خۆم بۆ

نادۆزرێتەوە؟» هەست بە بوونی جەستەی خۆم ناکەم! هەستدەکەم مێشکم تەنها پارچە گۆشتێک بێت و لەبۆشایدا بە پەتێکەوە هەڵواسرابێت.

چەند ئەستەمە مرۆڤ خۆی بۆنەدۆزرێتەوە، دەمەوێت لە یادەوەریمدا بەدووی خۆمدا بگەڕێم، بەڵام گومانی ئەوە دەکەم سەرم بڕابێت و لە جەستەم جیا کرابێتەوە. هەستێک لە مێشکمدا دەمدوێنێ و دەپەیڤێت «ئەوانەی دەمرن تا چەندین خولەک گوێبیستی هەموو دەنگێک دەبن». تۆبڵێی نەمردبێتم و ئەو ژاوە ژاوەی مێشکمیان بە خۆیەوە مژوڵکردووە ئاسەواری گریانی دایکم نەبێت، کە ئەملاوێنێتەوە.!؟

دەنگێکی گڕ کەلە ناخی کەسێکی خۆ بەمەزنزانەوە دێتە دەرەوە دەڵێت:

-هەوڵبدە بەردەوام بیدوێنە و ئەو چیرۆکانەی بۆ بگێڕەوە، کە پەیوەستە بەخۆتانەوە بۆئەوەی بە پەرچە کردارەکانی یادەوەری بژێنێتەوەو بەئاگابێتەوە. ئەو لە پشتی سەریەوە پێکراوە و بەشێکی مێشکی تەواو پەنماوە، ئەستەمە بەم نزیکانە تەواو بەخۆیدا بێتەوە.

«من بۆچی و چۆن پێکراوم؟» دەمەوێت ئەو پرسیارە ئاراستەی ئەو دەنگە خەمناک و پڕسۆزە بکەم کە بەردەوام ڕۆحم دەلاوێنێتەوە. هەرچەند لەناخی خۆمدا هاواردەکەم و لەناو خۆمدا دەنگ ئەدەمەوەو کەس گوێبیستی هاوارەکانم

نابێت. جارێکیتر پڕ بەناخم هاواردەکەمەوە و دەڵێم: من لەکوێ  و لەکام شوێنی ئەم گەردوونەدام؟

هاواردەکەم،تا کەسێک بەهانای تەنهایی ناخمەوە بێت و لەدۆزینەوەی خۆمدا هاوکارم بێت. دەمەوێت جەستەو دەستەکانی خۆم بدۆزمەوە، بۆ ئەوەی بە گوڕێکی پڕلە متمانەوە تاوێک بە خۆم بدەم و خۆم لەم دۆخە نەفرەتییە قوتاربکەم. بەڵام دواتر ئەم هەوڵە لەبیرگەلێکی ناخم زیاتر هیچ شتێکی دی نییە. لەو ساتەدا گوێکانم بە دەنگی ئەو شۆخە ئەزرنگێنەوە کە بە تۆنە پڕلە سۆزەکانی ناخم لە خۆیدا پڕ دەکات،  ئومێدی ژیان بە گومانی پرسیارەکانی ناخم ئەداتەوە و دەڵێت: هەست بە بزواندنی پەنجەکانی دەکەم.

دەنگێکی تر کە بەدەنگی پڕلە ئـازاری دایکم دەچێت دەڵێت:

–ئارین ئەو ئێستا پێویستی بەتۆیە، بەردەوام بیدوێنە باناخی لەتاریکیدا نغرۆنەبێت. من کوڕی خۆم دەناسم، دەزانم بەهێندەی نیشتمان عاشقی تۆیە،ئەو چیرۆکانەی بۆ بگێڕە وە کە ناخی ئاسودە دەکەن.

ئەو پێم دەڵێت: من ئارین م، گوێم بۆڕادێرە!؟ با پێکەوە گەشتێک بەناو یادەوەریەکانی خۆماندا بکەین، با وەک دوو باڵندەی کێوی لەشەقەی باڵ بدەین و ئازادانە بەناو ئەندێشەماندا هەموو ئەو چرکەساتانەی کە خۆشترین و

جوانترین دیمەنی ژیانمان بوو، بەیادی خۆمانی بهێنینەوە.

لەگەڵ ئەوپەیڤانەدا جەستەم وەک تەمێکی بڵاو، هێدی هێدی چڕ دەبێتەوە. تەزوویەکی بەجۆش وەک پەرجویەک، هێزێک بە ئەندێشەی پەرتبووم ئـەدات و دەمخاتە نێو جیهانێکی ئەفسوناوییەوە. هەستدەکەم لە ئەوپەڕی بڵندی ئاسماندا دەفڕم. دەستێکم بەدەست ئەو شۆخە نازدارەوەیە، کە پێش چەند خولەکێک وەک بروسکە لەنێو تاریکی ناخمدا ونبوو. لەگەڵ فڕینم بە سەر گەواڵەی هەورەکاندا ئەو لەتەنیشتمەوە لەو نیگا ترساوەم دەڕوانێت، کە بەهۆی تیژڕەویمانەوە سیمامی تەنیوە. پێم دەڵێت:

-ئارام بە ئەوینم، لەیادت چوو پێت دەوتم ژیان بۆخۆی سەرکەشییەکی مـەزنـە، تەنها مـرۆڤـە بەهێزەکان تێیدا سەرکەوتوو دەبن!؟

لەگەڵ ئەو پەیڤانەدا گوڕێک بەخۆم ئـەدەم، دەمەوێت زیاتر بەرەو قوڵایی گەردوون بفڕم.پێم دەڵێت:

-ئەوەندە بڵند مەبە، با لەسروشتی مرۆڤایەتی بەدوور نەبین، ئێمە بەمرۆڤایەتییەوە بون و نرخمان هەیە.

بەدەستە ناسک و گۆشتنەکانی کە مەچەکە لاوازەکەمی بەتوندی گوشیوە، لەگەڵ خۆیدا بەرەو ناو چڕی هەورەکان کێشم دەکات. چڕی ئەو تەمەی ئاسمانی شاری ئورفەی داپۆشیوە، نیگاکانمان لەخۆیدا دادەپۆشێ. ئەو بەدەنگێکی پڕلە وزەوە گازم دەکات: «مەلیک جەستەت تەواو ڕاست

بکەرەوە با بەرگری هەوا خێرایی جەستەمان هێواش نەکاتەوە!؟»

من لە خۆم دەڕوانم و گومانم لەبوونی جەستەم هەیە،لەگەڵ ئەو تیژڕەوییەی کەبەرەو نزیکی ئەو شارە ڕۆدەچینە خوارەوە، هێڵنج ئەدەم. لەنێو ئەو تەمە چڕانەوە هاواری لێدەکەم و پێی دەڵێم:

- ئارین تکات لێدەکەم وانابێت، کەمێک ئارام بەرەوە خەریکە گەدەم دێتە دەرەوە!

ئەو کە سیمای لە نێو چڕی تەمدا تەڵخ بووە. بەدەنگێکی پڕلە خۆشبەختییەوە پێم دەڵێت:

-دیارە هەست بە بوونی جەستەی خۆت دەکەیت؟.

دەمەوێت بەرسیڤی پرسیارەکەی بدەمەوە،بەڵام دەنگم لە ناخی خۆمدا کپ دەبێتەوە، بە پەنجەکانم دەمەوێت وەڵامی بەڵێی بدەمەوە. دەستم دەسوڕێنم و هەوڵی ئەوە ئەدەم، دەست لەناو دەستی بنێم. نازانم ئەو چ فریشتەیەکە بەو ڕەفتارە لە مەرامی ناخم دەگات!؟ مەچەکم بەر ئەدات و دەست لە ناو دەستم دەنێت و دەڵێت:

-ئۆخەی کە گوێبیستی پەیڤەکانم دەبی، وەرە با بتگەڕێنمەوە بۆ ئەو ڕۆژەی یەکەمین جار بەدەنگم ئاشنا بویت و ئەوینی من لە ناختدا چرۆی کرد.

لەگەڵ ئەو پەیڤانەیدا خۆمان لە نێو ئەو کوچەو کۆڵانانەی (ئەیوبی) یەی شاری (ئورفە) دەبینینەوە، کە هەموو تەمەنی

منداڵیم تێدا بەڕێکرد.بەدەنگێکی پڕلە سۆزی ئەوینداریی‌یەوە بە گوێمدا دەچپێنێ و دەڵێت:

-ئێستا بیربکەرەوە لەو ڕۆژانەی کە بە ئێرەدا تێپەڕیت و گوێبیستی ئەو گۆرانییە بووی، کە ئەوینی منی لە تۆدا ڕوان.!

ئارین بەردەوام ئەمدوێنێ و یادەوەریم ئەژێنێتەوە. منیش وێنای ئەوڕۆژە دەکەم، کەبەهەستێکی پڕ لە وڵاتپارێزییەوە، بەناو کۆڵانەکانی گەڕەکی (ئەیوبی) یەدا بەرەو ماڵی (هەڤاڵ نەسرین) ڕێمدەکرد بۆ ئەوەی ئەو پەیامەی پێ ڕاگەیەنم کە هەموو ئەو چەکانەی لەلایەن هەڤاڵانەوە کۆکراونەتەوە گەیشتۆتە دەستم.

هێشتا لە نیوەی ئەو کۆڵانە تێپەڕ نەببووم کە پەنجەرەی ژورەکانیان ئەیانڕوانییە سەر ئەو کۆڵانە تەنگەبەرەی، کە مێژووی ئەم شارەی لەخۆیدا تۆمارکردووە! من لەئەندێشەی ئەوەدابووم چۆن ئەو چەکانەی لە ژێرزەمینی ماڵەکەماندا شاردبوومانەوە بیانگەیەنمە دەست ئەو هەڤاڵانەی ئامادەبوونی خۆیان دەربڕیبوو بۆ بەرگریکردن لە کۆبانێ،بجەنگن. ئەو گۆرانییەی کە ناخی هەموو شەڕڤانێکی وڵات پارێزی پڕلە جۆش و خرۆشی بەرخودان دەکرد، بەدەنگێکی پڕلە هەستی خۆشەویستی بۆ نیشتمان دەچڕا. هەموو هەست و نیگاکانمی بۆ لای ئەو پەنجەرەیەکێشکرد، کە تۆنەکانی وەک کانگای پەپولە بەناو

هەوادا بڵاو دەبونەوە. لەو ساتەدا بیرم لەوە دەکردەوە ؛ دەبێت ئەو شۆخە چەند عاشقی نیشتمان بێت وا بە تاسەوە لە کانگای دڵێکی پڕ لە خەمناکەوە دەچڕێ و دەڵێت:

کۆبانی ڕۆ خەمگینە
دشەوێ تێلاش بو خوینە
ئەسرینێ چاوان دەبارینە
ئاخ کۆبانێ..
ئاخ کۆبانێ..

مـرۆڤ کاتێک لـە دەرونـێکـی پڕلە خـەمـەوە گۆرانی دەچڕێت، هەموو هەستێکی ڕاستە قینەی ناخی لەو تۆنانەدا بەرجەستە دەکات لە گەروویەوە دێنە دەرەوە. من هەست بە بوونی ئەو خەم و ئازارەی ناخی ئەو شۆخە دەکەم کە هەستی خۆی بۆ کۆبانی لە و گۆرانییە دا دەردەبڕێت!! تا ئارامی بەو دڵە ناسکەی بدات، کە بە ئازاریەوە زامدارە.یان پێدەچێت شەرەڤانێک بێت و لەخەمی کۆبانێ ئازار بچێژێ.

ئەو هەستە هەڵوێستە یەک بە هەنگاوەکانم دەکات و بۆلای خۆی پەلکێشم دەکات، بە هێمنی بەرەو ڕووی ئەو پەنجەرەیە دەڕۆم کە قەدەری یەکتر ناسینمانی تیایە. تیشکی خۆری ئەو نیوەڕۆی هاوێنە، شیشی پەنجەرەکەی داخ کردووە، بەدەستە لەرزۆکەکانم دەیگرم و سەرم بۆناوەوە دەکێشم. لە نێو تاریک و ڕوونی ئەو ژورە بچکۆلانەیەی، کە تەنها ئەو دەنگە خەمناکەی تیا دەزرنگێتەوە، کیژێکی

نـازدار دیـاره لـەبـەردەم پارچە ئاوێنەیەک  بە دیـواری ژورەکەدا هەڵواسراوە بەدەم چڕینی گۆرانییەکەوە، پرچە ڕەش و درێژو خاوەکەی بەدەستە ناسک و گۆشتنەکانی دەهۆنێتەوە. ئەو بەردەوام بێئەوەی ئاگاداری دزە نیگاکانی من بێت، لە سیما پان و چاوە گەش و پڕلە سۆزەکەی خۆی دەڕوانێت، وای بۆدەچووم  بیەوێت لەو ئاوێنەیەدا جوانترین نیگا لە چاوەکانی خۆیدا بدۆزێتەوە.

نیگاکانم دەگوازمەوە بۆ سەر ئەو بەژن و باڵایەی، کە لە ئەندێشەی مندا بەبەرگی شەرەڤانییەوە پەراوەی ڕەفتارە بزێوەکانی خۆی دەکات، بەڵام ئەو بە ماکسییەکی ئاودامانی ڕەنگ پەمەیی کاڵەوە خۆی لەبەردەم ئەوپارچە ئاوێنە دا ئەلاوێنێتەوە،پێدەچێت لە ئەندێشەی خۆیدا بەئەوینی خۆی وێنای بکات.

ماوەیەک لەو دۆخەدا سەرنجەکانم لەسەر ئەو ڕەفتارە پڕلە جوانییەی بوو کە لە هەستی ڕاستەقینەی ناخیدا سەرچاوەی گرتبوو. دڵم هۆگری ئەو دەبێت و ئەویش لە بێئاگایی مندا دڵی خۆی ئەلاوێنێتەوە، لەو ساتەدا ڕۆحم لە ئاوێزانی ڕەفتارە سۆز ئامێزەکانیدا تەواو مەست بووە. ئەو هەست بە دزە نێگاکانم دەکات و بەرەو پەنجەرەکە نێزیک دەبـێـتـەوەو منیش لـە نـێـوان بـیـری هەڵهاتن و مانەوەمدا تێراماوم. کاتێک دەگاتە بەردەمم وپەنجەرەکەم لێ واڵادەکات و بە نیگایەکی نامۆوە پێم دەڵێت:

–بۆچی لێم دەڕوانیت؟.
لەو ساتەدا بێئەوەی بیر لە شتێک بکەمەوە بەرامبەر ئەو ڕەفتارە دزێوانەی کردبووم بە هەستێکی پڕلە شەرمی لاوێتییەوە پێی دەڵێم:
–ئەو ئاوێنە بێ هەستە هەرگیز ناتوانێت هەست بە خەمی ناخت بکات، ئەو تەنها ڕەنگدانەوەی نیگاکانی خۆت بۆ وێنادەکاتەوە، دەزانم چ خەمێکی مەزنی نیشتمان دڵی گران کردوویت، بۆ یە بەو هەستەوە گۆرانی بۆ کۆبانی دەچڕی!.
پێشبینی ئەوە دەکەم بەمستەکۆڵەیەک بەرسیڤم بداتەوە، بەڵام خەندەیەکی شیرین گرژی سیماپان و خاڵ خاڵاوییەکەی دەگەشێنێتەوە و پێم دەڵێت:
–ناوت چییە؟
–مەلیک، ئەی تۆ؟
–ئارین.
دەمەوێت چێژ لەو نیگا پڕسۆزەی ببینم کە جوانییەکی بێئەندازەی بە سیمای بەخشیوە. ئەو بەو پرسیارەی کە لەسەر دڵی بۆتە گرێ، بەخۆم دێنێتەوە و پێم دەڵێت:
–لەکەیەوە چاودێریم دەکەیت؟
من کە بۆخۆشم نازانم لە چ هەستێکەوە وابە خێرایی هۆگری بووم،ئایا ئەو گۆرانییە، کە لە هەستێکی پڕ لەوڵات پارێزییەوە دەیچڕی، یان تینوێتی دڵم بوو بۆ نیگا جوان و پڕلە تەلیسمەکەی؟؟

ماوەیەک لەناخی خۆم ڕادەمێنم و بەتاسەوە لەو چاوە گەشانەی دەڕوانم کەلە چاوەڕوانی هەستی مندا لەسەر سیما شپرزەکەم لەنگەریان گرتووە، نازانم چۆن ئەو وشانە بەبێ ویستی خۆم لەزارم دێنە دەرەوە!؟ پێی دەڵێم:

-تۆ زۆر لەوە جوانتریت کە ئاوێنەکەت پێت دەڵێت!.

ئەو بەبیستنی ئەو پەیڤانە، بە پێکەنینێکی پڕلە شەرمەوە بەرسیڤم ئەداتەوەو کەمێک سەری نەوی دەکات. وەک بیەوێت لەپەیڤەکانم دڵنیابێتەوە، بە ددانەسپی و وردەکانی لێوی دەکرۆژێت و پێم دەڵێت:

-تۆ دراوسێمانی یان تەنها ڕێبوارێکی ڕاگوزەری؟.

ئەو پەیڤانەی گوڕێک بەناخم ئەداو هەستەکانم لەو شەرمە ڕادەماڵێ، کە سیمای تەنیبوم، بە خەندەیەکەوە پێی دەڵێم:

-ئەم کۆڵانە ڕێچکەی ڕۆژانەی منەو هەموو ڕۆژێک بە ئاوازی ئەو گۆڕانییەی تۆ ناخم ئاو ئەدەم،بەڵام بۆچی تا ئێستا تۆم نەبینیوە؟ من تامەزرۆی ناسینی ئەو دەنگەت بووم.

ئەو بە خەندەیەکی خەم ئامێزەوە پێم دەڵێت:

-لەوەتەی وازم لە خوێندن هێناوە بەردەوام بەکاری ماڵەوە سەرقاڵم، زۆربەکەمی دێمە دەرەوە. بەگومانێکەوە لە چاوە پڕلە پرسیارەکانم دەڕوانێت و دەڵێت:

-تۆ شەرڤانیت ؟.

من که زۆربەی ڕەفتارەکانم لەناو هەستێکی پڕلە نهێنیدا پەنهانبوو، بەڵام ئەوینی ئەو ناچارم دەکات ڕاشکاوانە پێی بڵێم: «پێویستە هەموومان وەک شەڕڤانێک بیربکەینەوە و بجەنگین. ئەگەر وانەکەین دەبێت هەمیشە بەسەرشۆڕی ژیان بکەین!».

ئەو بە نیگایەکی تاڵەوە لێم دەڕوانێت و بەدڵێکی خەمناکەوە دەپەیڤێت:

-کەواتە تەنها ئەو گۆرانییە هەستی تۆی بۆلای من کێشکردووە؟.

ئەو وەڵامەی دەمخاتە نێوان گومانی هەستەکانمەوە، نازانم چۆن بەرسیڤێک بۆ ئەو شۆخە مەکربازە لە خۆمدا بدۆزمەوە. ئەو کەلە چاوەڕوانی بەرسیڤی مندا دەستە سپی و گۆشتنەکانی لەسەر تاقی پەنجەرەکە لەسەر یەک ناوە، چاوە ڕەشەکانی لەسەر سیما شپرزەکەمە. لەو ساتەدا زەنگی تەلەفۆنی )هەڤاڵ نەسرین) لەو دۆخە دژوارە قوتارم دەکات، بە دەنگێکی پڕ لە گومانەوە پێی دەڵێم:

-دەتوانم بتبینمەوە؟.

بە خەندەیەکی پڕلە سۆزەوە پێم دەڵێت: ئەی بۆنا هەرکات هاتیت، با گۆرانی کۆبانی نهێنی نێوانمان بێت.

# 2

نازانم کاتەکان چۆن تێدەپەڕن، بێئاگام لە خۆم، دەنگی ئەو وەک بارانێکی بەخوڕ بیابانی ڕۆح پاراو دەکاو هاژە و خوڕەی تاڤگەی ناخم دەژێنێتەوە. دەمارەکانی هەموو جەستەم وەک لق و چڵی دارێکی تینوو بۆژیان دەژێنەوە و چرۆدەکەن. نازانم ئەو دەنگە، دەنگی ئارین ی ئەوینی منە،لە گوێکانمەوە ئاوەدانی بە نێو چۆڵی ناخمدا دێنێتەوە ؟. پێم دەڵێت: خەوتبوویت؟ یان هەرلە بێئاگایی خۆتدا ژیان دەکەیت.

بەپەیڤەکانیدا لەوە تێدەگەم کاتێکی زۆر بەسەر ڕۆیشتنیدا تێپەڕیوە. دەمەوێت زمانم هەڵبێنم و بەرسیڤی بدەمەوە و پێی بڵێم: «لەم دۆخە دژوارەدا لێم دوور مەبەو مەهێڵە تەنهایی ناخم بۆخۆی لوش بداو بوونم بسڕێتەوە!؟» بەڵام هەستەکانی ناخم ئەوەندە بەجەستەم نامۆ یە، هێزی ئەوەم نییە لێکیان بدەمەوە و بەرەفتارەکانم ئەو هەستەی پێ ببەخشم کە لە چاوەڕوانیدا نائارامە.

تەنها بەو پەیڤانەی کە لە هەستێکی پڕلە ئومێدەوە دێنە دەرەوە، پێم دەڵێت:

-پەنجەکانی دەستت بەهێمنی دەبزوێن، ئەوە دڵخۆشم دەکات کە دەنگم دەبیستی. لێم گەڕێ با چیرۆکی ئەو دەستنوسەت بۆ بگێڕمەوە، کە بە وێنەی لاپەڕەکانی مێژووی خۆی دەناسێنێت. خۆزگە ئێستا دەهاتیتە گۆو پێت دەگوتم ئەم دەست نوسەت لەکام زەمینی ئەم گەردوونەدا دۆزیوەتەوە!؟ پێدەچێت لەپێناوی ئەوەدا برینداربوویت. ئەوە زمان و هاواری کام خاکە لەتاوانی داگیرکارانیدا ئێستا دێتە گۆ، تۆ بڕوانە لەسەر ئەو بەرگەی کە پێدەچێت بە ئامێرێکی تیژ هەڵکۆڵدرابێت نوسراوە (هەموو ئەو تاوانە بۆ ڕۆحی دایکم دەگێڕمەوە ) تۆ بزانە ئەو لاپەڕانەی دەبێت لە چەرمی چ ئاژەڵێکی بەهێز دروستکرابێت، تا ئێستا بەنەرمی ماوەتەوە و نوسینەکانی نەشێوێنراوە... دیارە ئەم دەستنوسەت بەلاوە زۆر مەبەست بووە، هەربۆیە

لەنێو سنگی خۆت پاراستووتە. دەزانم بەهۆی ئەو ڕێنوسە عەرەبییەوە تۆناتوانیت بیخوێنیتەوە، دەمەوێت ئەمڕۆ بۆت بخوێنمەوە بۆئەوەی دەرونت پێی ئاسودە بێت.

دەڵێت:

هۆ دایەگیان. . بزانە لەدوای کۆچی تۆ چی ڕویدا!! دەمەوێت هەموو ئەو ڕوداوانەت بۆ بگێڕمەوە، کە سەربڕەکان بەسەریان هێناین. دەمەوێت لەڕێگەی ڕۆحی پاکژی تۆوە، سکاڵای ئێمەی ناپاک، بگەیەنێت بۆلای خوداوەندی مەزن (ئەهورامەزدا). ئێمە بەویستی خۆمان نەبوو ئاگرمان بەنەفرەتکرد! ئەوە زۆرداری ئەو سەربڕانە بوو، کەبە زەبری شمشێر ناچاریان کردین نەفرەت لە بوونی خۆمان بکەین. تەنها (یەسنا) نەبێت وەک گەردەلولێک لەئاگرو تەم بە ئاسماندا هەڵکشاو بەجێی هێشتین. هۆدایەگیان.. ئەو یەسنایەی کە تۆ بە خۆشەویستییەوە پەروەردەت کردو گەورەت کرد،ئەو یەسنایەی وەک ئێمە دەژیاو بەرگی دەپۆشی و ڕۆژانە وەک هەموو کچانی ئاوایی کاری دەکرد و ڕەزە و گەوڕو ماڵەکەمانی خاوێن دەکردەوە و ماندوو دەبوو، پشووی ئەداو نان و ئاوی دەخواردو و بەوێنەی ئێمە ڕەفتاری دەکرد، ئەو لەمرۆڤ نەدەچوو،دڵنیابە لە فریشتەیەک دەچوو، کە ئەهورامەزدا بۆ خۆشبەختی ئێمە ئەفراندبووی. دەمەوێت باسی ئەو ڕۆژەت بۆ بگێڕمەوە، کە تەنها من هەستم بە نهێنی هێزی یەسنا کرد.

لەدوای مەرگی تۆ، هەموو ئەو بەڵێن و ڕێنمایییانەی لەسەرەمەرگی خۆتداپێت سپاردم هەموویانم پەیڕەو دەکرد. دەمزانی گومانت لەو ئەرکە هەبوو بەهۆی کەمی تەمەنمەوە، کە تۆ بەجێت هێشتم تەنها هەشت بەهار بووم. بۆخۆیشم نەمزانی چۆن ساڵەکانم بەبێ تۆ بەڕێکرد!؟ هەموو سپێدیەک زوو لەخەو ڕادەبووم و بەهۆی ساردی کەشەکەوە ئەو (پەستەک)ەی لە خوری مەڕەکان بۆت دروستکردبووم بەسەر شانمدا ئەدا و هەموو مەڕومالآتەکەم لە خانەکەدا وەدەردەناو بەرەو پێدەشتەکانی بەردەم ئەوپەرستگایەی، کە هەمیشە یەسنا بەدرێژایی ڕۆژ لێی دەمایەوە بلآو دەکردەوە. تا بە ئارەزووی خۆیان بلەوەڕێن.

ژیان تەواو سادە و ئارام بوو، وەک هەموو ئەو ڕۆژانەی کە پێکەوە لەنێو ڕەزەکاندا، لە ژێر تیشکی وزە بەخشی ژیانی خۆردا ترێمان ئەڕنییەوە و دەمانکردە نێو ئەو سەبەتە گەورانەی دایە گەورەم بەئەزموونی چەند ساڵەی خۆیەوە بۆ هاوماڵەکانی ئاوایی دروستی دەکردن. کاتێک سەبەتەکانمان پڕکرد لەو هێشووە ترێیانەی کە هەر دەنکێکی لەڕەشیدا دەبریسکایەوە، تۆ بۆڵێکت لەنێو دەستی خۆت دەناو سەرت بۆ ئاسمان بڵند دەکرد، ڕۆشنایی تیشکی ئەو خۆرەی کەلەناوەڕاستی ئاسماندا بەتاسە وە لە نیگای سپی و بێگەردی تۆی دەڕوانی، هەستێکی پڕلە ژیان و ئومێدی لە دەروونی مندا دەئافراند.

به دەنگێک کەتێکەڵ بەدەنگی جریوەی چۆلەکەلاسارەکان و گمە گمی کۆترەماڵییەکانی ئاوایی دەبوو لەبەرخۆتەوە دەتگوت:

–سوپاس بۆ تۆی ئافەریدەکار سروشتێکی جوان و پڕلە ژیانت بە ئێمەی ئافەریدەی خۆت بە خشیوە بەڵێن بێت بە گفتەکانی (پیرشاهۆ) ئێمەی مرۆڤ، هەتا لە نێو ئەم خاکەدا ژیان بکەین وەک چاوەکانی خۆمان بیپارێزین و هەمیشە خاوێنی بکەینەوە.

من کە چاوەکانم لە سەر ئەو ڕەفتارە نامۆیانەی تۆ ڕامابوو کە ئەو هێشووە ترێیەی لەنێو لەپی هەردوو دەستە باریک و سپییەکانتدا، بۆ ئاسمان بڵندت کردبوو نزات بۆ بەدیهێنانی جوانی ژیان و ئارامی و خۆشبەختی من دەکرد. لە ئەندێشەی خۆمدا وێنای (ئەهورامەزدام) بە وێنەی خۆرێکی پڕشنگدار دەکرد و لە بڵندی ئاسمانەوە دەهاتە خوارەوە و بەگەرمی خۆی وزەیەکی پڕلە ژیان و ئومێدی بە جەستەو ناخم دەبەخشی.

بەوێنەی ئەو ڕۆژە.. دیمەنی ئەو چەمەی، کەلە قەلای (جوڵندی) یەوە درێـژی دەکێشا، تا بەری خوارەوەی پێدەشتەکانی ئەو شاخەی کە پەرستگاکەی لێیە، تاچاوی مرۆڤ بڕی بکردبا هەموو دارو دەوەن و دەشتەکان بەڕەنگی سەوزی خۆیان ئەو ناوەیان بە هەستێکی پڕلە ژیان ڕازاندبۆوە. خوڕەی ئەو چەمەی سەرچاوەی ژیان

بوو بۆ هەموان، ئاوازێکی بەجۆشی لەگەڵ ئەو دیمەنە سەرسوڕهێنەرەدا ئەبەخشییە مرۆڤ. مەڕەکان لەو لەوەڕە پاکژەدا بڵاو ببوونەوەو منیش بەو شمشاڵەی باوکم لە داری قامیش بۆی دروستکردبووم، بەیادی تۆوە ئەو ئاوازەم ئەژەنی کە هەموو شەوانێکی زستان باوکم لە بەردەم ئاگردانەکەدا بۆ میوانەکانی ئەژەنی. لەو ڕوژەدا ئەندێشەم ئاوێتەی ئەو یادەوەریانە بوو، کە زۆربەی ڕۆژەکانی سەرەتای بەهارمان تێدا ڕێدەکرد.

لەو ساتەدا بەدەم ژەنینی شمشاڵەکەمەوە لە دیمەنی بڵندی و سەختی ئەو شاخەم دەڕوانی، کە ئەشکەوتی پەرستگاکەی لێبوو. لەناکاوێکدا ڕۆشناییەکی بەهێزم بەدیکرد، کەبەپڕشنگی خۆر دەچوو، تێکەڵ لەهەموو ڕەنگێک کە دەرچەی پەرستگاکەی لە ڕۆشنایی خۆیدا ونکردبوو،سەرنجەکانمی بۆلای خۆی کێشکرد. زۆرجار ئەوەندە بەهێز دەبوو بەوێنەی تەمێکی خەست لەدەرگای ئەشکەوتەکەدا بەئارامی دەهاتە دەرەوە.

دایکە گیان.. ئەو تیشکە تیشکێکی ئاسایی نەبوو نەبە خۆر دەچوو، نەبە پڕشنگی ئاگر. ئەو تیشکە بەوێنەی پڕشنگی زێڕینی زەردەشتی مەزن دەچوو، کە (وەستا پیرۆت) لەسەر ڕووی ئەو تاشەبەردانەدا دروستی دەکردن و ئەی بەخشیە ئەو لاوانەی کەماڵی نوێیان پێکەوە دەنا.

شمشاڵەکەم ئاخنییەپشتینەکەم و بەپڕتاو بەو دەشتە

لێژو هـــەورازەدا کـە دەگـاتـەوە بـەردەمـی ئـەو شاخەی ئـەشکـەوتـەکـەی، لێیە ڕامـکـرد. هـەتـا گـەیشتمە نێزیکی شاخەکەوە هەناسەم تـەواو سـوار ببوو، لـەبـەردەم ئەو پلیکانەی کەلـە تـاوێـری ئـەو شـاخـەدا دروسـتـکـرابـوون بۆگەیشتن بە دەروازەی ئەشکەوتەکە،کە تیشکێکی زێڕینی لێوە دەهاتە دەرەوە پشویەکم دا. لەو ساتەدا گوێکانم بۆ ژاوەژاوێـک هەڵخستبوو، کە لەئەشکەوتەکەوە دەهاتە دەرەوە، تێنەگەیشتم لەو دەنگە سامناکەی کە ترسێکی گەورەی لە ناخمدا بزواند. چەندجارێک بیری پەژیوانیم بۆ ناو پەرستگاکە مێشکی داگیر کردبووم، دواتر ئەو پڕشنگەزێڕین و نامۆیەی کە ویستی بینینی لەناخمدا زاڵتردەکرد. هێزی ئـەوەی پێبەخشیم بە هەستەوەرییەکەوە بەپلیکانەکاندا تا دەمی ئەشکەوتەکە سەرکەوم. پێش ئەوەی بەتەواوی لـــەدەروازی ئەوشکەوتەکە نێزیک ببمەوە، گەرمییەکی زۆر بەتین هەمووجەستە لاواز و پڕماسولکەکەمی هێنایە سەر ئاو. وای ئەوە چ ئەفسونێک بوو دایە،هەتانێزیکتر دەبـوومـــەوە جەستەم زێدەتـر ئـاوی لـێدەچۆڕا! لەگەڵ گەیشتنم بە دەرچـەی پەرستگاکە،هەستمکرد لەنێو ئەو تیشکە نامۆیەدا تەواو ڕۆچووبووم، ئەو پێدەشتە سەوزوو فراوانەی دامێنی شاخەکە بەتەواوی لە پێش چاومدا وون ببوو. بەهۆی بەهێزی پڕشنگی ئەو تیشکە نامۆیەوە توانای بینینی ناو ئەشکەوتەکەم بەتەواوی نەبوو. بەڵام دەنگی

هـاواری پڕله پاڕانەوەی (یەسنای فریشتەم) ژنەفت، کە پڕبەگەرووی هاواری دەکرد و دەیگوت:

«تکات لێدەکەم ئەهورای مـەزن... ئەی ئافەریدەگاری ژیـان و جوانی گــەردوون، من ناخم لە هەموو گوتارو ئەندێشەو کردارێکی خراپ خاوێن کردۆتەوە. داوات لێدەکەم بەشێک لە هێزوو ووزەی خۆتم پێ ببەخشیت، تا بتوانم لە ڕێگەیەوە خاک و ئاو و هەواو ئاگری سەرچاوەی ژیانی پێ بپارێزم و ئاشتی و ئارامی بۆمرۆڤایەتی بهێنمەدی.. دەمـەوێت لە ڕێگەی ئـەو ئەفسونی هـێزەوە، نـاخ و دڵی هەموو ئەو مرۆڤانە خاوێن بکەمەوە، کە شەوانە ئەندێشەی خراپ لە ڕەفتارو گوتارو کردارەکانیان ڕەنگ ئەداتەوەو تابەرەبەیان خەونی پێوە دەبینن. هێزێکم پێ ببەخشە تا ئەم زەمینە خاوێنە لەدەستی بەد ڕەفتارەکان بپارێزم».

مـن کـەلـە تەنیشتی دەرگـاکـەوە خـۆم مـەڵاس دابـوو بەهۆی بەهێزی ئـەو تیشکەوە دەستم بە چاوەکانمەوە گرتبوو،بەڵام دەنگی یەسنا ئەو ترسەی ناخمی ڕەواندەوە کە هێزی چوونە ژورەوەی لێبڕیبووم. گوڕێکم بە جەستەی خوساوی خۆم داو بەرەو ناو پەرستگاکە چوومە ژورەوە، لەو ژورەی کەلەلای دەستی ڕاستی ئەشکەوتەکەدا بوو، یەسنام بینی، لەناوەڕاستی ئـەو ژوورەدا بـەڕووتـی بە پێوە وەستابوو،جەستە سپی و گۆشتنەکەی دیمەنێکی ئەفسوناوی بە چاوەکانم دەبەخشی جیاواز لە هەموو ئەو

ڕۆژانەی لەنێو ئاوی سازگاری چەمەکەی نێزیکی ئاوایی دەمبینی کە خۆی تیا خاوێن دەکردەوە، جەستەی ئەو لەنێو نیوە تاریکیدا وەک مانگ پڕشنگی ئەدا و ئەدرەوشایەوە، بەچواردەوریدا حەوت نێوەگۆزەی لە قوڕدروستکراوبوون، بەدەوری خۆیدا بەشێوەی بازنە ڕیزی کردبوون و لەنێو نیوە گۆزەکانەوە ئاگرێکی بەتین تا کەمەری یەسنا بڵند ببوون و هەریەکەیان ڕەنگێکی جیاوازی بە تاریکی ئەو پەرستگایە دەبەخشی. من لە تەنیشت دیواری ئەو ژوورەوە بە نهێنی چاودێری ڕەفتارەکانی یەسنام دەکرد کە هەردوو دەستە سپی و سۆڵ و گۆشتنەکانی بۆئاسمان بڵند کردبوون، بێئاگا لەمن چاوەکانی داخستبوو، سەری بۆ بنمیچی ئەو ژوورە بڵند کردبوو، بە هێمنی بە دەوری خۆیدا دەسوڕایەوە و ئەو وتانەی دوبارە دەکردەوە، کە پێشتر ژنەفتبووم.

ئای لە دیمەنی جوانی یەسنا، ئای لە جوانی ڕەنگی ئەو جەستە نەرم و نیانەی، کە ئاوێتەی ڕەنگی ئاگرەکان ببوو،ئای لە باڵای بڵندی یەسنا چۆن تا نێزیکی بنمیچی ئەشکەوتەکە هەڵکشابوو!!، هەرگیز یەسنام بەو دیمەنە جوان وهەمە ڕەنگەوە نەبینیبوو. هەرکاتێک ڕووی سپی و ناسکی یەسنا دەگەیشتە بەردەم یەکێک لە گۆزەکان، ئاگری ئەو گۆزەیە بەهێندەی باڵای بەرزی خۆی بڵندتر دەبوو، وەک ئەو ئاگرە ڕۆحێکی زیندووی تیا بێت و بەو ڕەفتارەی وەڵامی جوڵە نەرمەکانی یەسنا بداتەوە، ئاوا ڕەفتاریان

دەکـرد. پڕشنگی ئـەو ئاگرانە وەک ئـەو ئەستێرانەی لە شەوانە ئاسمانی سامالّدا دەمبینین دەکشان و پاشان لەنێو جەستەی یەسنا ون دەبوون. ئاوا بەبڵاوی بەهەموو لایەک و دیواری ئەو پەرستگایەدا بڵاو دەبوونەوە و هەندێکیان لە نێو دیوارو تاشە بەردەکانیدا، خۆیان دەشاردەوە.

ئای دایەگیان...ئەوەی بینیم چ دیمەنێکی ئەفسوناوی بە چاوەکانم دەبەخشی، هەموو دیواری پەرستگاکە بەوێنەی ئاسمانێکی پڕلە ئەستێرە ئـەدرەو شـایـەوە! لـەو ساتەدا بەخۆم گوت: «ئای خودایە من لەکوێدام و چی دەبینم»، واهەستم بەخۆم دەکـرد، لەخەونێکی مندالّی خۆمدابم و ئارەزووی بەئاگاهاتنەوەم نەبێ، بەڵام متمانەم پێبکە دایکە، ئەوە خەون نەبوو، ئەوە ڕاستییەک بوو من لەو ئەشکەوتەدا بینیم. یەسنا ئەوەندە بەدەوری خۆیدا سوڕایەوە و نزای کـرد، کە توانای ئـەوەی نەمابوو خـۆی بە پێوە بگرێت. لەناکاوێکدا لە جێگەی خۆیدا لەنێو بازنە بەستی ئەو گۆزە پڕلە ئاگرانەدا بە هێمنی و بێدەنگی لەسـەر ئەژنۆکانی کەوت و دەستەکانی بەهەردوولای خۆیدا شۆڕکردەوە و چاوەگەشە ڕەنگ هەنگوینیەکانی بە هەمیشەیی بەئاراستەی بنمیچی پەرستگاکە هێشتەوە. لەو ساتەدا ئاگری گۆزەکان وەک ئەوەی بیانەوێت بە ڕەفتارە بزێوە کانی خۆیان یەسنا بەئاگا بهێننەوە، تادەهات زێدەتر بڵند دەبوون، تائەو ئاستەی گڕەکانیان دەگەیشتە نێزیکی بنمیچی ئەشکەوتەکە. من لەو

دیمەنەدا تێبینی هەریەک لەو ئاگرانەم کرد، کەبەربنمیچی پەرستگاکە دەکەوتن و هەریەکەیان وێنەی پیاوێکی پیرو بەتەمەنیان نەخشاندبوو کە ڕیشیان بە وێنەی ڕیشی بابەگەورەم درێژ بوو.هەموویان لە دیمەنی ڕاکشاوی یەسنایان دەڕوانـی کەجەستە سپییەکەی ڕەنگی هەموو ئاگرەکانی گرتبوو.

ئەوانە مرۆڤ نەبوون دایکە.. ئەوانە بەڕۆحی ئەو موغانە دەچـوون کە بابەگەورەم لەشەوە ساردەکانی زستاندا چیرۆکی نەمری ئەوانی بۆمن و یەسنا دەگێڕایەوە. لەو ساتەدا سەرنجم کەوتە سەر یەکێک لەو دەمووچاوانەی، کەڕەنگی ئاگرەکەی تەواوسپی بـوو، بە دەنگێکی پڕلە ئەفسونەوە، کەلە هەموو شوێنێکی پەرستگاکەدا دەنگی ئەدایەوە وتی:

–من هێزی ئاشتی و خاوێنی و جوانیم... هێزی ئەوەت پێدەبەخشم، هەمیشە بەجوانی و شێوەی خۆت بمێنیتەوە و دەرونت ئارام و بێگەرد بێت، لە هەموو هەستێکی تاوان.

ئاگرە سورەکە بەهەمان تۆنی ئەویتر وتی:

–من هێزی خۆشەویستی ئەهورایت پێدەبەخشم، تا بتوانیت لەنێو بـاوەڕدارانـی خۆتدا پابەندبیت پێیانەوە، خۆشەویستیان بۆیەکدی زێدەتربکەیت و ژیانێکی ئارامیان پێ ببەخشیت.

ئاگری سەوز وەک ئەوانی دی هاتە گۆو وتی:

-من بەڕەنگی خۆم، هێزی نەمری و خۆشەویستیت بۆژیان پێدەبەخشم، بۆئەوەی درێژە بە ئەندێشەی چاکی مرۆڤایەتی بدەیت.

ئاگری زەرد وتی:

-من هێزی متمانەت پێدەبەخشم، بۆئەوەی لەسەر بڕیارو بیرکردنەوە چاکەکانت جێگیربیت و بە متمانەیەکی بەهێزەوە کردارو ڕەفتارەکانت بەئەنجام بدەیت.

ئاگری پەمەیی وتی:

-من هێزی وزەو بەردەوامی ژیانم، توانای ئەوەت پێدەبەخشم هەموو هێزوو وزەی جەستەو دەرونت بۆ کارو بیرکردنەوەکانت کۆبکەیتەوە و بیانکەیتە هێزێکی ئەفسوناوی مەزن، بۆ بیرکردنەوە و کارەکانت.

ئاگری شین وتی:

-من هێز و توانای بیرکردنەوەی بێسنورت پێدەبەخشم، بۆئەوەی لەهەموو کارێکدا توانای داهێان و چارەسەری کێشەکانت هەبێت.

ئاگری وەنەوشەیی دەیگوت:

-من هێزی ڕۆحم، توانای ئەوەت پێدەبەخشم، ڕۆحت بۆ خوداپەرستی و ئەهورامەزدا بەهێز بێت و وەک ڕۆح هەمیشە بەنەمری بمێنیتەوە.

هەموویان کاتێک بەیەک تۆن بۆیەسنا ئەدوان، هەستێکی ئەفسوناوییان بەناخم دەبەخشی، لەجێگەی خۆمدا جوڵەم

لە خۆم بڕیبوو، ترسی ئەوەم هەبوو جوڵەیەکم کاریگەری لەسەر ئەو دۆخەبێت و ئەو ڕۆحانەی هاتبوونە میوانی یەسنا، هەڵبێن و نەگەڕێنەوە.

دواتر هەستم بە جوڵەی یەسناکرد، چاوە گەورەو گەشەکانی،کە ڕەنگی هەموو ئاگرەکان شێوەی خۆیانی تیا نواندبوو زێدەتر کردەوە. چاوێکی بەدیمەنی وێنەی هەموو ئەو ڕۆحانەدا گێڕا، کەلە بنمیچی پەرستگاکەوە وێنای ئاگرەکان دروستیان کردبوو، لەو ساتەدا نازانم ئەو ڕوناکییە هەمەڕەنگ و بە هێزە لە کوێی ئەو ئەشکەوتەوە هاتبوو لەسەر سەری یەسنا وە دەرکەوت و بە وێنەی خۆر ئەدرەوشایەوە وپڕشنگێکی بەهێزی بە نیگاو هەموو جەستەی ڕووتی یەسنا دەبەخشی. لەنێو ئەو پڕشنگەدا، وێنەی پەیامبەری مەزن (زەردەشت)م بینی، کەلەنێو بەهێزی ئەو ڕوناکییەدا دەهاتەدەرەوە، تەواو بەوێنەی ئەو تابلۆیانە دەچوو کە وەستا (پیرۆت) لەسەر تاوێرو بەردەکانی هەڵی دەکۆڵین.

ئای دایە...متمانەم پێبکە، چۆن ئەوڕوداوەم بینی ئاوا بۆت ئەگێڕمەوە! ئای لە جوانی بێوێنەی سیمای پەیامبەرمان زەردەشت، پڕشنگی سیما جوانەکەی چ هەستێکی پڕلە ئارامی و خۆشەویستی ژیانی لە نێو دەرونمدا ئەفراند!!پەیامبەر قاپێک لەنێو هەردوودەستە جوان و پڕلە میهرەبانەکانیدابوو، کەتەواو بەوێنەی ئاوێکی

ڕوون دەچوو، پێدەچوو لە ئاوێکی تـەواوڕوون و بێگەرد دروستکرابێت،لەنێویدا، ئەو شەرابەم بینی، کە ڕەنگێکی وەنەوشەیی هەبوو، شەرابەکە تا نزیکی لێواری قاپەکە پڕببوو. دەستەکانی بۆ یەسنا درێـژکـرد، کەچاوەکانی لەسەرقاپەکە بوو. ئای لەو دەنگە زوڵاڵ و ئارامبەخشەی، کەلە گەرووی پەیامبەر دەهاتە دەرەوە! بە یەسنا ی وت: «کاتێک هەموو ئەو شەرابە دەخۆیتەوە، هەموو خواستە پیرۆزەکانت دێنێتە دی».

یەسنا بە نیگایەکی پڕلە شەرم و ئومێدەوە بەهەردوو دەستـی شـەرابـەکـەی لـە دەستـی وەرگـرت، لـەوە دەچـوو زۆر لە مێژ بێت تونێتی تەنی پێهەڵچنیبێت، دەمی بە کاسە شـەرابـەکەوە نـاو هەتا دوایـن دڵۆپی خـواردەوە دەمـی لێ بـەرنـەدا. لەگەڵ تـەواو بوونیدا واهەستمکرد لە خەونێکی تەواو قوڵدا بووبم و بەئاگابێمەوە، هەموو شتێک و هەموو ئەوانەی لەو دۆخـەدا ڕوویـانـدابوون، هیچیان نەمان و لە چاو تروکانێکمدا بزر بـوون. ئەوەندە نەبێت تەنها بەهۆی ئەو ئاگرەی لە پەرستگاکەدا بۆ (ڕوناکی و ستایش و نیاش) لەسەر سەکۆکە دانرابوو، جەستەی درێژبووی یەسنای لەنێو ئەو تاریکیەدا ڕۆشندەکردەوە.لەو دۆخەدا من ترسی ئەوەم هەبوو یەسنا بەهۆی ئەو شەرابەوە شتێکی بەسەر هاتبێت. نەمانی لەناکاوی ئـەو دیمەنە ئەفسووناوییە تا ماوەیەک هەستێکی نامۆی لادروستکردبووم، هەمیشە وەک خەونێک

دەهاتەوە پێش چاوەکانم. متمانەم پێبکە دایکەگیان... تائەو شەوەی جەستەی یەسنا لە نێو شەڕی سەربڕەکاندا بۆئاسمان هەڵکشا، وامدەزانی هەموو ئەو دیمەنانەم بە خەون بینیوە.

چاوەکانم لەسەر جەستەی سپی یەسنابوو، کەلەنێو نیوەتاریکی ئەو شوێنەدا ئەدرەوشایەوە ترسی ئەوەم هەبوو شتێکی بەسەر هاتبێت. بەشەرمێکەوە ئەو کراسە سپییەی لەنێزیکی خۆیەوە دای نابوو لەبەرم کرد. چەندجارێک گازمکرد «یەسنا. یەسنا».... وەڵامی نەدامەوە، بۆخۆیشم نەمدەزانی لە نێو ڕاستی و ئەندێشەی ئەو ڕوداوەدا چۆن خۆم یەکلایی بکەمەوە. کاتێک سەریم لە نێو باوەشی خۆم نا، پرچە زەردو درێژەکەی لەنێو قەدوو جەستەی ئاڵابوو. لەو ساتەدا هێزی گریانێکی بەکوڵ لەناخمدا هەڵدەقوڵاو فرمێسکی چاوەکانم بەسەر نێوچەوانی ئەو دا دەکەوتنە خوارەوە.بەڵام بەخۆهاتنەوەی یەسنا ناخمی لەو ترس و گومانە ئارامکردەوە. کەمێک ئەو لە دیمەنی شێواوی منی ڕوانی و وتی: «من لە کوێم»؟ نەمدەزانی چۆن وەڵامی بدەمەوە. بەگوڕێکەوە لە جێگەی خۆی بڵند بوو، لەوە ئەچوو بیر لەشتێک بکاتەوە، کەمێک لە خۆی ڕاماو پاشان پێی وتم: «بڕۆ بەلای مەڕە کانتەوە، خەریکە دەچنە نێو ڕەزەکانەوە»!. کە ئەوەم ژنەفت بەڕاکردن لەپەرستگاکە هاتمە دەرەوە، کاتێک لەسەر پلیکانەکانەوە ڕوانیم، هەموو مەڕەکان لەنێو ڕەزە کاندا بڵاو ببونەوە.

ئەو ڕۆژە دایەگیان... من لەنێو ئەندێشەی ئەو دیمەنانەدا ڕامابووم، کەئێوارە گەڕامەوە بۆماڵەوە هەواڵی یەسنام لە باوکم پرسی وتی: «نازانم چی بەسەر یەسنا هاتووە!؟ لەوەتەی هاتۆتەوە لە خەوێکی قوڵدا ڕۆچووەوە». من چاوەڕوانی ئەوەبووم بەئاگا بێتەوە و پرسیاری ئەو ڕوداوەی لێبکەم، بەڵام ئەو تا سپێدە بەئاگانەهاتەوە، کاتێک پرسیاری ئەو ڕوداوەی نێو پەرستگاکەم لێدەکرد، لەوەڵامدا پێی دەوتم: «ئەوە خەونێکە منیش بە هەمانشێوەی تۆ بە هۆی کاریگەری دۆخی نێو ئەشکەوتەکەوە بینیومە».

# 3

ئـەو دەنـگـەی وەک پـەپولـە بـەنـاو بـۆشـایـی ناخمدا گوزەردەکات، لە خۆیدا کۆمدەکاتەوە و دەمباتەوە بۆ سـەر لوتکەی ئەو گردە پیرۆزەی شاری ئورفە، کە ئەو دوو منارە باریک و درێژەی نەمروت بۆ تورڕدانی (ئیبراهیم) دروستی کردبوون. هەموو شەوانێکی گەرمی هاوین خەڵکانی ئەو شارە بۆ بەسەر بردنی کاتێکی خۆش سەردانی دەکەن و لە وێوە لە دیمەنی پڕلە ڕۆشنایی ژیانی شاری (ئورفە) دەڕوانن و شەوە گەرمەکانیان بەدەم خواردنەوەی چاو گێڕانەوەی بەسەر هاتەکانی ژیانی خۆیان بەسەر دەبـەن. هەر لەو شوێنەوە وەک تەمێکی چڕ بەو ڕێگا پان و بەردەڵانەی، کە

هەردوولای بە دیوارێکی بەردینی نزم گیراوە دیمە خوارەوە، بەدەم بینینی ئەو دوکانانەدا تێدەپەڕم، کە بە خواردنە هەمە جۆرەکانی ناوبانگێکی بۆ گەشتیارە تورکەکانی شارەکانی تری تورکیا دروستکردووە. بەرەو چڕی ئەو دارانە شۆڕ دەبمەوە، کە لە گەرمای هاویندا سێبەرێکی فێنک و ئارامبەخش بە دیمەنی پانتایی ئەو باخچە فراوانە دەبەخشێت، کە مزگەوتێکی گەورەو مەرقەدی پیاوچاکانی لە ئامێزی خۆی گرتووە. لەو ساتەدا خۆم لەسەر ئەو کورسییە درێژانە دەبینمەوە، کە دەڕوانێتە سەر ئەو جۆگەلە ئاوانەی ماسییەکی بێشوماری تێدا دەژین.

ئارین لە تەنیشتمەوە دانیشتووە و لێم دەڕوانێت، واهەستدەکەم ئەو دیمەنە یەکەمین ژوانی ئێمە بێت،بەوەدا دێتەوە یادم، بەنیگایەکی شەرم ئامێزەوە تاوناتاوێک نیگای چاوەکانی لەسەرم دەگوازێتەوە بۆ سەر جوڵەی ئەو ماسییە بزێوانەی کە بۆ خواردنی ئەو پارچە سەموونانەی گەشتیارەکان بۆیان تورڕدەدەن و تاسەر ڕووی ئاوەکە لەسەر یەکدی گرمۆڵە دەبن.

لە زایەڵەی ئەو دەنگەی لە گوێکانمەوە دێت، ئەو پرسیارەم بیر دێنێتەوە، کە دەستپێکی پەیڤەکانمان دەکاتەوە پێی دەڵێم:

-بە پەیڤەکانتا دیارەماڵباتی ئێوە لەم شارەدا نەژیاوە،

ئارین نیگاپڕلە گوماناوییەکانی بۆ سیما پڕلە پرسیارەکەم

دەگوازێتەوە، بە ناخێکی پڕلە ئازارەوە کە لە هەناسەکەیدا بەرجەستەی دەکات. پێم دەڵێت:

-کاتێک لە شاری (عەفرین) بووین براگەورەکەم بەدەستی سەر بڕەکان کوژرا، چیتر باوکم دڵی لەو شارەدا ئارامی نەگرت بڕیاری دا ئێرە بکەینە شوێنێکی ئارام بۆ ژیان.

بەو وەڵامەی کە خەمێکی گرانی لە سەر دڵم ڕوان، بەپرسیارێک دەمەوێت هەستی تۆڵە لەناخیدا ببزوێنم و پێی دەڵێم:

-ئەی چۆن پەیوەندیت نەکردووە بە دەستەی شەڕڤانانەوە ؟.

کاتێک گوێبیستی ئەوە دەبێت خەندەیەکی تاڵ سیما پانە کەی خەمناک دەکات و بە دەنگێک، کە نائومێدی لێ دەتکێت پێم دەڵێت:

-ئێمەی ژن چۆن دەتوانین وەک ئێوەی پیاوان بجەنگین؟.

ئەو وەڵامەی ناخم دەهەژێنێت، بەتۆنێکی پڕلە هەڵچونێکی تۆڵەوە پێی دەڵێم:

-تکادەکەم ئارین، هەرگیز وابیر مەکەرەوە،خۆت بەکەم مەزانە، مرۆڤ خاوەنی هێزێکی مەزنە گەر متمانەی بە خۆی هەبێت. ئەوەی والە مرۆڤ دەکات ببێتە کەسێکی بە هێز و بەتوانا بوونی ئەو ویستە پۆڵاینەیە، کەلە ئەنجامی متمانە

بۆ خۆبوونیەوە بۆ ئامانجێک بەدەستی دێنێت. تۆ بڕوانە، ژیانکردن بۆخۆی بەرخودانە! ئەوانە تێیدا سەردەکەون کە بە هێزی ویستێکی مەزنەوە بەرەو ڕووی دەبنەوە. هەموو ئەوانەی لەئاستیدا لاوازن، دەبنە کۆیلەی ئازارو خەمەکانی. تۆ بڕوانە ئەوینم، بزانە ئەم خاکە چەندین مێژووی بەرخودانی لە خۆیدا تۆمار کردووە. خۆئەگەر زاری هەبایە و بیتوانیبا بپەیڤێت ئەوا چەندین چیرۆکی پڕلە هێزی ویست و بەرخودان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دەبیستران. بە بڕوای من ڕۆژێک دێت ئەم خاکەی ئێمە لە ئازارو خەمی داگیرکەرانیدا، بێتە گۆو لە شوێنێکی پڕلە ئازارو خەمیدا دەم بکاتەوە وهاواربکات، هەموو ئەو کارەساتە نامرۆڤانەمان بۆ بگێڕێتەوە، کە نەوەکانی چەشتوویانە. لە وانەیە گوێبیستی چەندین داستانی بەرخودان بین، کە مرۆڤ گەلێک لە پێناویدا نەخشاندویانە.

ئەو بە گومانەوە هەموو هەستەکانی لە مندا کۆکردۆتەوە، منیش بە هەستێکی پڕلە ویستەوە بۆی دەپەیڤم، پێدەچێت وشەکانم کار لە ناخە پڕلە خەم و ئازارییەکەی بکات. بە هەمان تۆنەوە درێژەم بە پەیڤەکانم ئەدەمەوە و پێی دەڵێم:

–دڵنیابە لە ناخی هەموو مرۆڤێکی ئاساییدا خەونێکی داستان ئامێز هەیە، بەڵام ئەوەی ئەو خەونە دەکاتە ڕاستی، ئەو هێزی ویستە پۆڵاینەیە، کە دەبێتە بزوێنەری. بە بڕوای من پێویستە مرۆڤ متمانە بە خەونەکانی بکات،

تاله دەرفەتێکدا وەک ئەفسانەیەک لە ژیانی ڕاستی خۆیدا بەرجەستەی بکات. دڵنیابە ئارین ئەم شوێنەی ئێمە تێیدا دانیشتووین، وەک لە باو باپیرانمانەوە بۆمان دەگێڕنەوە، ئاسەواری ئەفسانەی مرۆڤ گەلێکن، کە لەو پەڕی متمانە بە خۆبوونیانەوە مێژوویەکی پڕلە شکۆمەندیان بۆ خۆیان تۆمار کردووە و بەردەوام لەسەر دەم و زاری مرۆڤایەتیدا وەک چیرۆک دەگێڕدرێنەوە.

کاتێک منداڵ بووم باوکم هەموو ڕۆژێکی شەممان منی لە گەڵ برابچوکەکەمدا دەهێنا بۆ ئێرە، ڕۆژێک بە باوکمم وت:

-بۆ چی ناتوانین ماسی ناو ئەو جۆگەلە ئاوانە ڕاو بکەین ؟.

باوکم بە خەندەیەکی گاڵتەئامێزەوە وتی:

-ئەم ماسیانە زۆر جیاواز و تایبەتترن لە وانی تر، ئەمانە ماسیەکانی (ئیبراهیم)ن، گەلەک پیرۆزن هەربۆیە ناتوانین ڕاویان بکەین،ئەم ماسیانە چیرۆکێکی دیرۆکی هەیە.

دەگێڕنەوە. . چەندین هەزار ساڵ پێش ئێستا، پاشایەکی زۆردارو باڵادەست هەبووە، کە بۆماوەی چوارسەد ساڵ فەرمانڕوایی شاری (بابل) و دەوروبـەری کـردووە. ئەم پاشایە ناوی (نەمرود) بوو بەهۆی ئەو هەموو دەسەڵات و هێزە بەرفراوانەیەوە توشی لە خۆبایبوونێکی بێئەندازە بوو، تا ئەوەندە لە هێزی خۆی ڕابینیوە، گەیشتۆتە ئەوەی

خۆی بە خواوەندی هەموو ئەو ناوچانەی ژێردەستی خۆی زانیوە. دەگێڕنەوە ڕۆژێک (نەمرود) بەسەردان بە ناو بازاڕو خەڵکەکانی ژێر فەرمانڕەوایی خۆیدا دەگەڕێت، بە شکۆیەکی پڕلە خۆبایی بوونەوە لەگەڵ کۆمەڵێک پیاوانی دەروبەری خۆیدا لەبەردەم چەند کەسێک هەژارو نەداری ئەو ناوچەیەدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە. بۆئەوەی هەستی خوداوەندی ناخی خۆی بەسەر هەموو ئەوانەی لە گەڵیدان بسەپێنێت.لە نێوەندی باژێڕەکەدا ڕوو لە دوو پیاوی هەژار دەکات، کە بۆ بژێوی خۆیان ڕویان لەو بازاڕە کردووە و میوە و سەوزەی باخەکانیان دەفرۆشن. پێیان دەڵێت: «کێ خواوەندی ئێوەیە؟» ئەو دوو پیاوەی کە ترسی سیماتۆقێنەرەکەی نەمرود هەموو جەستەیانی هێناوەتە لەرزین! لە جێگەی خۆیانەوە دائەنەونەوە و کڕنووش بۆ باڵای بەرزو جەستەی پڕلە ماسولکەی بەهێزی نەمرود دەبەن. بە هەستێکی پڕلە متمانەوە پێی دەڵێن: «گەورەم تەنها تۆ خواوەندی ئێمەی، هەموو ژیان و مردنی ئێمە بەدەستی تۆی مەزنە. خۆشی و ناخۆشی، بوون و نەداری و ئارامی و پەشێوی و هەموو شتێکی ئێمە لەدەستی تۆی بەخشندە و فەرمان ڕەوادایە، ئەی خواوەندی مەزن».

نەمرود بە هەستێکی پڕلە مەزنی و خۆشبەختییەوە چاوە پڕلە ئاگرەکانی بەناو هەموو ئەو پیاوانەدا ئەگێڕێت، کە لەدەوریدا گرمۆڵەیان بەستووە سەری ڕەزامەندی بۆ

دائەنەوێنن. لەو ساتەدا  هەموو لە جێگەی خۆیانەوە دێنە سەر چۆک و کڕنووش بردن، بۆ باڵای بەرزو پڕشکۆی خواند- نەمرود. لە نێویاندا (ئبراهیم خەلیل) بەتەنێ وەستاوە و بە گومانێکەوە لەو مرۆڤگەلە دڵ پڕلە ترس و لاوازانە دەڕوانێت، کە بازنەیەکی چەند ڕیزییان بە دەوری باڵای خوداوەندی خۆیان نەمرود دروستکردووە. کاتێک نەمرود ئیبراهیم دەبینێت جیاواز لەوان ڕەفتار دەکات و بە هەستێکی گاڵتە جاڕییەوە لەو مرۆڤگەلە دەڕوانێت. بەدەنگێکی پڕلە هێزی خوداوەندی ناخیەوە بەئیبراهیم دەڵێت: «بۆچی کڕنووشم بۆنابەیت؟». لەو ساتەدا ئبراهیم نیگاپڕلە متمانەکانی بۆسەر نەمرود دەگوازێتەوە و بە هەستێکی پڕلە متمانە بەخۆبوونەوە پێی دەڵێت:

-من تەنها یەک خواوەند دەناسم متمانەم پێی هەیە ئەویش ئەو خواوەندەیە کەلە بەرزی ئاسمانەو هەموو مرۆڤایەتی و گەردوونی دروستکردووە. مردن و ژیان خواردن و خواردنەوە هەموو شتێک کەلەم سەر زەمینەدایە ئەو پێی بەخشیوین. هەموو شتێک بەدەست ئەوە. تۆ تەنها مرۆڤێکی سادەو ساکاریت و هەموو ئەو هێزو دەسەڵاتەی کە هەتە، تەنها بەهۆی لاوازی هەموو ئەم مرۆڤە نەزان و لاوازانەوەیە، کە بە تۆیان بەخشیوە. تۆش وەک هەموو مرۆڤێک، دەسپێکی ژیان و مردنت بەدەست ئەو خواوەندەیە کەلە ئاسمانە. وەک  چۆن ئەو خۆرو مانگی لە ئاسمان

دروستکردووە ئاواش تۆی وەک ئێمەی مرۆڤ ئەفراندووە. تەمەنی تۆش وەک تەمەنی ئەو ڕۆژە وایە کە سپێدە هەڵدێت و ئێوارە لە ئاوابووندا کۆتایی بەو ڕۆژە ڕووناکەی دێنێت. دڵنیابە ڕۆژێک تۆش وەک هەموو مرۆڤێک بەو شێوە یە کۆتایی بە ژیانت دێت و دەمریت و ناتوانیت درێژە بەتەمەن و ژیانی خۆت بدەیت.

کاتێک نەمرود ئەو پەیڤانە لەدەمی پیاوێکی پیری وەک ئیبراهیم دەبیستێ، ئاگری هەڵچوونی ناخی لە چاوە گەورە وپڕلە ترسەکانییەوە دێنە دەرەوە، لە ئیبراهیم نزیک دەبێتەوە و کەمێک لە پۆشاکە شڕودڕاوەکەی دەڕوانێت. پاشان چاوە ئاگرینییەکانی دەگوازێتەوە بۆسەر سیماپڕلە چرچەکەی و دەستە زل و پڕلە ماسولکەکانی بە ڕیشە سپی و ئاڵۆزکاوەکەیدا دەهێنێت و بە نیگایەکی پڕلە هێزو متمانە بە خۆبوونەوە پێی دەڵێت:

–ئێستا هێزی خۆمت بۆ ئەسەلمێنم کە چۆن ژیان و مردن بەدەستی منە!.

بەرەو لای ئەو دوو پیاوە هەژارەی کەسەرەتا کڕنووشیان بۆ نەمرود بردبوو،دەچێت و فەرمانیان پێدەکات لەبەردەمیدا بووە ستن. ئەوانیش بەو پەڕی لاوازی خۆیانەوە کە هەموو جەستەیان لە ترس و لاوازی خۆیاندا نوقوم بوو، وەک دوو قوربانی لەبەردەم خواوەندی خۆیاندا بێجوڵە دەوەستن. نەمرود لەو ساتەدا شمشێرە تیژو قورسەکەی لە کەمەری

ڕادەکێشێت و بەخەندەیەکی تۆقێنەرەوە سەیرێکی ئیبراهیم دەکات و پێی دەڵێت:

–ئەم دوو مرۆڤە دەبینیت کەلەبەردەم خواوەندی خۆیاندا وەستاون، ئێستا ژیان و مردنی ئەوان بەدەستی منە و ئەوان  لە ژێر بەزەیی و فەرمانی مندان بۆ ژیان یان مەرگ.

نەمرود بە هەموو هێزی شمشێرە تیژەکەی دەستی ڕاستی بڵند دەکات و بە پیاکێشانێک سەری یەکێکیان دەپەڕێنێت. جەستەی ئەو مرۆڤە بەبێ سەر لە جێگەی خۆیەوە هەڵدەبەزێتەوە و بەلێشاو خوێنی لێدە چۆڕێت. هەموو ئەوانەی لەدەوری نەمرود کڕنووشیان بردووە، لە ترسی ژیانی خۆیان سەریان لەنێو ئەو خۆڵەی بەردەمیان نابوو، بەدەنگێکی پڕلە ترس و بەهێزەوە هاواریان دەکردو دەیانگوت: «سوپاس بۆ خواوەندەی گەورەمان نەمرود کە ژیانی بە ئێمە بەخشییەوە!»

نەمرود کە ناخی بەهەستی پڕلە دەسەڵاتی خوداوەندیی خۆی کەیل بووە. ڕوو لە ئیبراهیم دەکات و پێی دەڵێت:

–ئێستا بۆت دەرکەوت کە ژیان و مەرگ بە دەستی منی خواوەندە!؟ بۆئەوەی زیاتر لێت ڕوونتر بێت ژیانی ئەم پیاوەی کە لەبەردەم منی خواوەندیدا وەستاوە بەویستی منە ژیانی پێبدەمەوە یان وەک هاوەڵەکەی بەمەرگ ئاشنای بکەم.

ئیبراهیم بەو دیمەنە زیدەتر ناخی دەهەژێت و بەدەنگێکی کزو پڕلە متمانەوە دوبارە پێی دەڵێتەوە:

-تۆ تەنها هۆکارێکیت بۆ کوشتنی ئەم مرۆڤە لاواز و بێدەسەڵاتانەی لەبەردەمی تۆدا کڕنووشیان بردووە، ئەگەر خۆت بە خواوەند دەزانیت دەبێت هێزی ئەوەت هەبێت، کە جارێکی دی ژیان بەبەر ئەو مرۆڤە دا بکەیتەوە کە سەریت پەڕاندووە، کەی توانیت ئەوە بکەیت ئەو کاتە من دان بە خواوەندیی تۆدا دەنێم و کڕنووشت بۆ دەبەم.

کاتێک نەمرود ئەوە لە ئیبراهیم دەبیستی لە خۆی ڕادەمێنێت و کەمێک بیردەکاتەوە. بێدەنگییەکی ترسناک ناخی هەموو ئەوانەی لەبەردەمیدا کڕنووشیان بردووە دەتەنێ. نەمرود بە هەستێکی پڕلە گومانەوە ڕوو لە ئیبراهیم دەکات و پێی دەڵێت:

-چاوەڕێم بکە تا ئەو کارەت بۆ بەئەنجام بگەیەنم، بەڵام تۆش دەبێت هەموو هێزی ئەو خواوەندەی خۆتم بۆ بسەلمێنێت.

ئەو ڕۆژە نەمرود تا درەنگانێکی شەو لە بیرو ناخی خۆیدا ڕۆدەچێت. هەموو ئەو خزمەتکارە ژنە شۆخ و شەنگانەی لە حەرەمەکەیدا بەبەرگی نیمچە ڕووتەوە بەدەوریدا دێن و ڕۆژانە خواردن و خواردنەوەی بەدەمەوە دەکەن وشەوانە لەگەڵێدا سێکس دەکەن،بەو ڕەفتارە نامۆیەی نەمرود تۆشی گومان دەبن، کە بەهیچ جۆرێک ئارەزووی خواردن و خواردنەوە و سێکسی نامێنێت.

له کۆشکەکەی خۆیدا دێتە دەرەوە و چاوەڕوانی هەڵهاتنی ئەو ڕۆژە دەکات، کەلەسەر لوتکەی چیاکانەوە سپێدەیەکی نوێ بە ژیانی دەبەخشن. کاتێک خۆر بەدەر دەکەوێت نەمرود لەو ڕوناکییەی دەڕوانێت، کە ڕۆشنایی بە پانتایی ئەو زەویانەی دەسەڵاتی دەبەخشێت. پاش تێڕامانێکی زۆر بەو سپێدەیە داوا لە خزمەتکارەکانی دەکات، کە هەرئێستا بنێرن بەدووی سەرلەشکری هێزەکەیدا.

کاتێک سەرلەشکر لەماوەیەکی زۆر کەمدا لەبەردەمیدا ئامادە دەبێت و کڕنووشێک بۆ خواوەند نەمرود دەبات، نەمرود بەدەنگێکی پڕلە هەڵچوونەوە پێی دەڵێت: هەرئێستا لە دارستانە چڕەکانی (ئەدرنە)وە درەختێکی زۆرم بۆ ببڕنەوە و بۆم بێنن. لەدوای فەرمانەکەی نەمرود سەرلەشکر بێئەوەی پرسیاری ئەوەی لێبکات ئەو هەموو دارەی بۆچییە. هێزێکی مەزن و ژمارەیەکی زۆر لە ئەسپ لەماوەیەکی زۆر کەمدا کۆدەکاتەوە و لەگەڵ خۆیدا بەرەو (ئەدرنە) ڕێدەکات، ماوەی زیاتر لە چل ڕۆژ تێپەڕدەبێت تا سەرلەشکر دارێکی زۆر لە گەڵ خۆیدا دەهێنێتەوە. کاتێک دەگەڕێتەوە نەمرود فەرمان دەکات لەسەر بەرزایی شاری ئورفە بەخێرایی دوو منارەی بڵند لەبەردی مەزن دروست بکەن و لە دامێنی ئەو گردەدا هەموو ئەو دارانەی لە ئەدرنەوە هێناویانە لە دامێنی پێدەشتەکەیدا کەڵەکەی بکەن.

داخوازییەکەی نەمرود لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا بەئەنجام دەگات، فەرمان دەکات بنێرن بە دوای ئیبراهیم دا. کاتێک سەرلەشکر لەگەڵ جەندسەربازێک بە شمشێرەکانیانەوە هەڵدەکوتنە سەر ماڵی ئیبراهیم و بە گوریسێکی خوری جیڕ لە دواوە قۆڵبەستی دەکەن، ژنەکەی دەست بە گریان و هاوار دەکات و لەبەردەم سەرلەشکردا دەپاڕێتەوە لەو قسانەی ببورن کەلەبەردەم نەمرودی خوداوەندا کردوویەتی پێیان دەڵێت: «لەبەر تەمەنی زۆری بەخشندەیی بنوێنن و نەیکوژن». بەڵام ئیبراهیم بە خەندەیەکی پڕلە متمانەوە ڕوو لە ژنەکەی دەکات و پێی دەڵێت: « ژنەکەم نیگەران مەبە من هەرگیز پەشیمان نیم لەوەی بە نەمرود م وتووە! ئومێد دەکەم خودای مەزن هاوکارم بێت بۆ ئەوەی مەزنێتی ئەو بۆ نەمرود بسەلمێنم و نەمرود بەخۆیدا بێتەوە و واز لە و هەستە پڕلە خۆباییەی، کە دەسەڵاتی پێی بەخشیوە بهێنێت و بگەڕێتەوە بۆلای خودای ڕاستی».

نەمرود لە تەنیشت ئەو دوو گومەزە بڵند و باریکەی بۆ هەڵدانی ئیبراهیم دروستی کردووە وەستاوە. هەموو ئەو خەڵکانەی لە دەوروبەری فەرمان ڕەواییەکەی گوێبیستی نمایشی کوشتنی ئیبراهیم بوون، لەدەوری نەمرود کۆببونەوە. نەمرود فەرمان دەکات ئاگر لەو دارە زۆر و کەڵەکە کراوانە بەر بدەن، کە درێژییان سەدان پێ دەبوو،

کاتێک بەردەستەکانی لە هەموو لایەکەوە ئاگر لەدارەکان بەرئەدەن، ووزەی ئاگرەکە ئەوەندە بە هێز دەبێت لەو پێدەشتەوە گەرمییەکی بەتین بەرووی هەموو ئەو مرۆڤانەدا ئەدا، کەلەچاوەڕوانی مەرگی ئیبراهیم دا ڕیزیان بەستووە.

نەمرود فەرمان دەکات ئیبراهیم بکەنە نێو ئەو دارلاستیکەی کەلەو دوو منارە بڵند و بەهێزەی لەبەرد دروستکراوە. کاتێک سەرلەشکر ئیبراهیم وەک پارچە بەردێک دەخەنە نێو ئەو (هاوێژەرەی) کەلە چەرمی گا بۆی دروستکراوە، نەمرود لە ئیبراهیم نێزیک دەبێتەوە بە خەندەیەکی تاڵەوە پێی دەڵێت:

–ئێستا ژیان و مەرگی تۆ بەدەستی منە، بۆئەوەی تۆ و هەموو ئەو مرۆڤانەی لە دەورماندا کۆبوونەتەوە دەیسەلمێنم کەتەنها من خواوەندم، ئەگەر تۆش متمانەت بە خواوەندی ڕاستی خۆت هەیەو خواوەندەکەی تۆ ڕاست و دروستە و منیشی دروستکردووە، با بتوانیت تۆ لە دەستی فەرمانی من قوتار بکات و لەناو ئەو دۆزەخەی بۆ خۆت و خواوەندەکەتم ئامادەکردووە، بتپارێزێت و هێزی خۆیمان نیشان بدات.

ئیبراهیم لەو ساتەدا چاوە کزو پڕلە ئومێدەکانی لە ئاسمان دەکات. لە ناخی خۆیەوە تکا لە خودا دەکات هێزی خۆیی پێ ببەخشێت دەڵێت:

–ئەی خودای مەزن، من تەنها متمانەم بە تەنهایی تۆ و گەورەییت هەیە، تەنها تۆی دروستکەری زەوی و ئاسمان، تەنها خۆت ژیان و مەرگت پێ بەخشیوم. تکات لێدەکەم هێزێکم بدەرێ تا ناخی گەورەیی ئەم مرۆڤە لە خۆبابییە هەرەس پێ بێنم و بیهێنمە سەر ڕێگەی ڕاست و دروستی و تاکپەرستی. تۆی ئەفرێنەر.

لەو ساتەدا کە هەموو لەچاوەڕوانی فەرمانی نەمرود دان، کە هێزی خوداوەندی خۆی بەمەرگی ئیبراهیم دەسەلمێنێت. نەمرود بە هەستێکی پڕلە مەزنی و باڵادەستی خۆیەوە بەدەنگێکی بڵند هاواردەکات و دەڵێت:

–ئەی مرۆڤینە، ئەی ئەوانەی بوون و نەبوونتان بە منی خوداوەندەوە پەیوەستە، بڕوانن ئەوەی لەبەردەم فەرمان و مەزنێتیمدا بوەستێتەوە چۆن لەناو ئاگری پڕلە قینی خۆمدا دەی سوتێنم! ئەم پیاوە گومانی لە خودایەتی من هەیەو متمانەی بە خودایەکی ترە، کەکەس نەی بینیوە و لەئاسمانە. دەبا ئێستا ئەو خودایەی کە خۆی متمانەی پێی هەیە بەهانایەوە بێت و لەم دۆزەخەی، کە هیچ مرۆڤێک ناتوانیت لەنزیکیەوە خۆی ڕاگرێت قوتاری بکات.

لە دوای ئەو پەیڤانەی کە ئومێدی بە گومانەکانی ناخی دەبەخشییەوە، فەرمانی کرد ئیبراهیم تورڕبدەنە ناو ئەو ئاگرەی کە نێڵە نێڵی ترسێکی تۆقێنەری لە ناخی هەمواندا خولقاندبوو. جەنگاوەرەکان تاو ئەدەنە ئەو چەرمەی کە

ئیبراهیمی تێخنراوە. بە هەموو هێزی بازووە بە هێزەکانی خۆیان بۆدواوە ڕای دەکێشن تا ئەو دارە نەرم و جیڕانەی بە مناره بەردەکەوە پەیوەستکراوە تەواو ئەچەمێتەوە. پاشان لەگەڵ فەرمانی نەمرود دا کە پێیان ئەدات بەری بدەن. ئیبراهیم لەو شوێنە بەرزەوە وەک پارچە بەردێک لەئاسمانەوە توڕی ئەدەنە ناو ئەو ئاگرەی کە پانتاییەکی بەرفراوانی لەو پێدەشتە پان و بەرینەدا داگیر کردووە.

ئیبراهیم لە بڵندی ئاسمانەوە بەرەو ناو ئەو ئاگرە دێتە خوارەوە. نەمرود بە پێکەنینێکی ترسێنەرەوە، کە لە گوێیی هەموو ئەوانەی بینەری نمایشی کوشتنەکەن دەنگ ئەداتەوە. لەو ساتەدا ئیبراهیم لە گویکانیدا دەنگێک دەبیستێت، پێدەچوو لە ئاسمانەوە هاتبێت پێی دەڵێت: «ئەی ئیبراهیم، تۆ متمانەت بە خودای ڕاستی خۆت هەیە، دڵنیابە هێزێکی مەزنی لەو متمانەیەوە پێ بە خشیویت، دەتوانیت تەنها بە فوویەک ئەو ئاگرە بەهێزەی کە بەتینی دۆزەخ دەچێت دامرکێنیتەوە».ئیبراهیم بە هەموو هێزێکی پڕلە متمانە بەخۆ بوونیەوە فویەکی بەهێز لەو ئاگرە دەکات.

خودا هێزی ئەوە بە ئیبراهیم ئەدات لە و تاقیکردنەوەی متمانەیەدا سەرکەوتووبێت. لەگەڵ کەوتنە خوارەوەی ئیبراهیم بۆناو ئاگرەکە، هەموو ئەو ئاگرە لەناکاوێکدا دەبێتە ئاو. خۆڵە مێشەکەشی دەبێتە ئەم ماسیانەی کە کەس نازانێت چۆن گەشە دەکەن و لە کوێوە دێن و دەچن.

له چاوە ڕەشەکانی ئارینە وە گومان دەبینم کە لێم دەڕوانێت، بەخەندەیەکی پڕلە هەستی خۆشەویستییەوە پێی دەڵێم:

-دەشێت متمانەم بە دروستی ئەو ڕوداوە نەبێت کەوەک ئەفسانەیەک دەماو دەم و لە کتێبە پیرۆزەکانەوە گێردراونەتەوە، بەڵام متمانەم بە هێزێکی ئەفسوناوی مرۆڤ هەیە، کەدەتوانیت بە هێزی متمانەی خۆی ڕووبەڕووی ژیان بێتەوە!.

ئارین بەخەندەیەکەوە لە جێگەی خۆی بڵند دەبێت و بەرەو ڕووی جۆگەلەی ئاوەکان دەبزوێت، کە کەنارەکەی بە کۆنکرێت و بەردی تەخت ڕازێنراوەتەوە. کەمێک لە دیمەنی ئەو ماسیانە ورددەبێتەوە، کە بەناو یەکدیدا دێن و دەچن، بە دەستە وردیلە کانی ئەو پرچە درێژو خاوەی بە سەر ڕویدا شۆڕبونەتەوە، لائەداو بە نیگایەکی پڕلە ئەوین بازییەوە ناخم دەهەژێنێت و دەڵێت:

-کەواتە بەقسەکانی تۆ بێت دەبێت هەموو ئەم ماسیانە لە خۆڵەمێش دروست بووبن؟

منیش بە هەستێکی پڕلە گومانەوە بەوە بەرسیڤی ئەدەمەوەپێی ئەڵێم: پێدەچێت وابێت!.

## 4

نازانم چەند دەبێت لەهۆش خۆم چووم یان ڕۆچوومەتە خەونەوە! بۆخۆیشم ئەوەم بۆ یەکلا نابێتەوە. دەنگی ئارین بەئاگام دێنێتەوە و پێم دەڵێت: دەمەوێت ئەمڕۆ بەشێکی تری دەستنوسەکەت بۆ بگێڕمەوە نازانم تا چەند گوێبیستی ئەبێت یان تا چەند دەتوانیت لە ئەندێشەی خۆتدا وێنای بکەیتەوە.

ڕۆژەکـان، بەجوانی و ئارامی خـۆی تێپەڕ دەبـوون، بەرووبومی دارە بەردارەکان لە ساڵانی پێشوتر جوانترو

بەرهەمدارتربوون. یەسنا وەک ڕەفتارەهەمیشەییەکانی خۆی بەنێو ئاواییدا دەگەڕا و ڕێنمایی هەموانی دەکرد، کە چۆن کارەکانیان بەهەرەوەزی ڕێکبخەن و لەنێو باخی دارسێو و هەنارو هەرمێ و هەڵوژە و قۆغەکاندا. خەڵکانی ئاوایی بۆکارەکان دابەش دەکرد و خۆی لە پێش هەموویانەوە دەستی بەکار دەکرد.ئاخر ئەو چۆن واناکات، ئەو هێزو بیرێکی خودایی لە نێو ئەندێشەیدا چەسپابێت، ئەو خاوەنی ئەندێشەیەکی فراوان و متمانەیەکی بەهێزو ویستێکی بێ سنوربێت، هەردەبێت بەو شێوازە ڕەفتاری بکردبا.

منیش لەگەڵیدا بە هەستێکی پڕلە شادمانییەوە لە دیمەنی جوانی ئەوم دەڕوانی بەو کراسە لۆکەیەی کە دایە گەورە بە ئامێری تەونەکە بۆی چنیبوو، بەنێو دارەکاندا دەگەڕا. منیش بەسەبەتەیەکی گەورەوە بەدوایەوە ئەو بەروبوومانەمان کۆدەکردەوە، کە جوانی و بریسکانەوەی گومانی لای هەموو خەڵکی ئاوایی دروستکردبوو. شێوە و ڕەفتارەکانی یەسنا بە پێشتری نەدەچوو! چاوەکانی هەمیشە وەک هێزێکی ئاگرینیان تیا ڕوابێت ئەدرەوشانەوە، کاتێک لە کەسێکی دەڕوانی هێزێکی لەڕادەبەدەری بە ناخی دەبەخشی. یەسنا وەک چارەسەر سازێک سەردانی ئەو نەخۆشانەی دەکرد کەبەئازاری جەستەیانەوە دەیانناڵاند، بە نیگای پڕلەووزەی چاوەکانی ئازارەکانی کەمدەکردنەوە

و هێزی پێدەبەخشینەوە. زۆرجاران یەسنا بۆماوەیەکی زۆر لەنێو ئاوایدا خۆی بزردەکرد و لەگەڵ (پیرشاهۆ) سەردانی پەرستگای نێو ئەشکەوتەکەیان دەکردوو پێکەوە بۆماوەیەکی زۆر لەوێدا دەمانەوە و نزایان دەکرد

ئەو ڕەفتارە نامۆیانەی یەسنا زێدەتر گومانی ئەوەی لا دەڕەواندمەوە، ئەو ڕوداوەی نێو پەرستگاکە خەون بێت، تەنها من نەبووم دایکە! هەموو خەڵکی ئاوایی بە گومانەوە لە بیرو بەهێزی یەسنا یان دەڕوانی. کاتێک لەنێویاندا ئامۆژکاری ئەوەی دەکردن ماڵ و ڕەزو باخچەکانیان خاوێن ڕاگرن، هەموو بە هەستێکی پڕلە شادمانی و خۆشەویستییەوە وەک هەموو ئامۆژگاریەکانی تری گفتەکانیان بەکردار پەیڕەو دەکرد، هیچ کەسێک بەرپەرچی بیرو بۆچوونەکانی نەئەدایەوە. لە هەموو بۆنەکاندا لە منداڵ بوون و هاوسەر گیری و جەژنەکانی (سپەندارمەزد و نەورۆزدا)، داوای لە هەموان دەکرد پێکەوە نەمامێک لەو شوێنە چۆڵانەدا بنێژن، بۆئەوەی سەو زایی ژیانمان جوانتر و بەنرختر بکات.

شەوێک باوکم لە شەکەتی خۆیدا ڕۆ چووبووە خەوێکی قوڵەوە. بەپرسیارێک ئەو گومانەم لە ناخی خۆمدا ڕەواندەوە و پێم وت: دادە یەسنا من زۆر خەونی جوانم بە ژیانەوە بینیوە، لەخەونەکانمدا وەک پاڵەوانێکی جەنگ بەسواری ئەسپێکی بەرزی ڕەشی قەترانییەوە

بووم، شمشێرێکی درێژو تیژو بە هێزم لەدەستدابوو، بالاّم دوهێندەی ئێستای خۆم دەبوو. شەوان بەنێو هەموو ڕەزوو باخەکاندا، لەنێو تاریکی ئەنگوستەچاودا چاوەکانم ئەوەندەبەهێز بوون توانای بینینی ئەو دزانەم هەبوون، کەلە ئاواییە دوورەکانەوە دەهاتن بۆ نێو ڕەزەکان و ترێ و میوەی باخەکانمانیان دەڕنییەوە. من بەو هێزەوە لە دوورەوە بەو ئەسپە تێژ ڕەوەوە هەڵم دەکوتایە سەریان و هێندە بەخێرایی بەدەوریاندا دەسوڕامەوە بواری هەڵهاتنم بۆنەدەهێشتنەوە، هەموویانم بەو گوریسەئەستورەی دایکم بۆ کێلاّنی زەوییەکانی لە خوری مەڕەکان دروستی کردبوو دەمکردە ملی ئەسپەکانیان! بەڵێ.. هەربەو گوریسە پەلی هەموویانم توند شەتەک ئەداو بەدوای خۆمدا تا بەردەم ماڵی پیرشاهۆ ڕامدەکیشان، تا سزای ئەو کارانەیان بدات.

دادە من زۆر لەشەوەکان ئەو خەونانەم بینیوە، بەلاّم وەک ئەو خەونەی تۆ لە نێو پەرستگاکەدا بینیت ئەوەندە کاریگەری لەسەر ژیانم نەبوو. تۆ پێمبڵێ، تو جوانی و بەخشندەیی ئەهورامەزدا، ئەوە خەون بوو کەمن و تۆ بینیمان یان ڕاستی بوو؟ من دەزانم تۆ هەرگیز درۆم لەگەڵ ناکەیت، من سەرم لەو هەموو هێزو توانایەی بیرو کردارەکانی تۆ ڕادەمێنێ، بەتەنێ من نا، بەڵکو هەموو ئاوایی ئێمە ڕەفتارەناموکانی تۆ، بۆتە جێگەی پرسیارێکی بێ وەلاّم!؟

یەسنا لەبەردەم ئەو ئاگردانە قوڕینەیەیی کە باوکم بەوێنەی کورەی ئاسن توانەوەکەی دروستی کردبوو دانیشتبوو، ڕۆشنایی ئەو ئاگرەی کەبەکزی دەسوتا، بەئاستەم ڕوخساری سپی و پانی ڕۆشن دەکردەوە. هێشتا لەسەرەتای نیوەی پایز دابووین، بەو شانەیەی، کەلەپارچە تەختە بۆخۆی دروستی کردبوو، پرچە درێژو خاوەکەی دادەهێناو بە نێگایەکی تەلیسم ئامێزەوە کەمێک لە چاوەپڕلە گومانەکانی ڕوانیم و بەخەندەیەک ئارامی بەدەروونە ئاڵۆزەکەم بەخشییەوە. داوای لێکردم ئەو مەشخەڵە بێنم، کە بەقەدی دیواری گڵی ژورەکەماندا هەڵمان واسیبوو، بەپەلە هەڵسام و هێنامە بەردەمی، ئەویش چەند پارچە دارێکی وشکی تێ ئاژوو، پاشان بەدارێکی پانی کورت چەند ژیلەمۆیەکی لە نێو کوانووی ئاگردانەکە دەرهێناو دارەوشکەکەی نێو مەشخەڵەکەی پێگڕداو داوای لێکردم بچمە نێزیکیەوە و لەبەرامبەریدا دانیشم. منیش ئەو پارچە لبادەم هێنا کە بەدەستەکانی خۆت دروستت کردبووله ژێرخۆم ناو، چوارمشقی لەبەرامبەریدا دانیشتم، دەستەکانم لەژێر چەناگەم نا.

پاش ئەوەی ئاگری نێو مەشخەڵەکە بەئاستی دووبست بڵند بوویەوە، چاوە گەش و گەورەکانی یەسنا، کەلەبەردەمی ئەو ئاگرەدا بەچەندین ڕەنگی جیاواز پڕشنگی ئەداو دەبریسکایەوە،نیگاکانی لەسەرچاوەکانم ناو، وتی: «کاتێک

بۆت ئەدویم هەموو هۆش و ئەندیشەت لای قسەکانم بێت». لەو ساتەدا تەواو واهەستم دەکرد لەنێو پەرستگای پیرۆزی زەردەشتی مەزندام و ماترادەخوێنم بۆ خاوێن کردنەوەی ڕۆحم، لەو ژورەدا کە سێبەری یەسنا لە دیوارەکەی پشتیەوە لە خۆی مەزنتر بەدەر دەکەوت و لە گەڵ کڵپەی گڕی ئاگرەکەی نێوانماندا دەبزوا، واهەستم دەکرد ڕۆحی خۆی لە جەستەی جودا بوبێتەوە و بەڕۆح بۆم ئەدویێ، بەدەنگێکی نەرم و پڕلە هەستی متمانەوە وتی:

–ئەهورا مەزدا بەشێک لە مەزنێتی هێزی خۆی بۆئێمە ئەفراندووە، کە بەپەیامەکانی ڕێنمایمان دەکات و پەیامبەر زەردەشت پێمان دەڵێت: «لە پێشدا بەبیرو ئەندێشەی چاک بیربکەنەوە پاشان بە ڕەفتارو کردارەکانتان پەیڕەوی بکەن».

–من چۆن بتوانم ئەو هێزە بەدەست بێنم، تا خەونەکانم بکەمە ڕاستی.

–هێز ئەو وزەیەیە کەلە هەموو شتێکی ئەم گەردوونەدا بوونی هەیە، وەک ئاگر و خاک و ئاو و هەوا. ئەو بۆخۆی هەموو ئەو چوارتوخمە پیرۆزەی بۆ ئەفراندووین، ئێمە دەبێت بەبیرکردنەوە لە هەموو ئەو وزانەی ئەهورا پێی بەخشیوین، لە بیری خۆماندا کۆیان بکەینەوە و بیکەینە هێزێک بۆ بە دیهێنانی خەونەکانمان.

–ئەو هێزە لەچیدایە؟

-تۆلەو ئاگرەی بەردەممان بڕوانە و بزانە ئەو وزەیەی لە کوێوە هێناوە، لەو دارانە بڕوانە کە چۆن ڕۆژانە ووزەی خۆر وهەواو ئاو و خۆراک لە نێو قولایی خاک لە خۆیاندا کۆدەکەنەوە و گەشە بە خۆیان ئەدەن و ڕۆژ بەڕۆژ و ساڵ بەساڵ مەزنتر دەبن!؟ ئەوە نهێنی گەشەی هەموو ئەو دارو ڕەزانەیە کەمن بیرم لێکردۆتەوە، تا بتوانن گەشەی زێدەتر بە خۆیان بدەن. ئێستا ئەو ئاگرەی کە تۆ دەیبینیت، لەو پێکهاتانەوە دروستدەبێت کەباسمکرد. مرۆڤیش پێویستە بەوێنەی ئەوە گەشە بەبیری خۆی بدات و بەهێزی بکات، بیری مرۆڤ لەو وزانەوە سەرچاوەی هەیە کە ڕۆژانە بەهۆی ئەندێشەو تێڕامانمان لە ژیان و دەوروبەری خۆمان بەدەستی دێنین و لەناخی خۆماندا ئەوەندە مەزنی دەکەین، تا بە متمانەی خۆمانەوە دەبێتە هێزێکی مەزن و لە گفتارو کردارەکانماندا ڕەنگ ئەداتەوە. ئازایەتی و هێزی مرۆڤ لە متمانەوەیە بە خودی خۆی و خەونەکانی. کاتێک متمانەیەکی بەهێز لەخۆتدا دەروستدەکەیت، دەتوانیت ببیت بەوەی کە خۆت دەتەوێت.

-دادە تۆ پێمبڵێ چۆن بتوانم ئەو خەونەم بکەمە ڕاستی؟

-زۆر ئاسانە! خەونەکەت بۆخۆی بیرکردنەوەیەکی جوان و بەهێزە، بەڵام پێویستی بەوزەیە تابتوانیت لە ڕێگەیەوە بیکەیتە ڕاستی.

- چۆن؟

-تۆ بیرلەو شمشێرە مـەزن و تیژە بکـەرەوە چۆن دروست دەکردێت، پاشان لەڕێگەی ئەندێشەی خۆتەوە بیرلە چۆنیەتی ئەو کەرەستەیە بکەرەوە کە هێزو تیژێتی پێ دەبەخشێت. کاتێک ئەوەتکرد بۆخۆت دەتوانیت ئەو خەونەت بکەیتە ڕاستی.

یەسنا دەستێکی بۆ قاپە گڵینەکەی تەنیشتی درێژکردوو چەند قومێک ئاوی خواردەوە، پاشان قاپەکەی بۆمن درێژ کردو منیش بەهەمانشێوەی ئەو چەند قومێکم خواردەوە و قاپەکەم لە تەنیشتی خۆمەوە داناو کەمێک لە بیری خۆم ڕامام،پرسیارێک خۆی هێنایە بیرکردنەوەمەوە و پێم وت:

-دادە یەسنا، مرۆڤ چۆن دەتوانێت کارێکی وەها بکات هەرگیز نەمربێت!؟

یەسنا بەخەندەیەک کە ددانە سپی و وردەکانی بەدەر دەخستن، پێی وتم:

-نەمری بەجەستە نییە! نەمری بەمانەوەی ئەندێشەو کـرداروو گوتارە جوانەکانی ڕۆحـە لە مـرۆڤدا. بۆئەوەی نەمربیت پێویستە بە بیرو کـردار و گوتارە چاکەکانت جوانی ژیان بە مرۆڤایەتی ببەخشیت. هەمیشە ئەندێشەو بیری چاک، ژیان و بیری مرۆڤایەتی ڕۆشنتردەکاتەوە و بەهەشتێک لە ناخیدا دروست دەکات، بیرە خراپەکانیش ژیان و ئەندێشەی مرۆڤ تاریک و تاڵتر دەکەن و لەناخیاندا دۆزەخێک سازدەکات.

من لە وتەکانی یەسنا ڕامابووم، بیرم لەوە دەکردەوە چۆن بەو شێوازە ڕەفتار بکەم کە خەونەکانم بکەمە ڕاستی. لەو ساتەدا تۆم بەبیردا هاتەوە دایکە، پێم وت:

–مرۆڤ کە دەمرێت ڕۆحی بۆکوێ دەچێت؟ بۆنمونە وەک ڕۆحی دایکم ئێستا لە کوێدایە؟

یەسنا چاوەگەشەکانی داخست و سەری بۆ بنمیچی ژورەکە بڵند کردوو کەمێک بیری کردەوە، پاشان ڕووی تێکردم و وتی:

–ڕۆحی دایکت بەهۆی کردارە جوانەکانیەوە لە شوێنێکی ڕوناک و خاوێندایە.

–ئەتوانم بیبینم؟

–نا . .. کاتێک ئەتوانیت بیبینیت کە تۆش وەک ئەو بمریت و ببیتە ڕۆح.

–کەواتە کەمردم دایکم دەبینمەوە؟

–نەخێر. . کاتێک دایکت دەبینیتەوە کە هەردووکتان لە ڕوناکی یان تاریکیدا بن.

باوێشکی خەوێکی قوڵ چاوەکانمی قورس کردبوو، یەسنا زانی ماندوو بووم وتی:

–درەنگە با بخەوین سپێدە بیر لەدروستکردنی شمشێرەکە دەکەینەوە.



# 5

پرشنگی خـۆری سپێدە لەنێو کەلێنی دەرگـاکـەوە ژورەکــەی ڕۆشـنـکـردبـۆوە، کـە بـەخـەبـەرهـاتـم، یەسنا بەهۆی سـاردی کەشەکەوە کوڵەباڵێکی بەسەر شانی خۆیدا دابـوو. ئـەو گەنمەی هاوین دروبـومـانـەوە و لە نێو ئـەو تـورەکـانـەمـان نـابـوو کـە بـەتـەون چنیبووی، بڕێکی دەرهێنابوو، بەو دەستاڕەی کەلەپارچە تاوێری شاخەکەی نیزیکمانەوە دروستکرابوو هاڕیبووی و لەناو تەشتە گەورە مسەکە دەی شێلا. تەنورەکەی کەلە نێزیکی حەوشەی ژورەکەدا هەڵکەنرابوو دوکەڵێکی چڕی لێ بڵند دەبـوو. یەسنا کە زانی لە خەو ڕابـووم، داوای لێکردم

ئاگرەکە زێدەتر بگەشێنمەوە، منیش لەبەردەم تەنورەکەدا دانیشتم و بەهەموو هێزم فووم بە ناو تەنورەکەدا دەکرد. دوکەڵی چڕی ئاگرەکە گەرووی توند کردم، چاوەکانم ئاویان تێزاو کەوتمە کۆکە. یەسنا بەنیگا شیرینەکانی لێمی دەڕوانی وپێکەنینی بەدیمەنی من دەهات.پاش ئەوەی ئاگرەکە خۆش بوو تەشتە هەویرەکەی هێنایە نێزیکی تەنورەکەوە بە دەستە ناسک و نەرمەکانی چەند گونکە هەویرێکی پانکردەوە و نای بەتەنورەکەدا، هەتا ئەو چەند کولێرەیەکی ئامادەکرد، منیش لەناو هیزە کە  برێک ڕۆنی کەرەم لەسەر قاپێک ناو پاشان لەنێو پێستەکە هەندێک پەنیرم دەرهێناو لە ژورەوە ئامادەم کردن. ئەو بەیانییە پێکەوە نانمان خوارد، دواجار یەسنا برێک نان و پەنیرو ڕۆنی لەسەر قاپێک ناو وتی:

-با ئەم خواردنە بۆباوکم بەرین،  ئەو لەسپێدەوە بەهۆی کاری زۆرەوە لە کورەکەی کاردەکات.

بۆخۆت دەزانیت دایکە.. کاری سەرەکی باوکم لەو کورەی ئاسن توانەوەیەبوو، کە تەنها دووسەد هەنگاوێک لە نێو ئاواییەوە دوور بوو. ڕۆژانە زوو دەچووە سەرکاروخۆی بە دروستکردنی هەموو ئەو پارچە ئاسنانەوە خەریک دەکرد،بۆماوەیەکی زۆر لە نێو تەنورەکەی دەنا، تا تەواو سور دەبوونەوە و نەرم دەبوون، پاشان بە هۆی چەکوشێکەوە دەکەوتە کوتانەوەی تا ئەو شێوەیەی

لێدروستدەکرد، کە خۆی مەبەستی بوو. زۆر جار ئەو پارچە ئاسنانەی کە تێکەڵەی خۆڵ و بەردی لەگەڵ بوو، بۆماوەیەکی زۆر لەنێو تەنورەکەی دەنا تا تەواو وەک ئاو شل دەبوویەوە پاشان لە ڕێگەی کەوچکێکی لەبەرد دروستکراو ئاسنە خاوێنەکەی جیادەکردەوە و لەنێو ئەو چاڵانەی دەنا، کەلەسەر بەردە سەرت و بەهێزەکانی تاوێرەکان دروستی کردبوو،نەخشەی ئەو شمشێرو خەنجەرانەی لەسەر هەڵکۆڵیبوو.

بۆخۆت دەتزانی کاری سەرەکی باوکم دروستکردنی شمشێرو، قەڵخان، وخەنجەرو، پۆشاکی ئاسنین بوو، بۆ ئەو جەنگاوەرانەی هەفتانەو ڕۆژانە دەهاتن، بۆئەوەی باوکم بەویستی خۆیان و بەپێی توانای جەستەییان شمشێریان بۆ دروستبکات. بۆ هەموو شمشێرێکی جیاواز پێویستی بە چاڵێکی تایبەت هەبوو، کە شێوە و قەبارەکەی لە سەر خواستی ئەو جەنگاوەرانە بوو کە خوازیاری بوون. بۆ دروستکردنی چاڵێکی شمشێر پێویستی بە چەند ڕۆژێک هەبوو، تا بەڕێکی و بەهەمان قەباری داواکراو دەربچێت.

باوکم ئاسنە تواوەکەی لە ڕێگەی کەوچکە بەردینەکەوە ڕۆدەکردە نێو چاڵەقاڵبەکەوە، وازی لێدەهێنا تا، بەتەواوی سارد دەبوویەوە. بۆ ڕۆژی دوایی دەریدەهێناو دووبارە دەیخستە نێو کورەکەوە، تا تەواو نەرم دەبوویەوە. پاشان

لە ڕێگەی چەکوشە قورس و مەزنەکەیەوە کە تەنها خۆی دەیتوانی بڵندی بکاتەوە وبیوەشێنێت، دەی کوتایەوە تا شێوەیەکی ڕاست و تەواوی لێدروست دەکرد.

بەهۆی ئەو کارە گرانەوە ماسولکەکانی دەست و قۆڵ  و شان و ملی باوکم ئەوەندە بەهێز ببوون، قەبارەیەکی گەورەی بە جەستەی بەخشیبوو، زۆرجار لەو بۆنە تایبەتانەی کە ئاهەنگی بۆ دەگێڕدرا، هیچ کەسێک هێزی ئەوەی نەبوو پشتی باوکم لە زەوی بدات. ناوبانگی بەهێزی باوکم بەنێو هەموو دێهات وماڵەکانی دەوروبەری ئاوابیەکەی ئێمەدا بڵاو ببۆوە.

ڕۆژێک پیرشاهۆ هەواڵی هاتنی پیاوێکی بەهێزی بەباوکم دا، کەلەقەڵای جۆڵندییەوە هاتبوو، تا زۆران لەگەڵ باوکم بگرێت. ئەو ڕۆژەی دیاری کرابوو بۆ زۆران بازییەکە،لە هەموو لایەک و دەوروبەری ئاوایی خۆمانەوە تەنانەت سەربازەکانی نێو قەڵای جولڵندی لەو گۆڕەپانەی کە لە نێزیکی ئاواییەکەی خۆمانەوە بوو کەسالآنە ئەو گەنمانەی خەڵکی ئاوایی دەیان دورییەوە لەوێ بڵاویاندەکردەوە، تالەبەر تیشکی خۆردا وشک بێتەوە کۆببونەوە. بە هەموویان بازنەیەکی فراوانیان بە دەوری باوکم و ئەو پیاوە بەهێزە دروستکردبوو، کە قەبارەی بازووەکانی شان و مل و قۆڵی لە باوکم مەزنتر

بوو. من لەو ساتەدا ترسی ئەوە لەناخمدا دروستبوو، ئەو پیاوە زلەی کەبەوێنەی دێوەکانی ئەو چیرۆکانە دەچوو کە داپیرە شەوانە بۆی دەگێڕامەوە،بە باوەشێک پشتی باوکم لە زەوی بدات.

کاتێک پیر شاهۆ دەنگی ئەوەی پێدان دەست بەزۆران بکەن، ئەو پیاوە بە هەموو هێزی تاوی دایە کەمەری باوکم و هەوڵی ئەوەی ئەدا پشتی لە زەوی بدات، بەڵام باوکم بەهەموو هێزی بەرگری لە خۆی دەکرد. چەند جارێک وەک دوو دێوی مەزن کەلەشەڕێکی چارەنوس سازدا بن، یەکترییان لەئامێزی یەکدی نابوو،هەردووکیان لە هەوڵی ئەوەدا بوون ئەوی تریان بەزەویدا بدا. هاتوو هاوارو چەپڵەی ئەو ژن و پیاوانەی کە گوڕێکی مەزنیان بە باوکم ئەدا، لە گوێکانمدا دەنگی ئەدایەوە. منیش بێئاگایانە لە جێگەی خۆمەوە هاوارم ئەکردوو دەمگووت: «باوکە بەهێز بە، ڕێگەنەدەیت بتبەزێنێت». لەو ساتەدا دڵنیابووم لەوەی باوکم دەنگم دەناسێتەوە، هەربۆیە زێدەتر هاوارم دەکردوو هێزم پێدەبەخشی. لەدوای ماوەیەکی زۆر هەردووکیان تەواو ماندوو ببوون، وەک دووگای شێت بەرەو ڕووی یەکتر وەستابوون دەمیان کردبۆوە و بەتوندی هەناسەیان ئەدا، جەستەی تەڕو ماندویان لەبەردەم پڕشنگی ئەو خۆرە گەرمەدا وەک

شەپۆلی ئـاو دەبریسکایەوە. ئـەوەنـدەی نـەبرد باوکم گورێکی بەجەستەپڕماسولکەکەی خۆی داو تاوی دایە قاچە ئەستورو درێژەکانی ئەو پیاوەی تەواو بە دێوێکی دڕندە دەچوو، بەهەموو هێزی بڵندی کردەوە و کێشای بە زەویداو تەپوو تۆزێکی زۆر بەهەموو لایەکی جەستەیدا بڵاو بۆوە، من وای بۆدەچووم یەکڕاست لە جێگەی خۆی بڵندبێتەوە و ڕوبەڕووی باوکم بێتەوە، بەڵام تا ماوەیەکی زۆر ئەو دەعبایە لەجێگەی خۆی نەبزووت، دواتر چەند پیاوێک تاویاندایە بن باڵی و توڕیاندایە سـەر پیشتی ئەسپێک و بەرەو قەڵای جولْندی بردیانەوە.

یەسنا بەتەنیشتمەوە ڕێی دەکرد، وەک بیر لەشتێک بکاتەوە، چاوەکانی لەسەر ئەو ڕێگەیەبوو کە هامووشۆی ئەسپ و مـەڕو ماڵاتی ئاوایی نەخشی کردبوو. هێشتا چەند هەنگاوێکمان مابوو بگەینە کورەکەی باوکم، وتی:

-تۆ شێوەی ئەو شمشێرە لەئەندێشەتا مـاوە، کە لە خەونەکەتدا بینیبووت.

پرسیاری ئـەوەم لادروسـت بـوو بۆچی یەسنا ئەو خەونە بۆتە خەمی؟ دوای کەمێک بیرکردنەوە پێم وت:

-بەڵێ.

پێشئەوەی بگەینە کورەکە لە دورەوە زرمـەو ناڵەی ئـەو چـەکوشـەی بـاوکـم ئاسنی پێ دەکـوتـا، هەستێکی

خۆشبەختی بە دەرونم ئەدا، کە گەیشتین  یەسنا سڵاوی لە باوکم کردو قاپەکەی لەسەر یەکێک لەو بەردانە دانا، کە باوکم ئاسنی لەسەر دەکوتا. باوکم بەگومانێکەوە پرسی:

-ئــەوە چۆنـە ئـەمڕۆ مــەڕو مـاڵاتـەکـەت بــۆدەرەوە نەبردووە؟

بەخەندەیەکەوە پێم وت:

-ئەمڕۆ یەسنا پێی خۆش بوو لەگەڵی بم لەگەورەکە بڕێکی باش کام بۆ کردوونە ئاخوڕەوە.

باوکم بەهۆی شەکەتییەوە ئەوەندە گوێی بەوەڵامەکەم نەداو تاوی دایە قاپەکەو دەستی کرد بەنان خواردن.

یەسنا لـەو کـاتـەدا لەتاوێرێکی بـەردی دەڕوانــی کە ڕوویەکی تەخت و فراوانی  هەبوو، بانگی کردم کە بچمە تەنیشتیەوە پاشان وتی:

-دەتوانیت لەسەر ئەم تاوێرە وێنەی ئەو شمشێرەی خەونەکەتم بۆ دروست بکەیت؟.

بە متمانە بەخۆبوونەوە وتم: بەڵێ.

یـەسـنـاچـووە نێزیکی بـاوکـمـەوە و داوای ئـەوەی لێکرد،پارچەئاسنێکی تیژی بداتێ، ئەویش بە هەستێکی ماندووبوونەوە پەنجەی بۆ پارچە ئاسنەکە درێژکرد، کەلە نێزیکی کورەکەوە بوو. یەسنا پارچە ئاسنەکەی لەگەڵ خۆی هێنا، کە بە خەنجەرێکی ئەستور دەچوو، نوکێکی تیژی هەبوو، دایە دەستم وتی:

-ئێستا وێنەکەی وەک خۆی بەجوانی لەسەر ڕووی ئەو تاوێرە بەردە بکێشە.

پاش کەمێک بیرکردنەوە وێنەی ئەو شمشێرەم کێشا، کە ئەستورییەکەی هێندەی چوار پەنجەی خۆم دەبوو، بەو پارچە ئاسنە درێژی شمشێرەکەم بە هێندەی باڵێکم درێژ کردەوە. یەسنا لەدوای تەواو بوونی من هەمان وێنەی شمشێری لەتەنیشت وێنەکەی منەوە کێشا، بەڵام وێنەی شمشێرەکەی ئەو لەوەی من درێژترو ئەستورتر بوو.دواتر بە چەکوشێکی بچوکی ئاسن کەدەسکەکەی بە گوریسی خوری پەیوەستکرابوو، کەوتە پیاکێشانی ئەو پارچە ئاسنەی کەبەهۆیەوە وێنەی شمشێرەکەی پێ هەڵدەکۆڵی ئەو کارە چەند ڕۆژێکی برد، تا تەواو وێنەی هەردوو شمشێرەکەمان لەسەر ڕووی تاوێرەکە وەک خۆی و بە جوانی هەڵکۆڵی.

ڕۆژێک یەسنا لەماڵەوە پرسیاری ئەو پارچەبەردە ئاسنینانەی لە باوکم کرد، کە چۆن ئەیانتوێنێتەوە و چیتریان لێ جیادەکاتەوە... باوکم دەیگوت:

-ئەو پارچە بەردانە بازرگانەکان لەبری ئەوشمشێرانەی بۆیان دروستدەکەم دەیفرۆشنەوە بە جەنگاوەرەکان ئەو بەردانەم لە شوێنە دورەکانەوە بۆدەهێنن، منیش لەکورەکەدا دەیان توێنمەوە و خاوێنیان دەکەمەوە.

یەسنا پرسیاری شتێکی تری لەباوکم دەکرد کەلەئاسن ڕەقترو بەهێزتر بێت باوکم دەیگوت:

-جگەلە ئاسن هیچ شتێکی تر گونجاو و باشتر نییە بۆ شمشێر لەبەر ئەوەی ئاسن سروشتێکی تایبەتی هەیە هەم ڕەقە و هەم ناشکێت، بەڵام دەتوانین بەتوانەوەی چەندجارێک شمشێرەکە ڕەقتر بنوێنێت. جارێک بەو شێوەیە تەنها شمشێرێکم بۆ سەرۆکێکی قەڵای جوڵندی بەتایبەت دروستکردووە، بەڵام ئەو شێوەیە دەبێت ئەستوربێت و هێزێکی دەوێت مرۆڤ بتوانێت بەویستی خۆی بیسوڕێنێت.

یەسنا دوای کەمێک بیرکردنەوە وتی:

-زۆرباشە من دەمەوێت بەو شێوەیە دروستی بکەین.

چەندڕۆژێکی پێچوو تا من و یەسنا بڕێکی زۆر ئاسنمان لە کورەکەدا توانەوە و لەو خۆڵ و وردەبەردوو پیسییەی کە تێکەڵی بوو خاوێنمان کردەوە.دوای توانەوەی لە بنی کورەکەدا، کەڕەنگێکی تێکەڵەی سورو زەردی لەخۆگرتبوو، بەهۆی ئەو کەوچکەبەردەی کەباوکم بەکاری دەهێنا بڕێکی زۆر ئاسنی تواوەمان لە چاڵەکان ڕۆکرد، تا بەتەواوی پڕبوون و وێنەی چاڵی شمشێرەکانی وەک خۆی پڕکردەوە.

یەسنا هەموو ڕۆژێک شمشێرەکانی لە نێو کورەکە دەنا، تا تەواو سوردەبوونەوە و نەرم دەبوون، پاشان دەری دەهێنان تا بۆخۆیان سارد دەبوونەوە و ڕەق دەبوونەوە. چەندڕۆژێک ئەم کارەمان دووبارەدەکردەوە

تا شمشێرەکان شێوەیەکی ئەستورو ڕەنگی ڕەشیان لەخۆ دەگــرت. یەسنا داوای لەباوکم کرد بەهۆی بازووەبەهێزەکانیەوە بیان کوتێتەوە تا شێوەیەکی ڕێک و لێواریکی تیژیان پێ ببەخشێت. دوای کارەکەی باوکم لەگەڵ یەسنا شەوانە لەماڵەوە هەریەکەمان تیغی شمشێرەکانمان بەو هەسانە تیژدەکردەوە، کە بەڕۆنی دووگی مەڕەکان چەورمانکردبوو. چەند شەوێک بەو کارەوە بەدەم گێڕانەوەی یادەوەریەکانی تۆوە کارمان دەکـرد دایەگیـان. .. تـا شمشێرەکان ئـەوەنـدە تیژ و خاوێن ببوونەوە لەبەردەم ئاگری ئاگردانەکەی ماڵەوە دەبریسکانەوە. شمشێرەکەی یەسنا هەتا بڵێی قورس و گەورەبوو من هێزی ئەوەم نەبوو بڵندی بکەم. ئای چەند دڵ خۆش و بەختەوەر بووم، کە توانیم ئەو خەونەم بکەم بەڕاستی، واهەستم دەکرد بەهۆی ئەو شمشێرەوە بەتەواوی دەبمە ئەو پاڵەوانەی شەوانە لەخەونەکانمدا خۆم تیا دەبینییەوە!

ئەو ڕۆژانەی کەشەکە گەرم بوو خۆر بەدەر دەکەوت، مەڕو ماڵاتەکانم دەبردە دەشت و شمشێرەکەم لەگەڵ خۆم دەبرد. یەسنا لەپاش خاوێنکردنەوەی ماڵەوە تەواو بوونی کارەکانی، ماوەیەک دەچووە نێو پەرستگای ئەشکەوتەکەو پاش نزاکردن بەهێمنی، لە پلیکانەبەردەکانی ئەشکەوتەکەوە دەهاتەخوارەوە، بەرەولای من دەهات و

ڕاهێنانمان لەسەر چۆنیەتی وەشاندنی شمشێرو هونەری جەنگ دەکرد.

ڕۆژێک یەسنا پرسی:

-ئێستا خەونەکەت هاتە دی؟

منیش بە دڵێکی خۆشەوە وتم:

-بەڵێ واهەستدەکەم ئێستا پاڵەوانی خەونەکانی خۆمم.

بە خەندەیەکی پڕلە خۆشەویستییەوە وتی:

-ڕاستە، بەڵام مرۆڤ تەنها بەهۆی کەرەستەیەکی جەنگەوە نابێت بەپاڵەوان... ئەو شمشێرەی لەدەستتدایە پێویستی بە هێزێکی دەرونی و متمانەیەکی بەهێز هەیە تا بتوانیت بەجوانی و لێزانانە بیوەشێنیت و شەڕی پێبکەیت.

وەڵامەکەی یەسنا وایلێکردم گومان لەهێز و توانای خۆم بکەم، وتم: باشە چۆن دەتوانم ئەو هێزەلەخۆمدا کۆبکەمەوە، تا ببمە پاڵەوانی خەونەکانی خۆم وتی:

-بەردەوام بیربکەرەوە، وەک چۆن بیرت لە دروستکردنی ئەو شمشێرە کردەوە! ئاوا بیرلە هێز و توانای خۆت بکەرەوە، متمانەت بە هێزو توانای زیاتری خۆت هەبێت و بیرو هەستەکانت بەچڕی لەو خەونەدا کۆبکەرەوە، کە چۆن خۆت دەبینیت ئاوا ڕەفتار بکە، تا ئەو هێزە ئەوەندە ناخت پڕدەکات لەڕەفتارەکانتا ڕەنگ ئەداتەوە.

لـەدوای قسەکانی ئـەو هەمووشەوێک بیرم لەخۆم دەکـردەوە، چۆن بەوتەمەنە کەمەوە بتوانم بەرەنگاری ئەو کەسانە ببمەوە، کەلەخۆم مەزنترن، وەک چۆن باوکم توانی بە هۆی متمانەی خۆیەوە ئەو مرۆڤەی کەتەواو بە دێوێکی ترسناک ئەچوو لەزەوی بدات و پشتی بشکێنیت.

## 6

پێم دەڵێت: «هەوڵبدە بۆخۆت بیرلە ڕابـردووی خۆت بکـەرەوە، مـرۆڤ بەیادەوەریەکانی ڕابــردووی خۆیەوە خۆی دەناسێت!؟»

ئەو دەنگە دەمباتەوە بۆنێو گۆڕەپانی جەنگ. نیگاکانم لەسەر چڕی ئەو دوکەڵە لەنگەردەگرێت کە ئاسمانی ئەو جەنگەی داتەنیوە، لە نێویدا وێنەی مرۆڤ گەلێک دەبینم کە وەک تەمێک بۆبڵندی ئاسمان هەڵدەکشێن. لە نێویاندا هەندێک لـە هەڤاڵانی خـۆم دەنـاسـمـەوە. خـەندە لەسـەر لێوەکانیانە و نیگاکانیان ئومێدی سـەرکەوتنێکی مەزنی

تیا دەبینرێت. لەگەڵ ئەو نیگا گرژو تاڵانەی سەربڕەکاندا، ئاوێزانی یەکدی دەبن و بەئارامی بەرەو قوڵایی ئاسمانی ساماڵی کۆبانی هەڵدەکشێن. لەدڵی خۆمدا دەڵێم: «ئاخر ئەوە کەی ڕەوایە، سەربڕەکان بەهەمان شێوەی شەڕڤانان بگەڕێنەوە بۆ لای هەمان شوێن و دادگای خودا، ئاخر چۆن دەبێت تاوانکارو بەرگریکار هەمان ڕێگەی گەڕانەوەیان هەبێت...!»

ئەو ڕەشەبا توندەی لە ناکاوێکدا هەڵی کردووە بۆن و بەرامەی باروتی سوتاو بۆگەنی پیازو میوەی ڕزیوی بازاڕی سەوزە فرۆشانی تێکەڵ بەیەکدی کردووە. لەنێو پانتایی ئەو جەنگە سەخت و چارەنوس سازەدا، مۆتەکەی مەرگ لە هەناوی هەموو ئەو گوللانەی وەک زەردەواڵە بە هەموو لایەکدا دەگیزێنن، ئومێدی گەڕانەوەم بۆلای ئارین لەگۆڕ دەنێ.

ئای لەتۆ جەنگ، چەندە نەفرەت لێکراویت! کاتێک ناوت دێت هەموو خەونە جوانەکانی ژیان لە گەڵ خۆت دەبەیت. ئاخرتۆنازانیت نازدارێک لە چاوەڕوانی مندا دڵی ئارام ناگرێ؟ نازانم ئارین تۆبۆچی ئەوەندە سەرسەخت و دژواریت؟ چ دەبوو تۆش وەک (هەڤاڵ نەسرین) لەگەڵمدا لەم جەنگەدا پێکەوە بووینایە. تۆ دەزانیت کاتێک ئەوینی تۆو نیشتمان پێکەوە چەندە جوانیی بە ژیان دەبەخشێ!؟ ئاخر چۆن دەبێت من لەناو هەناوی مەرگدا ئومێدی گەڕانەوە

به ژیانی خۆم ببەخشم. ئای چەند گەمژەییە مرۆڤ لەنێو جەنگدا بیر لەژیان بکاتەوە.

لە پاڵ دیواری حەوشەی ماڵێکدا خۆم حەشارداوە. ئەو (سەگڤانە) نەفرەتییەی کە نازانم لە چ قوژبنێکی ئەو ماڵانەدا خۆی مەڵاس کردووە کە دەکەوێتە سەر ئەو ڕاستە شەقامەی چاودێری دەکەم. بەردەوام چاوە تیژەکانی لە دوربینەکەیەوە لە سەر ڕەفتارەکانمەو چاودێری هەموو جوڵەو ڕەفتارەکانم دەکات. ئەو باش دەزانێت ئەو خانووە چۆڵەی کە بەڕووی ئەو ڕاستە شەقامەدا دەڕوانێت، کۆنترۆڵی هەموو جوڵەو هێرشێکی ئەوانی کردووە، هەربۆیە وادەزانێت لە نێو پانتایی ئەو جەنگەدا تەنها من بوومەتە ڕێگرێکی سەر سەخت و دژوار لەمەڕ پلانە دڕندانەکانیان.

واهەستدەکەم لە کەلێنی دیواری بلۆکی خانووەکەوە لەگەڵ ئەو دا چاوشارکێ دەکەین، ئیتر نازانم کاممان پەی بەیەکتری دەبەین و کۆتایی بەو گەمەیەی نێوانمان دەهێنین. پێدەچێت ئەو سەگڤانێکی زۆر بەئەزموون بێت، ئەگەر ئەو بایە بەهێزە نەبوایە کە لەنێوانماندا هەڵی کردووە، چەند خولەکێک پێش ئێستە، بە فیشەکێکی پڕلە قین و تۆڵە کاسەی سەری هەڵگرتبووم.

سەرێکم لە دیوارە بلۆکەکەوە بڵندکرد، تا دەستڕێژێکی گوللە ئاراستەی ئەو سەربڕە کەتەو زلە بکەم کە کەمەری بە شریتێکی فیشەکی بی کەی سی پێچابوو. بەدەم گوللە

بارانکردنی ئێمەوە دەیویست بوارێک لەژێر ڕێژنەی گوللەکانی ئێمە بۆ سەربڕەکانی هاوەڵی بدۆزێتەوە، لەکەمترین ماوەدا هەڵکوتنە سەرمان! بەڵام کەلە کونی دیوارەکەوە تێبینی ئەومکرد کە بەپڕتاو خۆی هاویشتە سەر شۆستەی شەقامەکەو بەدەم تەقەکردنەوە جەستە قورس و گرانەکەی خۆی بۆ پێشەوەی پاڵ ئەنا، بە فیشەکێک جەستە قورسەکەیم لەشوێنی خۆیدا لە جوڵە خست. لەو ساتەدا ئەو سەگڤانە نەفرەتییە، نازانم لە چ قوژبنێکەوە هەستی پێم کردبوو، منی کردبووە ئامانجی خۆی و فیشەکێکی ئاراستە کردم، ئەگەر لەو ساتەدا سەرم بۆ لای دیوارەکە نەهێنابایە، دەمێک بوو پێکابوومی. لە وساتەدا گوێم لە گیزەی ئەو فیشەکە بوو کە بەتەنیشت سەرمدا وەک زەردەواڵە تێپەڕی و سڵاوێکی مەرگی لێکردم!

دڵنیام ئێستاش بەردەوام چاوەکانی لەسەرمە، دەیەوێت تۆڵەی ئەو هاوەڵەی خۆیم لێ بکاتەوە کەلەدوورەوە جەستە کەتەکەی نوقمی خوێنی خۆی بووە. واهەستدەکەم ژیانم لە نێو گەمەیەکی من و ئەو دا وەستاوە. توانای جوڵەی زۆرم نەماوە، دەمەوێت جێگەکەی خۆم بگۆڕم و کەلێنێک بکەمە ئەو دیوارە بلۆکەوە کە ژیانم لە پشتییەوە پارێزراوە.

چاوێک بۆ حەوشەکەی دوای خۆمەوە ئەگێڕم، بیرلەوە دەکەمەوە شتێک بدۆزمەوە تا دیوارەکەی پێ کون بکەم، لە جێگەی خۆمەوە بەسنگەخشکێ بەسەر خۆڵی حەوشەکەدا

خۆم دەخشێنم و لەبەرزی ئەو خانوانەی بەرامبەرمەوە بەدیار نەکەوم. ئەوەی مێشکی پڕلە گومانکردووم ئەوەیە، شوێنی ئەو سەگڤانە نەفرەتییە نازانم! بەڵام دڵنیام لەوەی لە شوێنێکی بڵندی باڵەخانەکانەوە خۆی حەشارداوە، تا بەتەواوی کۆنترۆڵی هەموو ئەو خانوانە بکات کە هێزەکانی ئێمەی تیا جێگیرکراوە.

بەلای ڕاست و چەپی ئەو حەوشە چۆڵ و وشکەدا دەگەڕێم،جگە لە فیشەکی زۆری تەقێنراو، کە بەهەموو لایەکدا بڵاو بۆتەوە هیچ شتێک نادۆزمەوە تا بلۆکێکی پێ کون بکەم، لەگەڵ دەستپێکی ڕێژنە گوللەیەکی نزیکدا بەپەلە خۆم دەگەیەنمەوە نێزیک ڕاستە دیواری حەوشەکە،لەو کەلێنانەی کەبەهێندەی کونی بزمارێک کەمێک گەورەتر دەبن، لە ڕاستە شەقامەکە دەڕوانم. وای بۆدەچم لە نزیکمەوە دەستپێکی هێرشێکی بەربڵاو هەیەو کەمێک بۆ ئەوسەری دیوارەکە دەڕۆم، تا هەواڵێکی (هەڤاڵ نەسرین) بزانم، کەلەحەوشەی خانوەکەی بەرامبەرمەوە دامەزراوە. ئەو ڕەشەبایەی، کە گەردەلولێکی بەهێزی لەو ناوەدا بەرپاکردووە بۆنی میوەی بۆگەن و باروتی ئەو تۆپانەی لەلایەن سەربڕەکانەوە ئاراستەمان دەکەن، تێکەڵ بەیەکدی کردووە. هەستدەکەم ئەو شوێنەی ئێمە لێی دەجەنگین بازاڕی سەوزە فرۆشانە، ئەگەر سەربڕەکان بتوانن کۆنترۆڵی بکەن، ئەوا دەتوانن بەئاسانی موشەکبارانی

ئەو دەروازە سەرەکییە بکەن، کە بەڕووی خاکی تورکیادا دەکرێتەوە. هەربۆیە هێزەکانمان هێڵێکی بەرگری بەهێزیان لەو ناوچەیەدا دروستکردووە تا ڕێگری لە لەشکر کێشی ئەو سەربڕانە بکەین و ئەو خەونەیان لە گۆڕ بنێنێن کە بڕیاریانداوە لە ماوەی چەندڕۆژێکدا هەموو کۆبانێ کۆنترۆڵ بکەن و نوێژی سەرکەوتنیان لە مزگەوتی گەورەی کۆبانێ بکەن.

ئێمە لە چ جەنگێکی دژوارو نابەرامبەرداین. ئەوان بە چەندین چەکی بەهێزو پێشکەوتووەوە ڕووبەڕومان دەبنەوە، ئێمەش تەنها بە چەکێکی سادە و کۆن دەجەنگین. بیرلەوە دەکەمەوە ئێمەی کورد بەهۆی داگیرکردنی خاک ئاومانەوە، چما تا هەنوکە بیرمان لە دروستکردنی چەک نەکردۆتەوە؟ لەم جەنگە سەختەدا مەزنترین چەک کەلە دەستماندا بێت و هێرشی ئەو سەربڕانەی پێ بشکێنین، تەنها چەکی بیرو باوەڕمانە.

لەنێو گەرمەی تەقەو گیزەی ئەو فیشەکانەی، کە کەس نازانێت بە کوێی جەستەدا دەچزێن، بە هەموو هێزم گازی هەڤاڵ نەسرین دەکەم. ئەو ڕەشەبایەی خۆی بە هەموو قوژبنێکی ئەو ناوەدا دەکێشێ، دەنگم لەگەڵ خۆیدا بڵاو دەکاتەوەو پاش کەمێک گوێبیستی هەڤاڵ نەسرین دەبم بەدەنگە ناسکەکەی هاواردەکات.

-مەلیک چی هەیە؟

بەبیستنی دەنگی ناخم ئاسودە دەبێت و لە جێگەی خۆمـەوە بـەدەسـتـەکـانـم بـازنـەیـەک بـــەدەوری دەمـمـدا دروستدەکەم بۆ ئـەوەی دەنگم زێدەتر بەئاراستەی ئەو بچێت و هاواری بۆدەکەم و دەڵێم:

-سەگڤانێکی نەفرەتی چاوی لەسەرمە، ناتوانم بە جوانی کۆنترۆڵی شەقامەکە بکەم، لە لای تۆوە هیچ دیارە!؟

ئەو بەهەمان تۆنی هاوارەوە وەڵامم ئەداتەوە:

-هەڤاڵ مەراقت نەبێت، ئاگاداری ئەوەبووم ئەو سەربڕە سەرکێشەت تۆپاند!

بەو هەواڵە ترسی هێرشی سەربڕەکان لەسەرم کەمێک ئارامتردەبێتەوە، بیر لە ڕێگایەک دەکەمەوە تا خۆم لە ژێر چاودێری ئەو سەگڤانە نەفرەتییە قوتاربکەم. چەندجارێک بیرم لـەوە کردبۆوە کە شوێنی خۆم بگۆڕم،بەڵام ئەوە بیرگەلێکی نـادروسـت بـوو بۆ ئـەو جێگە گرنگەی کە لە ڕێـگـەیـەوە کۆنترۆڵی هـەمـوو هێرشێکی سـەربڕەکانی پێدەکەم. لە چاوەڕوانی ئەو هەڤاڵانەدا بووم، کەلە دوامەوە و لە نێو پەنجەرەو کەلێنی دیواری خانووە چۆڵە کانەوە لەبەرگریدان  بەهانامەوە بێن، تا پشویەک بە بیری خۆم بدەم. لە چاوەڕوانی ئەواندا بیر لەوە دەکەمەوە لەو کونانەی کە لە نێو بلۆکەکاندا بوون، چاوم لەسەر جوڵەی شەقامەکە بێت. خۆئەگەر هێرشێک بەدی بکەم، بێئەوەی سەرم بڵند بکەم بەردەسترێژی گوللەیان بدەم. ئەوەی زیاتر خەمی

دڵمی ئارام کردبوو، بوونی هەڤاڵ نەسرین بوو، کە ئەویش چاوەکانی لەسەر شەقامەکەی نێوانمان بوو.

ئـەوەی ناخمی زێدەتر بەرامبەر ئـەو دۆخـە دژوارە نیگەران کـردبـوو، ئـەو سەگڤانە نەفرەتییە یـە، هەموو جوڵەیەکمی لە پشت ئەو ڕاستە دیوارەدا قەتیس کردووە. ئەو کونە بچوکانەی لە نێوان کەلێنی دیوارەکەدان، مەودای بینینمی تەسک کـردوە، بیر لەوە دەکەمەوە شوینی ئەو سەگڤانە بدۆزمەوە و بەر دەستڕێژی گوللەی بـدەم، تا ئـازادی بە جوڵەی خـۆم بـدەمـەوە. ئەگەر وانـەکـەم چی بکەم؟ دەبێت لە شوێنی خۆمدا چاوەڕوانی ئەوەبم ئەو سەربڕە دڕندانە لە ناکاوێکدا هەڵکوتنە سەرم و بمکوژن، یان بە بریندارى دەستگیرم بکەن و بەو چەقۆ گەورانەی کە بەکەمەری خۆیاندا هەڵیان واسیوە، وەک مەڕێکی بێدەسەڵات سەرم بڕن و لەنێو خۆیاندا تۆپانێی پێبکەن. ئای ئەوانە چ مرۆڤێکن!؟ چۆن بیرلە ژیان و مرۆڤایەتی دەکـەنـەوە؟ چۆن ڕێگە بە خۆیان ئـەدەن لە بری خودا بڕیاربدەن و مرۆڤایەتی لە پێناو خەونێکی قێزەون و بچوکی خۆیاندا لەناو بەرن؟

لەنێو گرمەو ناڵەی ئەو جەنگەدا، چاوەکانم بە ئاستەم لەسەر هەڤاڵ نەسرینە، کە لە پشت دیـواری ماڵەکەی تەنیشتمەوە جێگۆڕێکێ بەخۆی دەکات، تا دوژمن چەواشە بکات. تاوناتاوێک سەرێکی بۆ لای ڕاستە شەقامەکەی

نێوانمان بڵند دەکات، تا لە هێرشی سەربرِەکان دڵنیا بێتەوە. ئیرەیی بەو ڕەفتارە بزێوانەی دەبەم، کەوەک باڵندەیەکی سرک دەبزوێت. لە هەستی خۆمدا وێنای ئەوە دەکەم، ئەگەر لەبری هاڤاڵ نەسرین، ئارین بوایە ئێستا چ هەستێکی خۆشبەختی بە دەرونم دەبەخشیی. مرۆڤ لەگەڵ ئەڤینی خۆیدا لەهەر تەنگانەیەکی ژیاندا بێت هەست بەئارامی دەکات. نازانم ئەو کیژە شۆخ و شەنگە، بۆچی ئەوەندە سەرسەختە!؟ بریا بەهێندەی ئەو ئەویندارییەی بۆمنی هەیە، ئەوەندەشی بە نیشتمان دەبەخشی.

وێنای ئەو ساتانە دەکەم، کە بەدەم هەنگاوە ئەندێشە ئامێزەکانمانەوە بەرەو لوتکەی بەرزایی ماسییەکانی حەزرەتی ئیبراهیم هەڵدەکشاین و دڵمان لە یەکتری پڕببوو. کاتێک گەیشتینە ئەو ئاستەی کە هەموو شاری (ئورفە) لە ئامێزی چاوەکانماندا بوو، بە نیگایەکی پڕلە گومانەوە لێمی ڕوانی و پێی وتم:

-تۆ ئەمشەو بەتەمای بەرەو کۆبانی بڕۆی؟.

لە چاوە ڕەش و خەمگینەکانیدا هەستم بەو نائارامییە دەکرد، کە نەیتوانی ڕێگرم بێت. بە دڵێکی پڕلە ئازارەوە پێم وت:

-بڕیارە هەر ئەمشەو لەگەڵ چەند هەڤاڵێکدا بە نهێنی لە سنورەوە بچینە ناو کۆبانێ، هەموو ڕێگاکان کۆنترۆڵکراوە بۆ چونە ناوەوە.

کاتێک دڵنیابوو لەوەی چیتر ناتوانێت ڕێگریم بکات، چەند دڵۆپێک فرمێسک لە چاوە ڕەشەکانی بە ڕوومەتە پان و گەشەکەیدا خزانە خوارەوە، بە گوڕێک خۆی هاویشتە ئامێزم و بەدەم هەنسکی گریانەوە پێی وتم:

-بۆخۆیشم نازانم لە نێوان من و کۆبانی بۆکامەمان دەبێت؟.

پەیڤی ئەو ژنە فاڵگرەوەی بەبیر هێنامەوە، چەند ڕۆژێک پێش بڕیاردانم بۆ بەرگری لە کۆبانێ لەگەڵ ئارین، لەسەر ئەو کورسیانە دانیشتبووین کە ئەیڕوانییە ئەو ماسیانەی لەنێو حەرەمی حەزرەتی ئبراهیم دا، بەناو ڕێڕەوی ئاوەکانی ناو باخچەکاندا دەهاتن و دەچوون. لەوساتەدا ئەو ژنە فاڵگرەوەیە وەک ئەوەی هەستی بە خەمی ئێمە کردبێت، هاتە بەردەممان و بە دەنگێکی تەلیسم ئامێزەوە پێی وتین: «ئێوە دوانەیەکن تەنها بەڕۆح بەیەکدی دەگەن، هەرچەندە خەونەکانتان لە یەکدی دەچێت، بەڵام ئەستەمە بەجەستە یەکتری لە ئامێز بگرن!» ئەو پەیڤانە وایلێکردم بە هەستێکی پڕلە گومانەوە لە سیمای تەلیسم ئامێزی ئەو فاڵگرەوەیە بڕوانم و پێی بڵێم: « چۆن ئەوە دەزانیت؟». ئارین، کە گوێبیستی ئەو پەیڤانەی بوو، بە دڵێکی پڕلە قینەوە ڕێگەی بەو ژنە نەدا پەیڤەکانی تەواو بکات و پێی وت: «بڕۆ هەی نەفرەتی، مەبە بە ئەهریمەنی خەونەکانمان».

بە دەستە لاوازەکانم جەستە گۆشتنە پڕەکەیم بە خۆمەوە ڕاموسان و بە دڵێکی خەمگینەوە، کە لە چاوەڕوانی دیداری کۆبانی ئۆقرەی لێبڕابوو وتم:

–بێ ئومێد مەبە ئەزیزم، ئەڵێن ئەوانەی بەڕۆح ئەویندارى یەکدین، خودا ڕۆژێک دەبەخشێت بە خەونەکانیان.

لەو ساتەدا کەهەموو هەستەکانم ئاوێتەی ئەندێشەی ئارین ببوو، دەنگی هـاواری هـەڤاڵ نەسرین بە ئاگام دێنێتەوە و پێمدەڵێت: مەلیک  سەربڕێک دزەی کردۆتە ناو خانووەکەی بەرامبەرت!

بەچاپوکی بەخۆم دێمەوە و بە هەستەوەرییەکی ئامادە باشییەوە، بە بێئەوەی خەیاڵی ئەو سەگڤانە نەفرەتییەم هەبێت، بەردەوام چاوەکانی لە چاوەڕوانی ئەوەدا بوو بە فیشەکێک بمکاتە نێچیری خەونەکانی، سەرێکم لە دیوارە نزمەکەوە هەڵبڕی و ڕوانیم هیچ کەسێک دیار نییە،بێئەوەی بەویستی خۆم بێت، بەپەلە سەرم دانەواندەوە. لەو ساتەدا گوێبیستی گیزەی گوللەی ئەو سەگڤانە بووم، کەلە نێزیکی سەرمەوە وشەی مەرگی بە گوێکانم سپارد. هەستدەکەم مەرگ گەمەم لەگەڵدا دەکات. بۆخۆیشم نازانم چارەنووسم بە دیداری ئارین شاد دەکاتەوە یان لەم جەنگەدا دەکوژرێم و هەموو خەونەکانم بۆ دیداری ئەو نازەنینە لەگەڵ خوێنی جەستەمدا تێکەڵ دەبن؟. نەفرەت لە جەنگ، نەفرەت لە خەونی ئەهریمەنی ئـەو مرۆڤە شەڕنگێزانەی ئارامی

مرۆڤایەتی دەشێوێنن. دەبێت لە هەموو ئەو جەنگانەی مێژووی مرۆڤایەتی خوێناوی کردووە،چەند خەونی ئەویندارى مرۆڤەکانیان لە گۆڕنابێت!؟

کەمێک لە دیوارەکەوە بۆ دوای خۆم دەکشێمەوە، واهەستدەکەم خۆم بۆ نێچیرێکی دڕندە مەڵاس کردبێت، جوڵە لە خۆم دەبڕم و لولەی تفەنگەکەم ئاراستەی ئەودیوارەدەکەم و پەنجەم لەسەر پەلەپیتکەکەی دادەنێم. هەموو هەستەکانم لە چاوەڕوانی ئەوە دایە ئەو نێچیرە خۆیم نیشان بدا،ئەوەندەی خولە کێک نابات،لەگەڵ دەنگی دەستڕێژێکی گوللە کە لە هەڤاڵ نەسرینەوە ئاراستەی دیوارەکەی لای من دەکرێت، سەربڕێکی ڕیش درێژی لاو، بە قەڵەمبازێک خۆی هەڵ ئەداتە سەردیوارەکە، بەهۆی ترسی ئەو کوللانەی تۆزێکی زۆرلەدیوارەکە هەڵدەستێنێت و هۆشی ئەوەی نابێت کە من لەناو حەوشەکەدا خۆمم بۆی ناوەتەوە. بەهەموو ئاگایی خۆمەوە دەسڕێژێکی گوللە ئاراستەی سنگە ڕەقەڵەکەی دەکەم.

ئەو، بەو گوژمەی خۆیەوە بۆسەر دیوارەکە خۆی تاودابوو، لەسەرلا دەکەوێتە ناو حەوشەکەوە و لەبەر دەممدا دەکەوێت و تفەنگە کەی لەدەست دەکەوێتە خوارەوە.

بەگومانی ئەوەی چەند سەربڕێکی تر بەدوایدا خۆیان

هەڵکوتنە ناو حەوشەکەوە چاوەکانم بـەردەوام لەسەر دیـوارەکـەیـە. بێئاگابووم لـەوە ئـەو سـەربڕە لاوەی کە تەمەنی بە هێندەی تەمەنی من دەچوو، بەدەم گیاندانەوە بەئاستەم هەناسەی ئەدا. چاوەکانم کەوتە سەر ئەو ڕیشە نەرم وتەنک و درێژەی،  کە پێدەچوو زۆر لە دەمێکەوە هێشتبێتییەوە. چاوە بچکۆلەو تیژەکانی هێدی هێدی لەگەڵ گیانەلاّیدا بەرەو کزی دەچوون، لەگەڵ جوڵەیەکی دەستی ڕاستی کەترسی ئەوەم هەبوو بۆ تفەنگەکەی درێژ بکات، لولەی تفەنگەکەم ئاراستەی سـەری دەکـەم،چـاودێری ئەوە دەکـەم پێشئەوەی دەستی بگاتە تفەنگەکەی، کەلە نزیکییەوە کەوتووە، فیشەکێک بنیم بەسەریەوە. بەلاّم دەستی ئەوەندە هێزی تیانەمابوو،پێدەچێت لەتاو ئازاری جەستەی پەنجەکانی لە ناو خۆڵی ئەو حەوشە وشکەدا نقوم کردبێت. لەگەڵ دوا هەناسەییدا، خوێنێکی ڕەشی زۆر، بە قوڵپ لەدەمییەوە دێتە دەرەوە. لەگەڵ دەنگی دەستڕێژی تەقەی هـەردوولا، بۆنێکی ساردی ناخۆش کە بە بۆنی تۆوی پیاو دەچـوو، لـەو خوێنەوە دەهاتە لوتمەوە. بیرم لەوە دەکـردەوە، «پێدەچێت ئەو سەربڕە چەند خەونی سێکس ئامێزی بە کچان و ژنانی ئێمەوە بینیبێت؟» بەهەستێکی پڕلە تۆڵەوە، دەستڕێژێکی تر لە سەرە بچکۆلەو چڵکنەکەی دەکەم و مێشکە بۆگەنەکەی تێکەڵ بەخۆڵی حەوشەکە دەکەم.



# 7

شەو و ڕۆژ لەمندا بوونی نەماوە! بۆخویشم نازانم  چۆن تێپەڕ دەبن. کاتێک ئارین دەزڤڕێتەوە، ناخم سەوز دەکات و یادەوەرییەکانم دەژێنەوەو هێدی هێدی هەست بە بوونی خۆم دەکەم. هەستدەکەم بوونم بە دەنگی ئەو سەرچاوە دەگرێت. هەر بۆیە کاتێک گوێبیستی دەبم، ئاوەدانی ناخم داگیردەکات و ژیان بەبەرمدا دێتەوە و پێم دەڵێت:

–چیرۆکی ئەو دەستنوسە تەواو سەراسیمەی کردووم، ئارەزووی ئەوەدەکەم لەبری خۆم (یەسنا) بومایە، ئەوەندە بەهێز بووما، تا بمتوانیبا لەگەڵ تۆدا بجەنگامایە.  باواز لەو

خەونە بێنم کە بۆ من ئەستەمە، وەرە با چیرۆکی ئەو شۆخە نازدارو بەهێزەت بۆ تەواو بکەم، کە ناخی داگیر کردووم، دڵنیام تۆش بە وێنەی من تامەزرۆی بیستنی دەبیت.

خەونێکی یەسنا هەموو ژیانمانی گۆڕی! دەروونمانی بە ترسی جەنگ و هێرشی سەربڕەکان ئاشناکرد. هەمووومانی خستە نێو ئەندێشەیەکی دژوار و چاوەڕوانی هاتنی مەرگ و ماڵوێرانی. تائەو ساتە ئاشتی وئارامی لەنێو دڵ و ڕۆحماندا سەنگین بوو. زستان سەرماو سۆڵەی لەگەڵ خۆیدا پێچایەوە و بە جێی هێشتین. تەنها لوتکەی کێوە بەرزوو سەرکەشەکان نەبێت لەسپێتی پاشماوەی بەفری زستاندا سپی دەچوونەوە، پێکەوە لەگەڵ دیمەنێکی ئەفسوناوی سەوزی پێدەشت و چەم و کەنارەکان دەبەخشی. هاژەی ئەو چەمەی تا چاوان بڕی بکردبا ئاوازێکی پڕلە خۆشی و ژیانەوەی لەگەڵ دەنگی باڵندە کان بە دەرونی هەموو خەڵکانی ئاوایی ئەدا. تائەو ساتە، من تەمەنم چواردە بەهاربوو، یەسنا ش گەیشتبووە بیست، پایزی زەردوو جوان، باڵای هێندەبەرزو باریک و جوان بوو، بەداری ئەو چنارانە دەچوو، کەلە گوێی چەمەکەدا ڕوابوون و لەگەڵ شنەی فێنکی ئەو بەهارەدا دەشەکانەوە!

ژیان وەک هەمیشە جوانی و خۆشی و خەون و هێوای پڕلە بەختەوەری بە مرۆڤەکان دەبەخشییەوە. من لەگەڵ شمشێرە قورس و مەزنەکەمدا تەواو ڕاهاتبووم. بەدرێژایی ئەو ماوەیە لەگەڵ یەسنا وەک دوو جەنگاوەری بەهێز و

بەئەزموون لەگەڵ یەکدی دەجەنگاین، تاوێک بەسواری ئەسپەکانمانەوە بەرەو ڕووی یەکدی دەچووین و هێرشمان بۆیەکدی دەبرد، تاوێک لە نێو پانتایی ئەو پێدەشتە سەوزەی لەبەردەم پەرستگاکەدا بەرەو کەناری چەمەکە شۆڕدەبوویەوە دەجەنگاین و هونەرەکانی وەشاندنی شمشێرمان ئەزموون دەکرد. یەسنا متمانەیەکی زۆر بەهێزی بەخۆی هەبوو، بەو جەستە باریک و ناسک و سپی و سۆڵەیەوە، ئەو شمشێرە قورسو درێـژەی وەک دارێکی سوکی قامیش دەسـوڕان و بەویستی خۆی گەمەی پێدەکرد، بەبێئەوەی هەست بە ماندوو بوون بکات. بەچەندین شێواز جەستەی خۆی لەگەڵ ئەو شمشێرەدا وەهاگوونجاندبوو، دەتگوت جەنگاوەرێکی بەئەزموونی چەند ساڵەیە. من هێندە متمانەم بەو هێزەی یەسنا هەبوو ئەگەر جەنگاوەرە بەهێزەکانی قەڵای جوڵندی، کە پڕئەزموون بوون، لەگەڵیان بجەنگایە یەسنا دەیتوانی بەهۆی هێزو متمانەی خۆیەوە بیان بەزێنێت، هێزی ئەوەیان نەبێت لە چاوە هەمەڕەنگ و پڕلە تەلیسمەکەی بڕوانن.

شەوێکی درەنگ جیاواز لەهەموو شەوەکانی دی، کە ژیان تەواو خامۆش و ئارام بوو، تەنها دەنگی ئەو گورگانە دەبیسترا کە لە دوورەوە دەهاتنە نێو ئاوایی و بەدووی خواردنی ئەو مەڕوومالاتانەوە بوون، کەلەنێو گەوڕە گڵەکەدا مۆڵمان دابوون. من لەو شەوەدا بەدەنگێکی نامۆ بەئاگاهاتمەوەو بەپەلە تاومدایە شمشێرەکە، کەلەتەنیشتی خۆمەوە دامنابوو. شیمانەی ئەوەم

کردبوو دزەکانی دەرەوەی ئاوایی بۆ بردنی مەڕو ماڵاتەکان هاتبێتن. کاتێک ئەو دەنگەم ژنەفت تێکەڵ بە هەنسکی گریانی یەسنا بوو، بەدەم خەوەوە بە بڵمە بڵمێکەوە دەیبرزکان و دەیگووت: «هات هێزی تاریکی هات!». من تەنها ئەوەندەم ژنەفت، ئەو وەک مارێک خۆی دەخواردەوەو دەستەکانی بە هەموو لایەکی خۆیدا دەبزوان و ئەمدیوو ئەو دیوی بەجستە گرمۆڵە بووەکەی خۆی دەکرد. وای بۆچووم بە هۆی خواردنێکی خراپەوە توشی ئازارێک هاتبێت. بیرم لەوە دەکردەوە بەئاگای بێنمەوە و بەسەر پشتی ئەسپەکەیدا بدەم و بیبەم بۆلای ئەو پیاوە زانایەی کەبە گژوگیا چارەسەری نەخۆشەکانی ئاوایی و دەوروبەری دەکرد. کاتێک من لەو ئەندێشەیەدا بووم، یەسنا بۆخۆی بەئاگا هاتەوە. بەپەلە تاوم دایە مەشخەڵی دیوارەکە کە ئاگرێکی کزی تێدا دەسوتا لەیەسنام نێزیک کردەوەو بینیم دەستە نەرمەکانی لەسەر چاوەکانی داناوە، لەجێگەی خۆیدا بە دانیشتنانەوە دەگری، فرمێسکی چاوەکانی لەبەردەم ڕۆشنایی ئاگرەکەدا وەک یاقوت دەبریسکانەوە. پێم وت:

–یەسنا چی ڕویداوە، ئەگەر ناساخیت و شوێنێکت ئازاری هەیەو خەوی لێ بێزار کردوویت ئامادەم بتگەیەنمە لای زانا ڕووەکیەکە؟.

ئەو بەردەوام هەنسکی ئەداو دەگریا. پاش کەمێک کە چاوەکانم لەسەر ئەو دیمەنەی هەستێکی ترس ئامێزی بە ناخم بەخشی، دەستەکانی لە چاوەگەشە کانی دوورخستەوە و بەو

نیگای چاوانەی، کە ئاگریان لێ هەڵدەقوڵا وتی:

-خەونم بینی... خەونێکی ناخۆش و خەمناک.

کەمێک لەئاگری کزی مەشخەڵەکەی ڕوانی کە پێدەچوو بەرەو خامۆشی بچێت. تاوی دایە مەشخەلەکەی دەستم و لەنێزیکی ئاگردانەکەوە چەند پارچە دارێکی تێ ئاژوو، پاشان دایەوە دەستم، شمشێرەکەی بەو قایشەی کە لە چەرمی گا بۆماندروستکردبوو لەکەمەری بەست،ئەو هەڵوێستە لەناکاوەی توشی گومانێکی ترسناکی کردم و وتم:

-بەتەمای بەم شەوە درەنگە بۆکوێ بڕۆی؟.

بەدەستێکی چاوەکانی سڕی و مەشخەڵەکەی لەدەستم وەرگرتەوە و بەدەم کردنەوەی دەرگاکەوە وتی:

-دەچم بۆلای بیرشاهۆ.

-بەم شەوە ئەو پیاوە مەزنە بەئاگا مەهێنەوە، تا بەیانی چاوەڕێ بکە، وەرە ئەو خەوەم بۆ بگێڕەوە کە دەرونتی ترساندووە، چی قەو ماوە خۆشکەکەم؟.

ئەو گوێی بەقسەکانی من نەدا دەرگاکەی کردەوە و چووە دەرەوە. هەوری بەهار ئاسمانی تەنیبوو، دنیا تەواو تاریک بوو، تەنها چەند ماڵێکی ئاوایی نەبێت ئاگری مەشخەڵی بەردەم دەرگاکانیان بەرەو خامۆشی دەچوو. خۆی بە گەوڕەکەدا کردوو تاوی دایە زینەکە و لەسەرپشتی ئەسپەکەی بەست. هەستمکرد شتێکی نامۆ قەوماوە، منیش بەدوای ئەو دا ئەسپەکەم زینکردوو بەدووی کەوتم.

یەسنا بەنێو تاریکی نێو ئەو ماڵانەدا تاوی لە ئەسپەکەی ئەدا، هێندە بەپەرۆشی گەیشتنی بوو بۆلای پیرشاهۆ، لەگەڵ غاری ئەسپەکەدا پرچە درێـژوو خاوەکـەی بـەدوایـەوە لە نێو کزەبای ئەو شـەوە تاریک و سـاردەدا شەپۆلی ئـەدا و دەبریسکایەوە،لەو دیمەنەدا گومانی ئەوەم کرد یەسنا مرۆڤ نەبێت، بەخۆم وت: «ئەوە تەنها فریشتەکانن لە نێو تاریکیدا بەپڕشنگی جوانی جەستەیان خۆیان وێنا دەکەن.»

لەدوایەوە بە هانکەهانک بەدووی کەوتم، تا بەردەم ماڵی پیرشاهۆ نەوەستا. کاتێک من پێی گەیشتمەوە، پیرشاهۆ دەرگاکەی لەسەر یەسنا دەکردەوەو مەشخەڵەکەی بەدەستەوە بوو، کە ئێمەی بەو دۆخەوە بینی بە گومانێکی پڕلە ترسەوە وتی: «وەرنە ژورەوە بزانم چی ڕویداوە بەم شەوە درەنگە هاتوون؟». کەچووینە ژورەوە یەسنا ئارامی لێبڕابوو، وەک ئـەوەی زەردەواڵــە بە هەموو جەستەیەوە دابێت شوێنی بەخۆی نەئەگرت. پیرشاهۆ چەند پارچەدارێکی لە ئاگردانە کە ئاژوشت پاشان مەشخەڵەکەی بە دیـواری ژورەکـەیدا هەڵواسی. کە دیمەنی یەسنای بینی بەناو ژوورەکەدا دێت و دەچێت داوای لێکردین بچینە نێزیکی ئاگردانەکەوە دانیشین. یەسنا دەستەکانی بەسەرو پرچی خۆی دەهیناو بەنائارامی هاتە نێزیکمانەوە لەسەر ئەژنۆ دانیشت، بە چاوی پڕلە خوێن و گریانەوە لە پیرشاهۆی دەڕوانی. پیر شاهۆ بەو دیمەنەی یەسنا ترسێک کەوتە سەر سیما چرچ و سپیەکەی و وتی:

یەسنا قسەم بۆبکە، چی بووە؟.

ڕەفتارە نامۆکانی یەسنا زێدەتر ترسی ناخمی گەورەتر ئەکرد. بەدەنگێکی خەمناکەوە وتی:

–پیری گەورە، خەونم بینی، خەونێکی ناخۆش و خەمناک، لە خەونمدا هەموو خەڵکی ئاوایی لەو دەشتە فراوان و مەزنەی خوار ئاواییەوە کە گەنممان تیاکردووە مۆڵیان خواردبوو. چاویان لەسەر ئەو کێوانەی بەری خوارەوەی پەرستگاکە بڕیبوو، کە هەورێکی تاریک و چڵکن و سامناکی بەسەرەوە بوو. منیش لە نێو یاندا تێڕامابووم، پرسیام لە هەرکامیان دەکرد وەڵامی نەئەدامەوە. دەمویست بڵێم: چی ڕویداوە بۆچی هەمووتان لەو کێوە دەڕوانن؟ یەکێک لە ژنە پیرەکان پەنجەیەکی بۆ لوتکەی شاخەکە درێژ کردوو وتی: «ئەوە دەبینی، ئەو هەورە ڕەشە؟» منیش بەئاراستەی دەستی وردتر لە هەورەکەم ڕوانی و وتم: «چی بووە؟» وتی: «بە درێژایی تەمەنم هەوری ئاوا تاریک و چڵکنم نەدیوە!».

کاتێک چاوەکانم لەسەر هەرورەکەبوو، هەستم بە جوڵەی بە هێزی ئەو هەورەدەکرد بەرەو لای ئێمە دەهات. تادەهات هەورەکە زێدەتر چڕترو مەزنتر دەبوو، بەردەوام ڕوناکی خۆری لە خۆیدا دەشاردەوە، تا گەیشتە ئەوەی نیوەی ئاسمانی گرتەوە، هەستمکرد ئەو ڕۆژە ڕوناکە خەریکە بەرەو تاریکی دەچێت. لەگەڵ نزیکبوونەوەی زیاتری هەورەکە، دەنگێکی نامۆ لەگەڵ گڕەیەکی گەرم، کە خەریکبوو پێستی

دەموو چاومانی دەسوتاند دەهاتە گوێکانمان. ئەو دەنگە هێندە نامۆ و ترسێنەر بوو، وای لە ژنەکان کرد لە جێگەی خۆیانەوە دەست بە گوێکانیانەوە بگرن و هاوار بکەن و بقیژێنن.

من لەو ساتەدا دەمویست بەرگەی ئەو دۆخە تۆقێنەرە بگرم. بەڵام ئەودەنگە ئەوەندە بەهێزو نامۆ بوو، لە نێو مێشکماندا دەنگی ئەدایەوە. ئەو دەنگە بەدەنگی پیاوێکی بکوژ و ئارەزووباز دەچوو، کە مەرگی لەگەڵ خۆی هێنابێت. پیاوەکان لە جێگەی خۆیانەوە بە پێکەنینەوە لە دیمەنی ژنەکانیان دەڕوانی، کەبەدەم ئازاری ئەو دەنگەوە دەیان ناڵاند. تادەهات هەورەکە خێراتر لێمان نێزێکتر دەکەوتەوە، تا گەیشتە ئەوەی بەتەواوی بەری خۆری لێگرتین و هەموو دیمەنی ئاوایی لە خۆیدا تاریک کرد.

لەو دۆخە ترسناکەدا گوێم لە قریشکەی ژنەکان بوو هاواریان بۆ من دەهێناو دەیانگوت: «بەفریامان کەوە یەسنا سکمان ئاوس دەبێت!». کاتێک لە ژنەکانم ڕوانی،هەموویان بەخێرایی ئاوس دەبوون. ورگیان بەو کراسە لۆکەیەی کەبە خوم ڕەنگ کرابوو زێدەتر بڵند دەبوویەوە. لەو دۆخەدا نەمزانی  چۆن ئەو کارە وابەو خێراییە ڕویدا. دەنگی کچێکی لاو لە تەنیشتمەوە سەرنجمی بۆلای خۆی ڕاکێشا، بینیم لە ژێر کراسەکەیەوە سەری ئەو منداڵە خەریکە دێتە دەرەوە کە بە هۆی تەلیسمی ئەو دەنگەوە دروست بووە.  ویستم هاوکاری بکەم، بەڵام ئەو کچە داماوە بەدەم ئازارێکی زۆرەوە منداڵەکەی

لە نێو لنگی وەک تۆپەڵێک گۆشت بە خوێنێکی زۆرەوە کەوتە سەر ئەو گوڵە گەنمانەی کە هێشتا باڵایان دوو بست دەبوون.

بەگومانێکەوە لە منداڵە کە نزیک کەوتمەوە بینیم شێوەی منداڵەکە هێندە نامۆ بوو، بە مرۆڤی خۆمان نەدەچوو، پێستێکی ڕەش و ناشرینی هەبوو چاوەکانی لە ڕەشیدا ئەدروشانەوە، گوێکانی هێندە درێژ بوون، تا نیوەی سەری هاتبوون. لەدڵی خۆمدا وتم: «ئای ئەهورامەزدا چی ڕویداوە، ئەم هەموو ژن و کچە بۆچی لەساتێکدا بەم منداڵە نامۆیانە ئاوس دەبن!؟» هانام بۆپیاوەکان برد هاوکاری ژنەکانیان بن، بەڵام ئەوان جیاواز لە ڕەفتاری خۆیان، پێکەنینیان بەو دۆخە دەهات، کە ژن و کچەکانیانی تێکەوتوون. دواتر زانیم خەریکە منیش وەک ئەوان ئاوس دەبم، خرویەک لە نێو سکمدا دەهات و دەچوو. بەپەلە تاومدایە ئەو خەنجەرەی باوکم بە دیاری بۆی دروستکردبووم، بۆئەوەی ڕێگە لەو منداڵە ناشرین و نامۆیانە بگرم کە دەهاتنە نێو سکمانەوە. خەنجەرێکم لە ورگی خۆمدا،کاتێک بەخۆم زانی بەدەم ئازاری ئەو خەنجەرەوە بەئاگاهاتمەوە.

پیری مەزن ئەو خەونە تەواو ترساندوومی و هەست بە هاتنی کارەساتێک دەکەم ژیانمان تاریک و تاڵ بکات، خەونە جوانەکانمان لە گۆڕ بنێت و خەم و ئازار جێگەی شادمانی و بەختەوەریمان بگرێتەوە.

پیرشاهۆچاوە پڕلە گومانەکانی بەردەوام لەسە یەسنا بوو، بەدەنگێکی ئارام وتی: هێمن بەرەوە کچی خۆم مەرج نییە

هەموو خەونێک ڕاست و دروست بێت، زۆر جار پێدەچێت ئەو خەونانە بەهۆی گومانی خاوێن بوونەوەی ناخمانەوە بێت لەبەردەم ئەهوارمەزدا.

خەونەکەی یەسنا لە دوای چەند ڕۆژێک بەنێو هەموو ئاوایدا بڵاو بویەوە، ئەو خەونە سامناکە ترسێکی مەزنی لە نێو دڵ و دەروونی هەموویاندا چاندبوو. هیچ کەسێک وەک پێشتر نەبوو، خەمێکی نامۆ سیمای هەموومانی تەواو تاریک کردبوو، هیچ کەسێک ئارەزووی کارکردنی وەک جاران نەمابوو. باوکم داوای لە یەسنا کرد ئەو خەونە لە بیری خۆی بەرێتەوە، کە بۆتە هۆی تۆقاندنی خەڵکی، وتی:

-کچەکەم مەرج نییە هەموو خەونێک دروست بێت، من بەدرێژایی ژیانم چەندین خەونی ناخۆش و نامۆم دیوە و تەواو ترساندوومی، بەڵام دواتر هیچ ڕوینەداوە. ژیانم وەک خۆی ڕێی کردووە، لەبیرم کردووە. تکادەکەم، ئەوەندە خۆت بەو بیرە خراپ و ترسێنەرانەوە مژوڵ مەکە.

قسەکانی باوکم نەیتوانی کاریگەری لەسەر یەسنا بکات، بەڵام من دەمزانی یەسنا هێزێکی مەزن لە ناخیدایە ئەگەر ئەو خەونە ڕاست و دروست نەبێت، ئەستەمە بیری خراپ کار لە دڵ و دەرونی بکات. هەربۆیە منیش شەوانە لە ترسی هاتنی مێردەزمەی ئەو هەورە تاریکەدا ڕۆژم دەکردەوە و شمشێرەکەم لەتەنیشتمەوە دانابوو، لە چاوەڕوانی هاتنی شتێکی نامۆ و تۆقێنەردابووم بەوێنەی ئەو خەونەی یەسنا بینیبووی.

# 8

ژیانکردن جەنگە لە پێناو مانەوەدا، لە پێناو درێژەدان بەو هەناسانەی چێژی خۆشبەختی بەدەرونمان ئەدەن و سروشتی ئافەریدەکاری ئاهوارمەزدا پێی بە خشیوین. زەردەشــتــی مــەزن پـێـمـان دەڵـێـت: «کـــرداری چـاک، خۆشبەختی و کامەرانی بۆ ژیان دێنێتە بوونەوە.» ئێمە لە پێناو بەدەستهێنانی ئەو ساتانەی ڕۆژە تاریکەکانی ژیان ڕۆشنترو جوانتری بکەین، تێدەکۆشاین و ئەندێشەمان ئاوێزانی سروشتی جوانی (کوردستان) بوو. ڕۆژەکان بە سروشتی خۆیان ڕێیان دەکرد، ئێمەش لەگەڵیا وەک بەشێک لەخۆی ژیانمان بەوێنەی سادەیی خۆی دەنەخشان

و بەردەوامیمان بەو بیرە جوان و چاکانە ئەدا، کە خۆشبەختی پێدەبەخشین.

گەرمای هاوین دیمەنێکی زەردی جوانی بە گوڵەگەنمکەکان بەخشیبوو، هەموو خەڵکی ئاوایی بەگوڕو تینێکی پڕلە هیواوە ئەو پەڵە گەنمانەیان ئەدورییەوە، کە ئومێدی بەرو بوومێکی بڕشتی بۆ زستانی داهاتوو دەبەخشی. خەڵکی ئاوایی بەکۆمەڵ هەر ڕۆژەو بەرەو پانتایی پێدەشتێکی زەرد شۆڕ ئەبوونەوە. بەداسەکانیان ئەو گوڵە گەنمانەیان ئەدوریەوە، کە تا نیوەی باڵای مرۆڤ بڵند بوو. جوانی دیمەنی ئەو پێدەشتە بە دەم هەموومانەوە پێدەکەنی، منیش لە بناری ئەو پێدەشتانەی کەگەنمەکانی تیا دورابوونەوە، مەڕو ماڵاتەکانم دەلەوەڕاند و بەدەم ژەنینی شمشاڵەکەمەوە ئاوازی خۆشبەختی و ژیانم بە گوێی ئەو بەرخە تازە لەدایکبووانە ئەدا، کە بە چێژەوە لەنێو ئەو پێدەشتەدا گەمەیان دەکردوو هەڵدەخەنینەوە.

خەڵکی ئاوایی بەهۆی کاری زۆری ئەو ڕۆژگارە، خەونەکەی یەسنا یان لە یاد کردبوو. هەموو لە هەڵپەی ئەوە دابوون عەمبارو کایەنەکانیان پڕبکەن و زستانی ساردی داهاتوو بەخۆشبەختییەوە بەڕێ بکەن. یەسنا بەردەوام سەردانی پەرستگاکەی دەکردو ڕۆژ هەبوو تا نێزیکی زەردەپەڕ لەوێ دەمایەوە. من نەمدەزانی بۆچی ئەو هەموو کاتانەی خۆی بە خوێندنی مانتراو کۆکردنەوەی وزە

دەبەخشێ؟ بابی بەخشێ، چی دەبێت!؟ خۆ ئەو پێویستی بە کار نییە، ئەوەندەی بەسە بە بیرە جوان و خاوێنەکانییەوە ئامۆژگاری خەڵکی دەکردوو ڕێنمایی دەکردن بۆ ڕێگایەکی جوانی ژیان. ئەو سروشتێکی جیاواز بوو، ئەو بەمرۆڤ نەدەچوو! ئەو پەرییەک بوو، ئەهورامەزدا لە وزەی پڕلە خۆشەویستی خۆی ئەفراندبووی، ئەو وێنای جوانی ژیانی بە مرۆڤایەتی دەبەخشی.

ژیان بەو شێوازە ڕێی دەکرد. کەس بیری لای ئەو دەهۆڵ ژەنانە نەبوو بەدەم بانگەوازی جەنگەوە بە سواری ئەسپەکانیانەوە بەرەو ئاوایی ڕێیان دەکرد. کە گوێبیستیان بووم، خۆم هەڵدایە سەر پشتی ئەسپەکەم، کاتێک پێیان گەیشتمەوە ئەوان لە نێو کۆڵانەکانی ئاواییدا خەڵکێکی زۆریان لە خۆیان کۆکۆدبۆوە. یەکێکیان کە پارچە چەرمێکی بەدەستەوە بوو ئەو نوسینەی دەخوێندەوە، کە دەسەڵاتی قەڵا بۆیان نوسیبوو. بە دەنگێکی پڕلە هێز و متمانەوە دەیگوت: «جەنگ دەستی پێکرد! سەربڕەکان هێرشمان بۆ دەکەن و دەیانەوێت بەزۆر داگیرمان بکەن و ناچارمان کەن واز لە ئاین و بیروبۆچوونی باب و باپیرانمان بهێنین. دەیانەوێت بە زەبری هێز و شمشێرەکانیان کۆیلەی خۆیانمان بکەن و ناچارمان کەن بچینە سەر ئاین و بیرو بۆچوونیان. خۆتان ئامادەکەن، بەروبومەکانتان کۆبکەنەوە و گەنمەکانتان بهاڕن و بیکەن بەئارد، نان و خۆراک بۆ

جەنگاوەرەکان ئامادەبکەن. ئەوەی دەستی شمشێر یان تیروکەوان و ڕم دەگرێت، با خۆی ئامادە بکات بۆجەنگێکی مەزن.»

کاتێک ئەوان ئەدوان. هەموو ئەوانەی لە نێو ڕەزوو باخ و گەنمەکان بوون،بەپەلە خۆیان گەیاندبووە نێو ئاوایی. ڕەنگێکی پڕلە ترس و تاریکی سیمای هەمووانی تەنیبوو، خەونەکانیان بۆنی مەرگی گرتبوو. ژیان لەو ساتەدا تەواو گۆڕا، لەدوای تەواو بوونی وتەی دەهۆڵ کوتەکان. هەریەکەو بەلایەکدا ڕۆیشت و خۆیان بۆ ئەو جەنگە ئامادە دەکرد.

یەسنا تا ئەو کاتەش لەنێو پەرستگاکەدا لەمانتراخوێندن ڕۆچوو بوو، بێئاگابوو لەوەی چی ڕویداوە، کاتێک گەڕایەوە و ئەو هەواڵەی لە زمانی خەڵکی ئاوایی ژنەفت، هێشتا خۆر لە سەر کێوەکانەوە بەتاسەوە لە ئێمەی دەڕوانی. بەپەلە خۆی گەیاندە لای پیر شاهۆ بە هەڵچونێکی بەئازارەوە وتی:

-پیری گەورە من پێشتر پێم وتن خەونی من ئاسایی نییە خەونێکە لەڕاستی و دروستی بیری خۆمەوە سەرچاوەی گرتووە ئێوە متمانەتان پێنەکردم، من دەمزانی ئەو تارماییە ڕەشەی بەری پڕشنگی خۆری ئێمەی گرت ناخمان وێران دەکات و لەڕەگەوە هەڵمان دەکەنێت و ئاسەواری ژیانمان دەسڕێتەوە و لەخۆیدا دەمانشارێتەوە و هەرگیز ناهێڵێت

بەویست و ئارەزووی خۆمان ژیان بکەین. من دەمزانی ئەو هەورە ڕەشە خۆی دەئاژوێتە نێو لینگی ژن و کچەکانمان و بە وێنەو نەخشی خۆی، نەوەی داهاتوومان وێنا دەکات. من دەمزانی پیری مەزن!؟ دەمزانی هەستەکانم دەیویست پێمان بڵێ بەهاتنی ئەو هەورە ڕەشە شومە، چیتر ناخی ئێمە ڕۆشن نابێت و بۆ هەتا هەتایە لەنێو تاریکی خۆیدا دەمانخنکێنێ.

پیرشاهۆ بۆ نابزوێ؟ بۆ زمانی بەستراوەو ناپەیڤێ؟ پێدەچێت لاڵ بووبێت. بۆلاڵ نابێت! نازانم بۆچی ئەو متمانەی بە خەونەکەی یەسنا نەبوو. مرۆڤ کاتێک هەستی پەشیمانی ناخی ئەتەنێ،ئەندێشەی لەخۆیدا کۆدەکاتەوەو ئازاری ناخی خۆی دەخواتەوە، تا بە هەڵویستە هەڵەکانی سزای ناخی خۆی بدا. من لە دیمەنی قەتیس ماوی ئەودا ئەوەم دەخوێندوە.

یەسنا جەستەی سپی و سۆڵی لەخوێنی خۆیدا سورهەڵگەڕابوو، چاوەکانی ڕەنگی سپیان تیانەمابوو. هەستمدەکرد دووگڕکانی ئاگرن و دەیەوێت هەموو دنیای پێ بسوتێنێ. ئای دایکە! یەسنا بۆئەوەندە هەڵچووە، ئارامی لەجەستەو ڕۆحیدا نەماوە؟ پێدەچێت بەو هەڵچونەی خۆی ئاگربدات یان دەیەوێت بەهەموو توانای کچێنی خۆیەوە بانگەشەی بەرگری بەهەمووما بدات و بمانکاتە هێزێکی مەزن و بەرگریکارێکی بێوێنە لەبەردەم ئەو هێزە تاریکەی

دەیانەوێت بە ویستی خۆیان ناچارمان بکەن ڕادەستیان بین.

پیرشاهۆ نیگاکانی کە هەستی پەشیمانی تیادەبینرا، لەسەر دیمەنی یەسنا بوو، کە بەدەنگێکی خەمناکەوەلێی پرسی:

-ئەم هەواڵە چۆن گەیشت؟.

ئەو پرسیارەی یەسنا زمانی هێنایەوە گۆو بە دەنگێکی پڕلە ترس و لەرزۆکەوە وتی:

-ڕۆژێک لەمەوبەر تەتەرێکی ئەوان خۆی گەیاندۆتە نێو قەڵای جوڵندی و لەنامەیەکدا پەیامی سەربڕەکانی پێگەیاندوون. سەربڕەکان داوامان لێدەکەن یان دەبێت بەویستی خۆمان بچینە سەر بیرو باوەڕیان یان خۆمان بۆ جەنگ ئامادە بکەین، تا بەهێزی خۆیان داگیرمان دەکەن و ناچارمان دەکەن بەزەبری هێز ددان بە ئاینی ئەواندا بێنین.

کاتێک یەسنا ئەوەی ژنەفت بەپەلە لە جێگەی خۆی بڵند بوو، هەتا ماڵەوە نەوەستایەوە، تاوی دایە شمشێرەکەی و بەو تاوێرەی باوکم شەوانە لەماڵەوە کاری لەسەر دەکرد، کەوتە تیژکردنەوەی.

دەهۆڵ ژەنەکان پەیامێکی دەسەڵاتی قەڵایان بە باوکم گەیاندبوو، داوایان لێکردبوو تا هێزی تێدایە، چەک بۆ جەنگاوەرەکان دروست بکات، بەتایبەت شمشێرو نوکی ئەو ڕمانەی بەسواری ئەسپەکانەوە لەسنگی دوژمنان

دەچەقێنران، نوکی ئەو تیرانەی لە دوورییەکی زۆرەوە پەراسووی مرۆڤی دەبڕی و هەتا هەناوی ڕۆدەچوو.

ئەو شەوە یەسنا تاسپێدە شمشێرەکەی ئەوەندە تیژ کردبۆوە، لێوارەکانی لەبەردەم ڕۆشنایی ئاگردانەکەدا دەبریسکایەوە. شمشێر  چۆن ئەوەندە تیژ نابێت، مرۆڤ هەموو هێزو توانای ئەندێشەی خۆی تیا کۆبکاتەوە،  چۆن ئێسقانێکی ئەستور نابڕێت کەلە وزەی هێزێکی مەزنی بیرو باوەڕێکی پتەوەوە بوەشێنریت،  چۆن بەهێز نابێت و دوژمن ناتۆقێنێت، کەخاوەنەکەی بەویست و کارامەیی ئەندێشەی خۆی دروستی کردبێت.

مرۆڤ کاتێک ژیانی دەکەوێتە نێوان مەرگ و ژیانەوە، نێوان سەرکەوتن و بەزینەوە، نێوان تاریکی وڕوناکییەوە، نێوان خۆشی و ناخۆشییەوە، نێوان هێزی شەڕ و ئاشتییەوە، ناچار دەبێت لەپێناو خەونەکان و بیروباوەڕی خۆیدا بجەنگێت... بجەنگێت تا لەژیاندا نەمربێت و شکۆمەندی بۆ خۆی تۆمار بکات. ئاخر ژیان  چۆن لەگەڵ بیرە دژوارەکانی خەون و ویستی مرۆڤدا ڕێدەکات. هەموو مرۆڤێک خەونی خۆی هەیەو ژیان و ئەندێشەی جیاوازی خۆی هەیە، بەڵام شتێکی مەزن هەیە کە مرۆڤ گەلێک لە خۆی کۆدەکاتەوە، ئەویش هاوبەشبوونی ئاین و بیرو بۆچونەکانییەتی.

ئێمە ساتەکانمان بەرەو پێشوازی ئەو جەنگە بەڕێدەکرد، ئەندێشەکانمان لەوساتانەدا کۆدەکردەوە  چۆن بە بەهێزی

و توانای خۆمان بەرگری لە خاک و ئاین و بیرو بۆچونمان بکەین. چارەنوسمان بەهێزو تواناکانمانەوە گرێ درابوو، کەس توانای ئەوەی نەبوو پێشبینی سەرکەوتن یان بەزین لەو جەنگە چاوەڕوانکراوەدا بکات. یەسنا هەموو ئەندێشەی خۆی لەو شمشێرەدا کۆنابوو، کە وەک زمانزانێک بە شەوق و بریسکەی خۆی دەپەیڤی و دەیگوت: «من ئامادەم بجەنگم، ئامادەم خۆم لە نێو هەناوی ئێسک و پروسکی دوژمن ڕۆ بکەم، ئامادەم مێشکی بۆگەن و پڕلە ئارەزووی داگیرکاریان کەرت بکەم، ئامادەم بەویستی تۆ بەهەموو لایەکدا بسوڕێم خەونەکانیان پوچەڵ بکەمەوە.» ئەوە زمانی ئەو شمشێرەی یەسنا بوو، کە من لە ئەندێشەی خۆمەوە هەستم بە پەیڤەکانی دەکرد.

# 9

ئەو بێدەنگە منیش پڕ بەناخم بانگی دەکەم...

ئارین.

ئارین.

بۆچی وەڵامم ناداتەوە؟ کاتێک دەنگی ئەو نامێنێت، هەستدەکەم ناخم خاڵییە لە هەموو شتێک. نازانم بۆچی بونم پەیوەست بووە بە دەنگە پڕسۆزەکەی ئەوەوە؟ ناخم بۆتە بیابانێکی گەرم و چۆڵ، لە چاوەڕوانی شنەی ئاوازی ئەو دەنگە پڕلە ژیانەم کە ئارامی بە تەنیاییم دەبەخشێت. لە هەڵچونێکی پڕلە نائارامی خۆمدا دەمەوێت هاوار بکەم و بڵێم «مەلیک تۆ کێی؟ بۆچی لەخۆت بزر بوویت و بەدووی خۆتدا دەگەڕێت؟ تۆ لە کام کاتی

ژیاندا هەڵوێستەت کردووەو ناتوانیت هەنگاوەکانت بۆ دوای خۆت بنێیتەوە و یادە نوستووە کانی خۆت بە ئاگا بێنیتەوە؟ تۆ  چۆن مرۆڤێکیت، کە بوونی خۆت بزر کـردووە و بـەدووی خۆتدا دەگـەڕێت»، هەرچی دەکەم هاواری ناخم بە گوێکانم ناگاتەوەو نازانم ئەو دەنگە بە چ ئاراستەیەکی خۆمدا بڵاو دەبێتەوە. تۆبڵێی مـرۆڤ گەلێک نزیک یـان دوور پـەی بە هەستەکانی تەنهایی و بزر بوونم نەکەن؟ ئای چەند سەختە مرۆڤ بە دووی خۆیدا بگەڕێت، یان بێئەوەی بە خۆی بزانێت خـۆی بزربکات! واهەستدەم هـەمـوو  ئـەو مرۆڤانەی بزر دەبن دەشێت وەک منێکی تەنها لە ساتێکی ژیانی خۆیاندا بە دووی خۆیاندا نەگەڕابێتن. ئاخر مرۆڤ بوونی لە نێوان و جەستەو هەستەکان و بیرکردنەوەی خۆیدایە. من بیردەکەمەوە، نا من دەمەوێت بیر لە بونی خـۆم و هەموو ئـەوانـەی دەوروبــەری خـۆم بکەمەوە. بوونی مـرۆڤ بەبیرکردنەوەیەتی لە خـودی خـۆی و دەوروبــەری! بیرکردنەوەیە لـەو هەڵوێستانەی کەلە جیهانی دەرەوەی خۆیدا دروست دەبن و کاریگەری لە سەریان هەیە. بۆئەوەی مرۆڤ بونی خۆی بسەلمێنێت، پێویستە بیرکردنەوەو هەڵوێستەکانی بە دەرەوەی خۆی بناسێنێت.

ئێستا من دەمـەوێت ئـەو ئارینە بناسمەوە، کە بە

دەنگە خۆش و پڕلە ئاوازو ئەویندارییەکەی یادەوەری بزربووی ناخم دەژێنێتەوە. ئەو پێم دەڵێت: «تۆ نیوەی ڕۆحی منیت!؟ کاتێک بڕیاری ئەوەت دا ببیتە کوڕی کۆبانی، من هەستم بەلەتبوونی ناخی خۆمکرد!». ئای چەند پڕلە ژیانە ئەو دەنگە، وەک تاڤگەیەکی بەخوڕ دەڕژێتە نێو ناخم و بەنێو هەموو دەمارەکانی مێشکمدا ڕێدەکات! ئەو دەنگە بەدەنگی ئارین دەچێت. پرسیاری ئەوەم لێدەکات:

-بۆچی چاوەکانم ناکەمەوە؟ بۆچی پەنجەکانم نابزوێنم تا ئارامی بە دڵە خەمگینەکەی بدەم؟.

دەمەوێت پێی بڵێم:

-ئارین... من لە نێو خۆمدا بزر بووم و خۆمم بۆ نادۆزرێتەوە، تۆ وەڵامی ئەوەم بدەرەوە من کێم؟ ئەومەلیکەی تۆ بە نێو یەوە بانگم دەکەیت، لە کوێی بوونی مندایە؟.

ماوەیەک لە چاوەڕوانی ئەوەدام دەنگم بە گوێکانی بگات. پاش ماوەیەکی بێدەنگی و چاوەڕوانی پێم دەڵێت:

-بە جوڵەی پەنجەکانی دەستت دیارە گوێبیستی دەنگی من بویت. دەزانم ئەوینم دەزانم، دەتەوێت پێم بڵێی: «منیش هەمان پارچەی ئەو دڵەپڕلە ئەوینەتم کەبەئازارەوە ئەمدوێنی«. بەو پەیڤانەی پێدەچێت ئەو لە کاتێکی نادیاری مندا، لەناخمدا ژیابێت و هەمان

پەیڤم لە یادەوەریدا چاندبێت. ئەگەرنا، چۆن دەتوانیت بیکەیتەچیرۆک گەلێکی نامۆ بەیادەوەریم ئاشنا بکەیتەوە.!؟

هەست بە تەزوویەکی سارد دەکەم. هەموو تەمی جەستەم چڕتر دەکاتەوە و زێدەتر ناخم بۆ پەیڤەکانی هەستەوەر تر دەبن. ئەو دەڵێت:

-چیرۆکی ئەو ڕۆژەت بۆ دەگێڕمەوە، کە لەنێوان من و کۆبانێ دا تێرامابویت. ئازاری ناخت لەو فرمێسکانەدا دەبریسکانەوە کەبە سیما خەمناکەکەتدا دەهاتنە خوارەوە. تۆ بیربکەرەوە، بزانە ئەو هەستەی مرۆڤێک دەخاتە نێوان ئەوینی کچ و نیشتمانێکەوە دەبێت چەند بە ئازار و خەمناک بێت! لەو ساتەدا پڕبەناخم ئارەزووی ئەوە دەکەم ببمە شەڕڤانێک و بەتەنیشتتەوە لەگەڵ ئەو سەربڕانەدا بجەنگم کە بونە هۆکاری دابڕانی ئەوینمان، بەڵام ئەفسوس. ئەو ترسەی ناخم، کە وەک کچێکی دەستەمۆ کۆیلەی خۆی کردبووم، هێزی ئەوەی پێنەدام لەناخی دڵمەوە بڕیاری ئەوە بدەم پێکەوە لە ئامێزی ئەوینی کۆبانێ... دا بجەنگین. ئەو ڕۆژە بۆخۆیشم نازانم تەلیسمی ئەو هێزە لە کوێی مرۆڤدایە؟ کە هێزی ئەوەی پێدەبەخشێت چۆک بە مۆتەکەی مەرگ بدات.

خۆر بە وێنەی دڵی ئێمە گەرم بوو، وەک ئێمە بۆ نیشتمان دەسوتا! ئەو کۆڵانە تەنگەبەرەم دێنێتەوەیاد،

کە ڕاستەو خۆ دەچێتە بەردەم دەرگاکەی ماڵی هەڤاڵ نەسرین. واهەست دەکات وەک هەموو ڕۆژانێکی شەممان بەرەو ژوانێکی پڕلە ئەویندارى ڕێدەکەین، ناخی بەوێنەی ڕەنگی پۆشاکەکەی ئاوەڵایە بۆ پەیڤین، منیش دەخوازم بەخەندەیەکی دەستکردەوە دڵە خەمناک و ئەندێشە ئاڵۆزەکەم حەشار بدەم. ئای لە خەمی تۆ، ئای لە ئەوینی تۆ، چۆن منت خستۆتە سنوری نێوان خۆت و نیشتمانێکەوە!؟ بەهەرلایەکدا دەچم خەمی ئەوی تریان ناخم وێران دەکا. ئومێدی ئەوە دەخوازم هەڤاڵ نەسرین بە پەیڤەکانی هێزی ئەوەی پێ ببەخشێت، وەک دوو شەڕڤانی ئەویندار پێکەوە بجەنگێن تا چارەنوسی هەردوکمان لەنێو سەنگەرێکی بەرخودان یەکانگیربێتەوە.

دڵنیام ئێستا هەڤاڵ نەسرین لە چاوەڕوانی ئێمەدا کاتەکانی لە ئامێز گرتووە، لەخەمی ئەوەدایە شەو بگەینە سنورەکانی کۆبانێ و خۆمان بۆ چوونە ناوەوە ئامادە بکەین. کاتێک دەچینە ژورەوە نیگاپڕلە پرسیارەکانی هەڤاڵ نەسرین ئازارم ئەدەن، دەزانم ئەو لەنێو ئەو سیناریۆ پڕلە ئەوینەی بۆ شاردنەوەی پەیوەندییە سیاسیەکانمان دروستمان کردووە، تا بەچکە میتەکانی تورک پەیمان پێنەبەن، خەریکە لەلای ئەو دەبێتە ئەوینێکی ڕاستی و گەمەی تیادەکات.

من ئارین بەو دەناسێنم و ئەویش بەو هەستە

سادەییەی خۆیەوە دەستێکی بۆ درێژ دەکاو خۆی پێدەناسێنێت. پاشان لەگەڵ خۆی بەرەو ژورە تایبەتەکەی خۆی دەمانبات و داوامان لێدەکات لەسەر ئەو سیسەمە تەختەیە دانیشین، کە بە چەرچەفێکی ڕەنگ مۆر داپۆشراوە. ئارین بە نیگایەکی پڕلە شەرمەوە لە تەنیشتمەوە دادەنیشێت و منیش چاوەکانم لەسەر ڕەفتارە بزێوەکانی هەڤاڵ نەسرینە، کەبەدڵێکی پڕلە گومانەوە پەردەی ژورەکە دائەداتەوە،پاشان بەهێمنی تاو ئەداتە ئەو کورسییەی لەبەردەم مێزێکی بچوکدا دانراوە. دێتە بەرامبەرمان و کورسییەکە لە ژێر خۆی دەنێت و خەندەیەکی پڕلە گومان دەکاتە دەستپێکی پەیڤەکانی و ڕوو لە ئارین دەکات و دەڵێت:

–هەڤاڵ ئارین ئەگەر من بە هێندەی تۆ ئەوینداری مەلیک بومایە، هەرگیز ڕێگەم پێنەئەدا بەتەنێ بچێتە کۆبانێ!؟ ئاخر ئەوینداری بەهێندەی بەرخودان بۆ نیشتمان ئازارو خەمی هەیە. هەردوکیان لە نێو ناخی ئێمەدا پێکەوە گرێ دراون، تۆ بڕوانە چۆن داگیرکەران لە مێژەوە ئێمەی بەوە ناچار کردووە بەردەوام چەکمان خۆش بوێت، بۆئەوەی ئازادی خۆمان و نیشتمانمان بە دەست بێنینەوە. هەرگیز مرۆڤ، نکارێ لە ژێر دەستی دوژمناندا بەئازادی و بەپێی ویستی و نەریتی خۆی ئەویندراری بکات. کاتێک ئەویندراری بە چێژو جوان دەبێت

لەگەڵ ئازادی خودی خۆیدا پەیوەستیان بکات. ئێمەی کورد هەمیشە لە ژێر کاریگەری داخوازی دوژمناندا نەریتەکانمان چیٚ دەکەین و مافی ئەوەمان نییە بە ویستی خۆمان ژیانێک دروستبکەین ڕەنگدانەوەی کوردایەتی خۆمان بێت. تۆ پێمبڵیٚ چما نیگەرانی؟

ئارین چاوە ڕەشەکانی لەسەر هەڤاڵ نەسرینەوە بۆ سەر من گواستەوەو بە نیگایەک، کە پرسیاری ئەوەم تیادەبینی وەک پێم بڵیٚ: «چما ئەو بەو شێوازە دەپەیڤیٚ؟ بۆچی بەتەنیٚ بە جێمان ناهێڵێت و دڵی یەکدی ئاو بدەین؟». من بە دڵێکی خەمناکەوە وەڵامی ئەو پرسیارە ئەدەمەوە کە سیمای ئارین ی داگیر کردووە و پێی دەڵێم:

-ئارین بۆئەوە تۆم بۆئێرە هێناوە تا ماڵ ئاواییت لیٚ بکەم، دڵنیام تۆ هەرگیز ناکاری لەگەڵم بێیت. بڕیارە کەمێکی تر لەگەڵ هەڤاڵەکانم بەرەو سنوری کۆبانیٚ بڕۆین، هەربۆئەوەش دەمەوێت ئێرە دوا ژوانمان بێت. ئومێد دەکەم لە پێناوی تۆدا بگەڕێمەوە، هەرچەندە بۆخۆیشم متمانەم بەوە نییە لەو جەنگە سەختەدا ژیان دەرفەتێک بە شەڕڤانەکانی خۆی بدا تا بە ئەویندارى خۆیان شاد ببنەوە. مەگەر ڕۆحمان بۆجارێکی تر یەکدی لە ئامێز بگرێتەوە.

کاتێک ئارین گوێبیستی ئەو پەیڤانەم دەبێت، لە

ناخێکی پڕ لە ئازارەوە دێنە دەرەوە، هەموو وەڵامەپڕلە ئازارەکانی ناخی بە چەند دڵۆپێک فرمێسک دەبەخشێت و بەسەر کولّمە بەرزەکانیدا دەخلیسکێنە خوارەوە. ئای لەو دۆخە چەند بە ئازارە ئارین! چما نکاری بڕیارلەمەڕ ئەو ئەوینەت بدەیت، کە خەریکە جەنگ وێرانی دەکات؟ چما ناخوازیت بەڕۆح یەکدی لە ئامێز بگرین و لەنێو بەرخوداندا پێکەوە ئەوین بکەینە هێزی متمانەو هێزمان بۆ سەرکەوتن؟.

هەڤاڵ نەسرین دەیەوێت بە چەند پەیڤێک لەو دۆخە قوتارمان بکات. بەهەستێکی خەمگینەوە کەلە پەیڤەکانییەوە ڕەنگ ئەداتەوە دەڵێت:

-هەڤاڵان ئێوە نیگەران مەبن، کەس نازانێت ژیان بۆکوێمان دەبات.

ڕوو لەمن دەکات و پێم دەڵێت:

-مەلیک لە ئارین گەڕێ، کاتی ئەوەی بدەرێ، بابەویستی خۆی بڕیاربدا. هەرگیز بەرخودان بە ناچاری و بە دڵێکی پڕلە گومانەوە سەرناکەوێت. مرۆڤ بۆئەوەی سەرکەوتن بەدەست بێنێت، پێویستە هەموو هێزو متمانەی خۆی لەو بڕیارەدا کۆبکاتەوە، کە بۆخۆی هەڵی دەبژێرێت.

لەو ساتەدا گوێبیستی دەنگی ئارین دەبم پێم دەڵێت: «من لەو دۆخەدا ناخم لەگەڵ ئازاری ئەوینتدا دەجەنگیی،

تکام لەخودا دەکرد هێزی ئەوەم پێ ببەخشێت بڕیاری ئەوەبدەم وەک شەڕڤانێک سنوری تۆو نیشتمان ببەزێنم و بەئازادی لەئامێزی خۆمت بنێم. ئەفسوس لەو دۆخەدا بڕیاری ئەوەمدا ئازاری تەنهایی تۆ، لەنێو دڵی خۆم بنێم و ئازادی نیشتمان بکەمە فردیاد ڕەسی ئەوینمان.»

–ئارین مەگری. . گریان بۆئەو مرۆڤانەیە کە لەبەردەم چارەنوسی خۆیان دەستەوسانن

هەڤاڵ نەسرین بەو پەیڤانەی ئارین دەلاوێنێتەوە. منیش لەنێو خۆمدا لەچاوەڕوانی ئەوەدام کاژێری ژورەکەی هەڤاڵ نەسرین خێراتر ببزوێت، تا ئەو خەمە هەرەس بە متمانەم نەهێنێت.

هەڤاڵ نەسرین دەستە باریکەکانی لە ڕووی ئارین دەنێت و بە خەندیەک دەیەوێت نیگا خەمناکەکەی ئارام بکاتەوە. کەمێک لە چاوەڕەش و پڕلە ئەسرینەکانی دەڕوانێت و بە نیگایەکی پڕلە متمانەوە پێی دەڵێت:

–ئێمە تاقانەترین میللەتی ڕووی ئەم زەمینەین، کە زۆر لەمێژەوە بۆ ئازادی دەجەنگین، ئێمەی کورد هەرگیز ئارەزووی جەنگمان نەکردووە، ئەوە دوژمنانن وایان لێکردووین لە پێناو ئاشتی و ئازادیدا چەک بکەینە باشترین هاوڕێی بەرخودانمان! ئەم خاکەی ئێمەی لەسەر دەژین زۆر دەمێکە بەدەست داگیرکەرانەوە دەناڵێنێت. بریا ئەم خاکە زمانی هەبایەو توانیبای وەک مرۆڤێک بپەیڤایە،

ئەو کات بۆخۆت دەتزانی  چۆن هاواریناڵەی ناخمان دەهەژێنێت و داوامـان لێدەکات ئێمەی دروستکراوی خۆی، لە بیری بۆگەنی داگیرکەران خاوێنی بکەینەوە. تۆبڕوانە، تۆبزانە داگیرکەران  چۆن بەبیری نەتەوەیی خۆیان ناچارمان دەکـەن بیربکەینەوە، تانەریتەکانی بابو باپیرانمان لەیاد بکەین. مافی ئەوەشمان پێنادەن بەزمانی دایکی خۆمان بپەیڤین و بنوسین و بخوێنین، مافی ئەوەشمان پێنادەن بەویستی خۆمان ژیان بۆخۆمان هەڵبژێرین و بەئازادی بەنێویدا گوزەر بکەین.

ئارین گیان، ژیان چ بەهایەکی هەیە گەر بەئازادی تیایدا ژیان نەکەین!؟ ژیان هەرئەوەندە نییە خۆمان بدەینە دەست بیرگەلێکی دوژمنان و بەویستی ئەوان ڕەفتاربکەین. ئەوان بەویستی خۆیان گەمە بە چارەنوسمان دەکەن. تۆبڕوانەو بزانە، سەربڕەکان  چۆن هێرشیان بۆ کۆبانێ بردووە و دەیانەوێت بەهێزی خۆیان بیرو بۆچوونە بۆگەنەکانی خۆیان بەسەرماندا بسەپێن و کچ و ژنەکانمان بۆخۆیان بکەنە کەنیزەک و ملی پیاوەکانمان بپەڕێنن و مێژوومان بسڕنەوە، خاکەکەشمان داگیر بکەن و بمانکەنە کۆیلەی خەون و ئارەزووەکانی خۆیان. ئێمەی کورد بە درێژایی مێژوو گیرۆدەی دەستی ئەو دوژمنانەین کە بەبیری خۆیان هەموو هەست و ناخ و ژیانی ئێمەیان داگیر کردووە.  بەویستی خۆیان گەمە بە چارەنوسمان دەکەن.

کاتێک هەڤاڵ نەسرین دەپەیڤی ئارین ڕومەتە پان و ڕنگ ئەسمەرەکەی لە نێو دەستی هەڤاڵ نەسرین دابوو. چاوەڕەشەکانی لە نێو چەوانی ئەو نابوو، واهەستم دەکرد لە هۆشی خۆی چووبێت لە جێگەی خۆی نەدەبزوا. منیش لەچاوەڕوانی ئەوەدابووم ئارین بەخۆی بێتەوە و هێزی ئەوەی هەبێت لەو دۆخە دژوارەیدا خۆی یەکلا بکاتەوە، کاتێک هەڤاڵ نەسرین دەستەکانی بۆلای خۆی بردەوە. ئارین بەهەستێکی خەمناکەوە لە جێگەکەی خۆی بڵند دەبێت و لەبەردەمم دەوەستێت. بەو چاوانەی کە لەگریاندا سورهەڵگەڕاوە، کەمێک لە چاوەکانم دەڕوانێت و بەدەنگێکی هێمن، کە تێکەڵ بە هەنسکی گریانی بووە دەڵێت:

–ئەوینم من تا دەمرم لەچاوەڕوانی تۆدام، ئەگەر بەجەستەش پێت نەگەمەوە، هیوادارم بەڕۆح لەئامێزت بگرم.

زیدەتر لێم نێزیکتر دەبێتەوە و بەدڵێکی پڕلە ئازارەوە ڕومەتەکانم ڕادەموسێت و بەپەلە خۆی دەگەیەنێتە بەردەم دەرگای دەرەوە. کەوشەکانی لەپێ دەکات و بەبێئەوەی ئاوڕ بداتەوە دەستەکانی بەچاوەکانییەوە دەگرێت و بەگریانێکی بەکوڵ خۆی لەنێو کۆڵانەباریکەکەی ماڵی هەڤاڵ نەسرین بزر دەکات.



# 10

دەڵێت: مەلیک چاوەکانت فرمێسکیان لێدەچۆڕێت،نازانم هەستیان پێدەکەیت یان نا. دیارە یادەوەریەکانت ناخت ئازار ئەدەن، ئەزانم تۆ لەنێو ئەندێشەی مندا تەواو ڕۆچوویت، مرۆڤ لە خۆڕا ناگری ئەگەر هەستە ڕاستەقینەکانی ئازاری نەدات. دڵخۆشم بەوەی دەنگم دەبیستی، وەرە با ئەو چیرۆکەت بۆ تەواو بکەم کە هەردووکمانی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە.

پرشنگی خۆری سپێدە بەتاسەوە دوانیگاخەمناکەکەی بە ڕووی ئاوایدا دەڕشت، پێدەچوو بە بوونمان نامۆ بێت بەتاسەوە ئەیڕوانییە ئەو دیواری خانووە گڵانەی هێشتا بۆنی تەڕی لێدەهات. لەو پێدەشتانەی دەڕوانی کە ڕۆژانێک ئاوەدانی

مانای ژیانێکی جوانی پێدەبەخشین، لە لوتکەی ئەو چیایانەی دەڕوانی کە بەدەنگی پڕلە خرۆشی باڵندەکان دەزرینگایەوە، لەوتاڤگەو ڕوبارانەی دەڕوانی کە بە هاژەو خوڕەی ژیان گوێی مرۆڤیان لە خۆیان پڕدەکرد، لەو کۆڵانە چۆڵانەی دەڕوانی کە تا دوێنێ بەدەنگی هاوارو پێکەنینی و قیژەی گەمەی منداڵانی ئاوایی خەندەی خۆشبەختی بە ژیان دەبەخشی.

لەو سپێدە خەمناکەدا، دڵەکان لەگەڵ خەمدا ئاوێزان بوون، خەونەکان وەک تەمی بەهاران ڕەوینەوە و ون بوون، هیواکان وێنەی ڕەنگی سوری خوێنیان پۆشیبوو، مەرگ وەک مۆتەکە لەدەرگای ماڵانی ئەداو پەیامی نائومێدی دەبەخشییەوە. سپێدەی ئەو ڕۆژە بەو هەستەوە پێشوازی لێکردین، هەموو لەنێو ماڵەکانی خۆیان خزابوون، ئاژەڵ و مەڕو ماڵاتەکان لە نێو گەوڕەکاندا دەرگایان لەسەر کلۆم درابوو، کەس ئارەزووی بینینی یەکدی نەبوو. تەنها جەنگاوەرەکان نەبێت لە سەر لوتکەو بناری چیاکانەوە، لە نێو چەم و بندار و بەردی ئەو ناوەدا، بەتیر و کەوان و شمشێر و ڕمەکانیانەوە لە چاوەڕوانی هێرشی دوژمندا خۆیان تەیار کردبوو.

جەنگاوەرەکان ئەو بەرگە سەربازیانەیان پۆشیبوو، کەلە چەرمی گا دروستکرابوو، هەندێکیان سەرلەشکر بوون ئەو بەرگە کانزاییانەیان پۆشیبوو، کە باوکم شەوانە بەدەم چنینی بازووەئاسنینەکانەوە، تادرەنگانێک خەریکی دەبوو، شمشێر زۆر بەئاستەم دەیبڕی و لەتی دەکرد. ئەو ڕۆژە بۆنی جەنگ تێکەڵ بە هەناسەی هەمووان بوو، من لەسەر بانی ماڵەکەی

خۆمانەوە هەموو ئەو دیمەنانەم دەبینی، کە ناخی هەژاندبووم. یەسنا لە ژورەوە شمشێرەکەی لەئامێزی خۆی نابوو چاوەکانی داخستبوو، پێدەچوو نزا بۆ سەرکەوتن بکات دەستەکانی لەسەر ڕانە نەرم و گۆشتنەکانی بوو، بە دانیشتنانەوە لەنێو ئەندێشەی خۆیدا تێکئالأبوو، بێئاگا لەو ژیانەی ئێمەی گیرۆدەی پێشهاتە دژوارەکانی خۆی کردبوو.

«ئەو بۆ لە نێو ئەندێشەی خۆیدا ڕۆنەچێت؟ ئەو جودایە، بەئێمەی مرۆڤ ناچێت، ئەو فریشتەیەکە، لەئاگر، ئەهورا مەزدا هێزی خۆی پێبەخشیوە. ئەو ئێستا لەگەڵ فریشتەکانی هاوەڵیدا دەپەیڤێت، لەوانەیە لە چاوەڕوانی هەواڵی هێرشی سەربرِەکاندا هەموو هێزو وزەی ناخی خۆی بۆ جەنگ کۆبکاتەوە و لەکاتی هاتنیاندا وەک ئاگر بەڕوویاندا بچێت. ئەو چۆن ناتوانێت ئەوە بکات؟ ئەو خاوەنی هێزێکی ئەفسوناوی و ویستی خۆیەتی، ئەو شەرابی نەمری و هێز و جوانی و بەردەوامی ژیانی نۆشکردووە، ئەو ئێستا بەشێکە لە ڕۆح و بەنێو هەموو کەلەبەرێکی ئەم گەردوونەدا دێت و دەچێت و دەتوانیت بەنێو ئاگرو هێزی لەڕادەبەدەری دوژمندا بچێت و بەشمشێرە قورس و تێژەکەی تێکیان بشکێنێت و پارچە پارچەیان بکات».

من لە ئەندێشەی خۆمەوە هەموو ئەو دیمەنانەم وێناکردبوو، لە هەوڵی ئەوەدا بووم هێزی ناخم کۆبکەمەوە و وەک جەنگاوەرێکی بەئەزموون بەرامبەر دوژمنان بجەنگم. کاتێک ئەوەم بەیەسنا وت بەهەستێکی پڕلە متمانەوە وتی:

-پێویست ناکات تۆ بەو جەستە لاوازو تەمەنە کەمەتەوە

بجەنگی، پاشان ئەزموونی تـەواوی هونەری جەنگت نییە، جەنگاوەرانی قەڵا بە ئەزموونێکی زۆرەوە دەتوانن بەری هێرشە کە بگرن و تێکیان بشکێنن.

لەو ساتەدا ئەو پرسیارە هاتە ئەندێشەمەوە ؛تۆ وەک کچێک چۆن دەتوانیت بجەنگیت؟ ئاخرئەوانەی هێرشمان بۆدەکەن وەک باس دەکرێت هێزێکی بەئەزموون و شەڕکەرن؛ من ئەوەم بە یەسنا وت لەوەڵامدا بەخەندەیەکی پڕلە هەستی متمانەوە وتی:

–من جیاوازم دەزانم چۆن دەجەنگم و تێکیان دەشکێنم!

لە کردارو گوتارەکانیدا ئەو هێزەم لە دەروونیدا دەبینی وەک ئەو ئاگرەی لە پەرستگاکەدابینیم جۆشی خواردبووە، بەدووی دەرفەتێکدا دەگەڕا لەڕێگەیەوە بێتە دەرەوە و ناخی ئارام بکات.

متمانەم بە بوونی هێزی ئەفسوناوی و (بەرگریکار) لە یەسنادا بەهێزتر دەبـوو، بـەڵام چۆن ئەو کارە دەکات؟ شیمانەی ئـەوەم دەکـرد لە هەموو جەستەیەوە ئاگرێکی هاوشێوەی ڕەنگی ئەو ئاگرانەی بەدەوریدا بازنەیان بەستبوو، هەریەکەیان هێزو توانایەکی بێئەندازەیان پێ ببەخشێ و لە هەموو جەستەی بێتە دەرەوە و یەک بەیەکی دوژمنەکانی پێ بسووتێنێت و بیانکاتە خۆڵە مێش. من نازانم چۆن ئەو دەجەنگێت و ئەو هێزی ناخی چۆن بەکار دێنێت!؟ ئارەزووی ئـەوەم دەکـرد منیش وەک ئەو خەونێکی وەهـام دیبایە یان وەک ئەو ناخی خۆم لەو ئەندێشەو بیرە خراپانەی بەرامبەر بەکەسانێک نواندبووم خاوێن بکردایەتەوە. بە وێنەی ئەو لەنێو

ئەو پەرستگایەدا تکام لە ئەهورا مەزدای مەزن بکردایە، هێزێکی وەک ئەوی بە چەندین ڕەنگی ئاگر بە ناخم ببەخشیایە، هەتا وەک ئەو بە متمانەیەکی بە هێزو لەڕادەبەدەرەوە ڕوبەڕوی ئەو داگیرکەرانە بومایەتەوە، کە چاوی پڕ حەزیان لە خاک و ژن و ماڵی ئێمە بڕیوە و خەون بە داگیرکردن و کۆیلە کردنمانەوە دەبینن. ئەفسوس لەم دۆخەدا هیچ شتێک قەرەبووی ئەو ساتە لە دەستچوانە ناداتەوەو هەست بە پەشیمانی دەکەم لەوەی نەمتوانی وەک یەسنا ببمە مرۆڤێکی جیاواز و بتوانم هێزی دەرونم کۆ بکەمەوە و لەم دۆخەدا بەکاری بێنم.

هێشتا کاتێکی زۆری ماوە تا ئەو تەتەرەی وەڵامی نامەکەی بەرپرسانی قەڵای جوڵندی دەگەیەنێتە سەربرەکان. پێدەچێت تاخۆیان ئامادەدەکەن و دەست بە هێرش دەکەن نێزیکی زەردەپەڕ بنەوە؛ ئەوە وتەی پیر شاهۆ بوو کەلە زمانی پەرپرسانی قەڵاوە بە یەسنای ڕاگەیاند. چوومە نێزیکی یەسنا و بەوێنەی ئەو لەبەرامبەر ئەو ئاگرەی کەلە نیوە گۆزەیەکدا کردبوویەوە دانیشتم و دەستەکانم لەسەر یەکدی خستە سەر سنگم و چاوەکانم داخست. هەموو ئەندێشەی ناخم لە بوونی ئەهورا مەزدا دا کۆ کردەوە، واهەستمکرد ئەو دەنگی ناخم بە وێنەی نزاکانی یەسنا دەبیستێت. بە هەستێکی خاوێن و متمانەوە وتم: تکات لێدەکەم من مرۆڤێکی سادەو ساکارم داواکانم پەسەند بکە، داواکارم هێزی مەزن و بەخشندەیی خۆتم پێ ببەخشی، ناخم ڕۆشنبکەرەوە و پڕشنگی ئاگری جوانی و هێزو متمانە بەو ناخە سادەو لاوازەم ببەخشە! داوات

لێدەکەم وەک ئافەریدەیەکی خۆت بیرم ڕۆشنتر بکەرەوە و هێزی بەرەنگاری و جەنگم پێ ببەخشە.

لەنیو ئەندێشەی خۆمدا وەک خەونێک ببینم هەستم بەدەنگێکی نامۆ کردو لە ناخمدا دەنگی ئەدایەوە، وەک ئەوەی لە گەڵ خۆمدا بدوێم نازانم کام لەوان بوو پێی وتم: «هێزی مرۆڤ لە بیرکردنەوە و متمانەی خۆیەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆئەوەی توانای ئەوەت هەبێت وەک جەنگاوەرێکی بەئەزموون و ئازا بجەنگیت، پێویستە هەموو بیر و هزری خۆت لەو شمشێرەدا کۆبکەیتەوە کە چۆن بەکاری دێنیت. ئاگاداربە ترس و گومان لاوازی بەهێزی جەستەت دەبەخشێت، هەوڵبدە هێزی ترس لەناخی خۆتدا بڕەوێنیتەوە و بەهێزی متمانەو بیرکردنەوەی باشەوە پڕی بکەیتەوە. لە ئەندێشەی خۆتەوە خۆت وەک پاڵەوانێکی بەئەزموون وێنا بکە، تا ئەو ئەندێشەیە لەگەڵ متمانەی ناختدا یەکدەگرن و دەبنە هێزێکی ڕاستی و لە کردارەکانتدا خۆیان وێنا دەکەن. من لەو دۆخەدا تەواو لە خۆمدا ڕۆچوو بووم.» هات! هێرشی سەربڕەکان هات، خۆتان ئامادە بکەن بۆ بەرگریکردن، هێزێکی تەواو بێشومار هات! بەرگری بکەن، مەهێڵن بێنە پێشەوە». ئەو دەنگە کەلە دەرەوە دەهات هەردووکمانی لەو کەشە پڕلە نزایە بە خۆ هێنایەوە. یەسنا تاوی دایە شمشێرە قورسەکەی و بە گوڕێکەوە بەرەو دەرەوە هەڵهات و منیش بەوێنەی ئەو بەدووی کەوتم.

# 11

ئـەوان وەک شـاری مێرولە لە هەموو شوێنێکەوە هێرشیان دەهێنا. هێندە زۆر بوون ئەو پێدەشتەی، کە چەمەکە بە درێژایی خۆی بۆی شۆڕ دەبویەوە، لەزۆری شکری سـەربڕەکـان ڕەشـی دەکـــردەوە. ئـەو هەموو تەپوتۆزو خۆڵەی لە ژێر پێی سمی ئەسپەکانیان بڵند دەبوو، تەمێکی بەرفراوانی بەسەر ئاسمانی ئەو شوێنەدا دروستکردبوو، وەک پەڵە هەورێکی تاریک و ڕەش لە گەڵ هێرش و پێشڕەویاندا، تا دەهات نێزیکتر دەبوونەوە.

دایکـە. . ئـەوانـە بـەمرۆڤ نـەدەچـوون! بەجانەوەرو دەعبایەک دەچوون،کە لەژێرزەمینەوە هەڵقولابێتن و تەنها

له مێشکیاندا هێرش و کوشتاری خوێن ڕشتنی تیا بێت. جەنگاوەرەکانی قەڵا بە هەموو توانایانەوە بەرگرییان دەکردو دەوریان بەسەر تەختایی ئەو گردانەی دەوری چەم و پێدەشتەکەیاندابوو. بەهۆی ئەو مەنجەنیقانەوە چەندڕۆژێک پێشتر جێگیر کرابوون، ئاگریان دەهاویشتە نێو جەرگەی هێرشی سەربڕەکان، بەڵام ئەوان بەجەستەی سوتاوو دەستی شکاوو برینداربییەوە هەڵدەستانەوە درێژەیان بەو هێرشە ئەدا، کەئامانجی داگیرکردنی قەڵای جوڵندی بوو. ئەوان هەردەهاتن، جەنگاوەرەکانی قەڵاش لەبەردەم ئەو هێرشە بەرفراوان و بەهێزەدا توانایان لەدەستدابوو.هێرشی دوژمنیش. تا دەهات نێزیکتر دەبوونەوە، هێزی تیرو کەوانەکانیان دەگەیشتە نێو ئاوایی.

لەو ساتەدا جەنگاوەرێک بەسواری ئەسپێکەوە، کە ئاسەواری برینی شمشێر بەسەر شان و قۆڵ و مەچەکیدا دیار بوو، وەک کانی خوێنی لێدەچۆڕا. خۆی بەنێو مانداکردو لەبەردەم ئێمە وەستاو بەدەنگێک، کە ئازاری جەستەی برینداری تێکەڵ بوو وتی:

–ئەوان ئەوەندە زۆرن ئەستەمە بتوانین لە بەردەمیاندا بەرگری بکەین. ئەوان لەهەموو شوێنێکەوە بەچەکێکی زۆرەوە هێرشیان هێناوە، تکایە بڕۆنە نێوماڵەکانتانەوە، خەریکە تیرەکان دەگاتە نێو ئاوایی.

ئەوەندەی وت و خۆی بەسەر ئەسپەکەیدا چەمانەوە و بەرەو ئاراستەی قەڵاکە غاری دا.

یەسنا خۆی تەواو ئامادەکردبوو پشتێنێکی سوری لۆکەی لەکەمەرە باریکەکەی شەتەک دابوو، خۆی بەخانەکەدا کردوو بەسواری ئەسپەکەیەوە بەرەو خوارەوەی ئاوایی ڕۆیشت.

ئەو تیرانەی لەهەردوو لاوە ئاراستەی یەکدی دەکران لەئاسماندا وەک لێزمەی باران بەهەردوو لادا دادەباری. کەس لەدەرەوە نەمابوو، هەموو ژن و منداڵ و پیرەکان خۆیان لە نێو ماڵەکانیان خزاندبوو. تەنها دەنگی سمی ئەو ئەسپانە بەنێو کۆڵانەکاندا دەهات، کە جەنگاوەرەکانیان لەسەر پشت بوو بۆبەرگریکردن بەرەو خوارەوەی ئاوایی دەچوون. لەو ناوەدا تەنها من بەشمشێرەکەی دەستمەوە لەبن دیوارێکی گڵی خانوویەک وەستابووم و چاودێری دیمەنی ئەو شەڕم دەکرد کە پەیامێکی پڕمەترسی بە ناخم ئەدا، هەستمکرد بێئومێدی ناخم ئەتەنێتەوە، دەستم بەشمشێرەکەوە دەلەرزی و هێزی ئەوەم نەمابوو بەرەو پێشەوە ڕێبکەم، بێئاگابووم لەوەی باوکم بەسواری ئەسپە ڕەنگ سپیەکەیەوە شمشێرێکی مەزنی لەدەستدابوو، بەغاردان بەتەنیشتمدا تێپەڕی و خۆی گەیاندە پێشەوەی شەڕکە. تادەهات جەنگاوەرانی قەڵا بەشکاوی بەرەو دواوە دەکشانەوە، بەدەست و قاچی

شکاو و جەستەی برینداره‌وه بەرگریان دەکرد.

متمانەم پێبکە دایکە گیان... لەبەر دەمی ئەو هێرشە بەربڵاوەدا، ئەستەمە مرۆڤ توانیبا بەرگری بکردبا، تەنها یەسنا نەبێت لەنێو هەموو ئەو سەربڕانەدا بەسواری ئەسپە قاوەییەکەیەوە ئەو شمشێرە قورس و تیژەی بەهەموو لایەکدا دەسوڕان، هەر سەر بڕبوو بەهۆی شمشێرە تیژەکەی یەسناوە دەستی یان سەری یان بەشێکی جەستەی دەپەڕی و هاواری دەکرد و بەدەم ئازاری خۆیەوە لەسەر ئەسپەکەیەوە دەکەوتە خوارەوە و لەو خۆڵە دا کینگلی ئەداو دەینالاند. دەوروبەری یەسنا بەلاشەیەکی زۆری سەربڕەکان تەنرابوو، خوێنی جەستەیان هەموو ئەو خاک و خۆڵەی لە خۆیدا سورکردبوو.

ئازایەتی یەسنا سەرنجی هەموو سەربڕەکانی بۆلای خۆی کێش کردبوو، کاتێک بەسواری ئەسپەکەیەوە هێرشی بۆ دەبردن و بەهەموو هێزی بیرو جەستەیەوە بە بێئەوەی ماندوو بێت ئەو شمشێرە قورسەی بۆسەرو جەستەی ئەو سەربڕانە دائەهێنایە خوارەوە، کە دەیانویست لێی نێزیک ببنەوە. لەنێو ئەو جەنگە دژوارەدا پرچە زەرد و درێژەکەی لەگەڵ جوڵەی دەست و جەستەی بەسواری ئەسپەکەوە شەپۆلی ئەداو دیمەنێکی پڕلە ترسی لەنێو دڵی هەموویاندا چاندبوو. جەنگاوەرێکی زۆر بەشمشێرو

ڕمەوە بازنەیەکی بەرفراوان و گەورەیان بەدەوریدا دروستکردبوو، لە هەموو لایەکییەوە هێرشیان بۆ دەهێنا، ئەویش لەنێویاندا بەهۆی زەبری شمشێرەکەیەوە، کە چەخماخەی وەک بروسکە لەشمشێرو ڕمەکانی دەستی سەربڕەکان هەڵدەستان.

لەو دەمەو ئێوارە درەنگەدا کە خەریکبوو تاریکی دیمەنی ئەو جەنگەی دائەپۆشی، تەنهاچەخماخەی شمشێرەکەی ئەو دەربریسکایەوە، تەنها دەنگی زەبری شمشێرەکەی ئەوبوو هەستێکی پڕلە ئومێدی سەرکەوتنی بە ناخم دەبەخشی. لەو ساتەدا بیرم لەوە دەکردەوە بەهانای یەسناوە بچم، بەڵام باوکم بە سواری ئەسپەکەیەوە کە ئارەق لەجەستەی دەچۆڕا لەدواوە ئەو بازنە فراوان و چڕەی سەربڕەکانی شکاندوو چەند کەسێکی لێ کوشتن.

تاریکایی جەنگەکەی لەخۆیدا شاردبۆوە. جەنگاوەرەکانی قەڵا بەهۆی هێزی یەسناوە گوڕێکی بەهێزیان لەخۆیاندا کۆکردبۆوە، توانیان بەری ئەو هێرشە بەرفراوان و خێرایە هێواش بکەنەوە. جەستەیەکی زۆری سەربڕەکان لەنێو پانتایی ئەو جەنگەدا بڵاو ببۆوە. زۆریی هێزی سەربڕەکان لە نێو ئاوایدا بەدەوری یەسناوە مۆڵیان خواردبوو. لەو دیمەنەی یەسنا تێڕامابوون و متمانەیان بەچاوەکانی خۆیان نەبوو ئافرەتێک لەو جەنگە قورس و دژوارەدا بەو شێوازە بجەنگێت و نەتوانن لەبەرامبەریدا

بووەستن.

من سەرنجم لەسەر دیمەنی پڕلە ئەفسونی یەسنا بوو، واهەستمدەکرد هەمان ئەو خەوەیە کەلە پەرستگاکەدا بینیم. بەڵام ئەوە خەون نەبوو، ئەوە هێزو توانای ڕاستی ئەهورامەزدا بوو لە نێو جەستەی ئەودا دەبزواو ئەو هێزە ئەفسوناوییەی پێ بەخشیبوو، ئەوە هێزی ئەندێشەو متمانەی ئەو بوو، کە هەردەم لەخۆیدا مۆڵی کردبوو، هێزێک کە هیچ جەنگاوەرێکی دوژمن توانای بەرپەچدانەوە و بەرگریکردنی نەبوولە ئاستیدا.

من کەلەو ساتەدا ئەندێشەم ڕۆچووی ئەو دیمەنەی یەسنا بوو، دەنگێک بەخۆی هێنامەوە «ئاگادار بن هەندێک لەسەر بڕەکان لەنێو چەمەکەوە دزەیان بۆ نێو ئاوایی کردووە» تاوم دایە سەر پشتی ئەسپەکەم و بەرەو ڕوویان غارمداو لەکەناری چەمەکەدا بەرەو ڕوویان بوومەوەو بەهەموو هێزم بەرگریم دەکرد. چەند جەنگاوەرێکی قەڵا لەتەنیشتمەوە دەجەنگین و بێئاگابووین لەوەی ئەوان لە زۆر شوێنی تری نێو چەمەکەوە هیرشیان بۆ ئەو ژن و منداڵ و پیاوە پیرانە هێناوە، کەلە ترسی جەنگەکە بەرەو نێزیکی ئەشکەوتەکە هەڵهاتبوون، سەربڕەکان خۆیان گەیاندبووە لایان و دەوریان گرتبوون. کاتێک ئەو هێرشەمان شکان کە لەنێو چەمەکەوە هاتبوون،هێزێکی پڕلە متمانە بەخۆ

بوون ناخی تەنیبووم، تاومدایە ئەسپەکەم و بەرەو لای یەسنا و باوکم چووم، لەوێدا شەڕ بەردەوامی هەبوو،ئاسمان تەواو تاریکی کردبوو، تەنها ڕۆشنایی تریفەی مانگ نەبێت بەرچاومانی ڕۆشندەکردەوە. یەسنا بەبێ ماندوو بوون دەجەنگی جەستەی بەوێنەی ئاگرێکی بەتین لەنێویاندا تاوی ئەداو ترسێکی بێوێنەی لەناخی سەربڕەکاندا دروستکردبوو، باوکم لە پشتیەوە بەرگری دەکرد بۆئەوەی سەربڕەکان لە دواوە دزە نەکەن و نەی پێکن. من کەلە دووریانەوە وەستابووم، ویستم خۆم بگەیەنمە نێویانەوە. وەک باوکم ئەو بازنە دەورەدراوە بەزەبری شمشێرەکەم بشکێنم، بەڵام لەو ساتە دا دەنگی یەکێک لە جەنگاوەری سەربڕەکانم ژنەفت کەپیاوێکی ڕەش پێستی پیر بوو، شێوەی ڕوخساری بە تەلیسم باز دەچوو، دەستەکانی بۆ ئەشکەوتەکە درێژ کردوو بەدەنگێکی پڕهاوارەوە وتی: «سەیری ئەشکەوتەکە بکەن هەموو هێزی ئەو ئافرەتە لە ڕوناکی ئەو ئەشکەوتەوە سەرچاوەی هەیە!». من بەهۆی جەنگەکەوە بیئاگابووم لەوەی چی ڕووئەدات، کاتێک لە ئەشکەوتەکەم ڕوانی هەمان ئەو پرشنگەم بینیەوە کەئەو ڕۆژە یەسنا لەوێدا نزای تیادەکردوو شەرابی نەمری تیا خواردەوە.

پڕشنگەکە بە هەر حەوت ڕەنگەکەیەوە لەگەڵ هەڵچوون و هێرشی شمشێرەکەی دەستی یەسنا هاو ئاواز بوو،

ئەو بەردەوام دەجەنگی. سەربڕەکان بە هێزێکی زۆرەوە بەدووی ئەو پیاوە تەلیسم بازە کەوتن کە هاواریکرد. بەپشتی چەمەکەدا پەڕینەوە و خۆیان گەیاندە لای پلیکانەکانی بەردەم ئەشکەوتەکە، من متمانەم بەوە نەبوو بتوانن خۆیان بەنێو ئەشکەوتەکەدا بکەن، هەربۆیە خۆم گەیاندە لای باوکم و یەسنا و ئەو بازنەیەم شکاند، کە بەدەوریانەوە دروستیان کردبوو.

ئێمە دەجەنگین، بەهەموو هێزی خۆمانەوە ئومێدی ئەوەمان هەبوو تێکیان بشکێنین و تەواو لاوازیان بکەین و هەڵبێن. ئومێد زۆر نێزیک بوو لەسەرکەوتن، ئەوان هێندەیان نەمابوو جەنگاوەرەکانیان لەبەردەم هێزی ئێمەدا پەرت و بڵاو بن. بەڵام لەناکاوێکداو لەنێو گەرمەی ئەو جەنگەدا، گەردەلولێکی بەهێز لەڕەنگی هەموو ئاگرەکان بەدەوری یەسناوە هەڵیکردولەخۆیدا حەشاریدا. هەموو جەنگاوەرەکانی قەڵاو و سەربڕەکان بەو دیمەنە نامۆیە تەواو سەراسیمە بوون. هەموویان شمشێرەکانیان بەدەستەوە بوو لە دیمەنی نامۆی ئەو گەردەلولەیان دەڕوانی، کە تادەهات بە پڕشنگی ئاگرەکەی خۆی دەبریسکایەوە و بەگوڕێکی بەهێز ترەوە بەرەو ئاسمان بڵند دەبوو. هەموو خۆڵ و تۆزی ئەو جەنگەی لە خۆی ئاڵاندبوو. هێدی هێدی ئەو گەردەلولە بووە پارچەیەک لە ئاگرو تینێکی بەهێزی بەدەوروبەری

دەبەخشی.سەربڕەکان لەبەر بەهێزی گەرمی ئەوە گەردە لولە بەرەو دواوە کشانەوە، لەنێو بازنەیەکی فراوان و گەورەدا یەسنا لەنێو ئاگری ئەو گەردەلولەدا بووە بەشێک لەو ئاگرەو بۆئاسمان هەڵکشا.

لەودۆخەدا تەنها دەنگی من دەهات... هاوارمکرد: «یەسنا بەجیم مەهێڵە، لەگەڵ خۆت بمبە، تکادەکەم..!» بەڵام ئەو بەردەوام بۆ ئاسمان بڵندتر دەبوو. جەستەی یەسنا بە شێوەیەک لەگەڵ ئاگرەکەدا ئاوێتە بوو لەپێش چاوەکانمدا تەواو بزر بوو. لەگەڵ خێرایی گەردەلولی ئەو ئاگردا، کە هەموو ئەوناوەی تەواو ڕۆشنکربۆوە بەرەو قوڵایی ئاسمان ڕۆیشت و دیار نەما.

لەگەڵ ڕۆیشتنی ئەو دا،نازانم پڕیشکی جەستەی ئەو بوو یان پاشماوەی گەردەلولی ئاگرەکە بوو وەک ئەستێرەی بچوک لە ئاسمانەوە بەسەر ئەوناوەدا وەک باران دادەبارییە خوارەوە. هەرچی پڕشنگ و ئاگری پەرستگای نێو ئەشکەوتەکە بوو تەواو خامۆش بوو، تاریکی هەموو ئاوایی تەنییەوە. کاتێک بەئاگا هاتینەوە، سەربڕەکان گەمارۆی ئێمەیان دابوو،هێزی ئەوەمان نەمابوو بەرەو ڕوی ئەو هەموو جەنگاوەرە بجەنگین. شەڕی نێو ئاوایی کۆتایی هات و زۆرێک لەسەربڕەکان بەرەو قەڵای جوڵندی درێژەیان بە هێرشەکەیان دا.



# 12

ئارین دەنگی نایەت، بانگی دەکەم وەڵامم ناداتەوە، نازانم ئەو بۆکوێ دەچێت..! لەچاوەڕوانی دەنگی ئەو دا بیرلە خۆم دەکەمەوە،بەدووی خۆمدا دەگەڕێم و دەمەوێت خۆم لە نێو خۆمدا بدۆزمەوە. پێدەچێت یادەوەریم بژێتەوە، لەناکاوێکدا دەگەڕێمەوە بۆ دیمەنی ئەو جەنگەی تێیدا مەرگ لەئامێزی خۆی گرتبووم، لەنێو سەنگەرەکەمدا لەدیمەنی ئەو جەنگە سامناکەدا دەڕوانم.

بەدەنگی تەقەو زرمەی بۆمبی ئەو تانکانەی لەدەوروبەرمدا بەنزیکی دەبیستران، زانیم دوژمن بەتەمای

هێرشێکی بەربڵاوە بۆسەر هێزەکانمان. بەپەلە لە شوێنی خۆم ڕاست بوومەوە، هەوڵمدا لە کونی دیوارەکەوە سەرنجێکی ئەو شەقامە بدەم، کە بە پانتایی خۆی ئاگری گوللەی هەردوولامان بێدەنگی شڵەقاندبوو.

لە کونەکانەوە هیچ سەربڕێکم بەدی نەکرد، چاوەڕوانکراو بوو دوژمن دەیەوێت لە پێش هێرشکردندا، لە ڕێگەی بۆردومانی تانکەکانیەوە ماندوومان بکات و ناچارمان بکات بەهۆی سەرقاڵیمان بە خۆحەشاردانمانەوە لەبەردەم ئەو تۆپانەی ئاراستەمان دەکەن، فرسەتێک بدۆزنەوە بۆ هێرشکردنە سەرمان. من کە هەموو هەست و نیگاکانم لەسەر ئەو شەقامە فراوانەی بەرامبەرمان و سوچی کۆڵانەکانیەتی، کەتاو ناتاوێک سەربڕەکان لێی دەهاتنە دەرەوەو دەستڕێژێکی گوللەیان ئاراستە دەکردین.

هاژەی بۆمبێک هەموو ئەو ناوە دەلەرێنێتەوە. دەنگی تەقینەوەی ئەوبۆمبە ئەوەندە بەهێزبوو، گوێکانی کپکردم. کاتێک ئاوڕ بۆلای ڕاستی خۆم ئەدەمەوە، ئەو ڕەشەبایەی کە هەموو دەنگێکی ئەو ناوەی تێکەڵ بەیەکدی کردووە، تۆزو خۆڵی ئەو خانوەی کە هەڤاڵ نەسرین تێیدا دەجەنگی بە هەموو لایەکدا بڵاو کردۆتەوە. من لە نێوان خەمی هەڤاڵ نەسرین و چاودێری ئەو سەگڤانە نەفرەتییەی، کەلەسەرمە تێڕاماوم. خەمێکی قوڵ دڵی گرانکردم هەموو ئەندێشەم لەوەدا کۆکردەوە، کە چۆن خۆم بگەیەنمە لای. ترسی

ئەوەم هەیە لەگەڵ ئەو بۆردومانە سەختەدا سەربڕەکان فرسەتێک بدۆزنەوە تا هەڵبکوتنە سەرمان.

ئەوەندەی خولەکێک ناخایەنێت لەنێو ئەو تۆزو خۆڵەی، کە ڕەشەباکە لەگەڵ خۆی پێچی ئەدا ئەوناوەی لەخۆیدا نقوم کردووە، بەئاستەم دەتوانم خانووەکانی بەرامبەرم ببینم. ئەوە بەهەلێک دەزانم خۆم لەدەست ئەو سەگڤانە نەفرەتییە قوتاربکەم و گۆڕانکاری بە شوێنەکەم بکەم. لە جێگەی خۆمەوە گورێک بە خۆم ئەدەم و بەقەڵەمبازێک خۆم هەڵئەدەمە سەر شەقامەکەی تەنیشتمەوەو بەرەو خانوەکەی هەڤاڵ نەسرین ی لێبوو هەڵدێم.

لەنێو ئەو تۆزو خۆڵەی ڕەشەباکە بەهەموو لایەکدا گەمەی پێدەکات، بەڕاکردن خۆم دەگەیەنمە ناو حەوشەی خانووەکەوە. لەناو ئەو تەپو تۆزەی، کە ڕەشەباکەی بەهەموولایەکدا دەیهێناو دەیبات، چاوەکانم بەئاستەم بەهەموو لایەکی حەوشەکەدا دەگێڕم. لەناوەڕاستی ئەو حەوشە گەورەیەدا ئاسەواری ئەو بۆمبەی کە زەمین لەرزەیەکی بەهێزی بەو ناوە دا، وەک ئەوەی بەناخی زەویدا ڕۆچووبێت، چاڵێکی گەورەی دروستکردووە، کەبەهێندەی ژورێک دەبێت و لە لێوارەکانییەوە خۆڵی وشکی حەوشەکە بەردەوام دەخزێتە ناوییەوە.

کە ئەو دیمەنە دەبینم دڵنیادەبم لەوەی ئەو بۆمبە هەڤاڵ نەسرینی پارچە پارچە کردووە، ئومێدی ئەوە دەکەم ئەولە

قوژبنێکی ئەو حەوشەیەدا بەبرینداری بیدۆزمەوە. بەڵام ئاسەواری ئەو چاڵە گەورەیەی کە بە ژورێکی بچوک دەچێت ئەندێشەم بۆئەوە دەبات، دەبێت ئەو بۆمبە هێزی چەند بێت وا ئەو چاڵە مەزنەی کردۆتە ئەو خاکە وشک و سەرتەوە.

لە حەوشەکەدا هەڤاڵ نەسرینم نابینم، بەرەو دەرگای سەرەکی خانووە کە دەچم و خۆم بەناو هەموو ژورەکانیدا دەکەم،بەڵام ئەو دیارنییە. خەمێک هەموو گیانمی تەنیبوە وێنای ئەوەدەکەم ئەو بۆمبە نەفرەتییە ڕاستەو خۆ ئاراستەی ئەو کرابێت و هەرپارچەیەکی جەستەی بەهەموو لایەکدا بڵاو کردبێتەوە. بەدەنگێکی خەمناک و پڕلە گریانەوە لەنێو ئەو خانووە چۆڵە دا پڕبە دەنگم هاواردەکەم: «هەڤاڵ نەسرین، تۆ لە کوێی؟». چەند جارێک بە گەروویەکی پڕلە گریانەوە بانگی دەکەم، بەڵام ئەو وەڵامێکی نییە.

لە دوای چەند هاوارێکم گریانێکی بەکوڵ چاوە خۆڵاوییەکانم تەڕدەکات، بەدەم گریان و دڵێکی پڕلە تۆڵەوە بەرەو حەوشەکە دەچمە دەرەوە.بیرلەوە دەکەمەوە ئەو لەشوێنێکدا خۆی حەشاردابێت و بۆخۆی گازم بکات. کاتێک دەگەمە بەردەم ئەو چاڵەی لە حەوشەکەدا بوو، ڕەشاباکە هەموو ئەو خۆڵە وشکەی بەهۆی بۆمبەکەوە هەڵکشابوو لەگەڵ خۆیدا بردبووی.

وەک  چۆن دەنگێک پێم بڵێت «کەسێک لە نێو ئەو چاڵە گەورەیەدا گازت دەکات». بەهەستێکی ئامادە باشییەوە نێزیکی دەبمەوە و لولەی چەکەکەم بەئاراستەی ئەو دەگرم. بەئاگاییەکی وردەوە لەناو چاڵەکە دەڕوانم، ئومێد دەکەم هەڤاڵ نەسرین بێت، بەڵام ترسێک واملێدەکات شیمانەی ئەوە بکەم سەربڕێک لەنێویدا خۆی مەڵاس دابێت و لەناکاوێکدا دەستڕێژێکم لێ بکات. لەگەڵ نێزکبوونەوەم لە نێو ئەو چاڵە مەزنەی کە بە ژورێکی بچوک دەچێت و دیوارەکانی بە خشتێکی دیرۆک دروستکراوە، دیمەنی تاشەبەردێک دەبینم کەلەسەر شێوەی مرۆڤێک داتاشراوە. ئەوەی زیاتر وام لێدەکات خۆم فڕێدەمە ناو چاڵەکەوە، دیمەنی دیرۆکی ئەو وێنە هەڵکۆڵدراوەی زەردەشتی پەیامبەرە، کە ڕێک لەناوەڕاستی ئەو پەیکەرە بەردەدایە.پێدەچێت بە دەستی هونەرمەندێکی بەئەزموون دروستکرابێت.

تفەنگەکە دەنێمە شانم و کەمێک بۆ سەرەوەی خۆم دەڕوانم، تالەوە دڵنیابم سەربڕێک خۆی هەڵنەداتە ناو خانووەکەوە، بەدەستەکانم ئەو خۆڵەی کە بەشێکی زۆری پەیکەرەبەردەکەی داپۆشیوە، بەدەوروبەریدا بڵاوی دەکەمەوە. لەکەناری ئەو تاوێرە بەردەدا، درزێکی کراوە دەبینم کە پێدەچێت وەک کڵاوێکی بەردین درابێت بەسەر پارچە بەردەکەی ژێریەوە. پەنجەکانم لەو درزە گیردەکەم و بە هەموو هێزێکمەوە ئەو پارچەبەردە گەورەیە لەسەر ئەو

گۆڕە لا دەبەم کەلەناویدا پەیکەرێکی مۆمیاکراوی مرۆڤێکی تیا ڕاکشاوە. لەسەر پەراسووە داڕماوەکانی سنگیدا کەلە چەند شوێنێکەوە پێستە ڕەش داگیرساوەکەی سنگی دڕاندووە،دەستنوسێکی چەرمی قەبارە مەزن دانراوە.

دەبێت ئەو بەردەی پەیکەری ئەو مرۆڤەی تیا دانراوە، بە چ ئامێرێکی ئەو سەردەمە هەڵکۆڵدرابێت و بۆئەو مەبەستە ئامادە کرابێت. لە سەر بەرگی ئەو دەستنوسە مۆمیاکراوەدا،کە پێدەچێت لە چەرمی ئاژەڵ دروستکرابێت وێنەیەکی ڕوونی پەیامبەر زەردەشت بە هەڵکۆڵدراوی نەخشێنراوە. لەوە دڵنیا دەبم ئەو شوێنەی تێی کەوتووم ئاسەوارێکی دێرینی زەردەشتیانە و بە هۆی دیرۆکی گۆڕەکەوە ژێر خاک کەوتووە.

لەو دۆخە دژوارەی کە لەسەرمەوە گرمەو تەقەی جەنگەکە بەئاگام دێنێتەوە هەموو خەیاڵم لەو دەستنوسەدا کۆدەکەمەوە، کە دەستی چەپی پەیکەرەکەی لەسەر دانراوە و مەچەکی پێوە نەماوە. چاوێک بە دەوروبەری خۆمدا دەگێڕم تا ئەو پارچە ئێسکانەی مەچەک و پەنجەکانی بدۆزمەوە و لە شوێنێکدا کۆیان بکەمەوە، بەڵام کاتێک سەرنجی سەری ئێسکی مەچەکی ئەدەم، کۆتایی ئێسکەکانی ئەو گۆیەی پێوە نەبوو کە جومگەی مەچەکی پێوە پەیوەست دەبێت. وای بۆ دەچم ئەو مرۆڤە لە جەنگدا

مەچەکی بە شتێک یان شمشێرێک بڕابێت و بەو هۆیەوە گیانی سپاردبێت...!

ترسی هێرشی سەربڕەکان وام لێدەکات بە خێرایی تاو بدەمە دەستنووسەکەی سەرسنگی و دەیخەمە نێوان ئەو فیشەکدانەی کەبە بەرۆکی خۆمدا هەڵمواسیوە. گوڕێک بە خۆم ئەدەم و لە چاڵەکە دێمە دەرەوە و بە سنگە خشکێ بەرەو لای دیواری حەوشەکە دەڕۆم. لەسەر دیوارەکەوە سەرێک بۆلای شەقامەکە ئەکێشم، تا دڵنیابم لەوەی سەربڕێک نەمداتە بەر دەستڕێژی گوللە، بیر لەوەدەکەمەوە ئەو سەگڤانە نەفرەتییە بەهۆی دیارنەمانمەوە بێزاربووبێت لە چاودێری کردنم، یان بەدووی نێچیرێکی تری هەڤاڵەکانمدا بگەڕێتو سەرنجی لە سەر ئەو خانووە نەمابێت کە پێشتر لێی دامەزرابووم.

بەرەو دیواری خانووە کە ڕادەکەم و خۆم هەڵئەدەمە ناو حەوشەکەوەو بە هەناسە بڕکێوە لە جێگەی خۆم بڵند دەبم دەمەوێت خۆم بگەیەنمە کەناری ئەو دیوارەی کەبەڕووی شەقامە سەرەکییەکەدا ئەڕوانێت. لەگەڵ بیستنی گیزەی گوللەیەک، ئەژنۆکانم هێزی ڕاگرتنی جەستەمیان نامێنێت، ئەوەندە هەست بەخۆم دەکەم گوێکانم تەواو کپ دەبن ولەگەڵ کەوتنم بە پێشی خۆمدا پێش چاوەکانم تاریک دەبن.



# 13

لەو دۆخە دژوارەی ئەو جەنگەدا، بەخۆم دێنێتەوە و دەمباتەوە نێو چیرۆکی ئەو دەستنووسەی کە پێدەچێت بۆخۆم دۆزیبێتمەوە. من بۆخۆیشم دڵنیانیم لە ڕاستی و بوونی ئەو ڕوداوانەی لە ئەندێشەمدا خۆیان نمایش دەکەن، نازانم خەونێکی هەڵبزرکاوی مێشکە پەنماوەکەمە یان جەستەیەکی سەربڕاوم و لەناو کەللە سەرێکی فڕێدراودا بەدووی خۆمدا دەگەڕێم.

گومانم لە بوونی ڕاستی خۆم هەیە، دەمـەوێت پێی بڵێم «تکا دەکەم چیتر لەخەونی ئەو هەموو جەنگەدا مەم

هێڵەرەوە، خەریکە لە بوونی خۆم پەژیوان دەبمەوە».
ئەویش بەدەنگێکی ئارام کە نازانم لەکوێوە دێتە ناخمەوە لەناومدا دەنگ ئەداتەوە و درێژە بەگێڕانەوەی چیرۆکە تەواو نەکراوەکانی ئەدات و دەڵێت:

-مەلیک.. من لە چاوەڕوانی هاتنەوەی یەسنا نائومێدم، تۆبڵێی بگەڕێتەوە نێومان و کۆتایی بەم جەنگە خوێناوییەی سەربڕەکان بهێنێت !؟

دایکە.. یەسنا بۆ کوێ چوو؟ پێدەچێت ئێستا ڕۆحی ئەویش لەگەڵ تۆدابێت، من ئیستا لەو گومانانەم پشتڕاست دەبمەوە کە ڕەفتارەکانی تۆ بەئەندێشەمی بەخشی، من گومانم لە هاتنی یەسنابوو چۆن کچێکی بچوکی بێ دایک وباوک بەو نیوەشەوە لە نێو ئەو هەمووماڵەی ئاوایدا لەدەرگای ماڵی ئێمەی دا. تۆش بێئەوەی بیرلە چۆنیەتی هاتنی بکەیتەوە، وەک کچێکی خۆت گەورەتکرد و نازی دایکێکی ڕاستیی خۆیت پێ دەبەخشی، من گومانم لەو چیرۆکانەت هەبوون، لەسەر دۆزینەوەی یەسنا دەتگێڕانەوە. من گومانم لەو ڕەفتارە نامۆیانەی یەسنا بوو کە چۆن لە دوای هەموو کارەکانی بەو تەمەنی منداڵییەی خۆیەوە ئارەزووی گەمەی منداڵانی ئاوەیی نەبوو، هەموو کاتەکانی لە نێو پەرستگاکەدا بەسەر ئەبردوو هەمیشە نزای بۆ جوانی و بەختەوەری و ئاشتی ئەکرد.

ئەو چـوو.. وەک گـەردە لولێکی نامۆ بـەرەو ئاسمان هەڵکشا!؟ مرۆڤ چۆن دەتوانیت ببێتە گەردە لولو لە نێو هەناوی دوژمندا بەبێ ترس خۆی ڕادەستی ئاسمان بکات. من دڵنیام تۆ لە هەستی پاکی و مەزنێتی خۆتەوە پێدەچێت خەونت بە ڕوخساری ئەو یەسنا منداڵە وە بینیبێت! وەک چۆن هەموو کاتێک لەبەردەم ئاگردا داوات لە ئەهورامەزدا دەکرد کیژێکی جوان و بەژن وباڵابەرزی وەک یەسنات پێ ببەخشێت. من دڵنیام ئەوە خەونی تۆبوو کە لەدوای خۆت ئەوەندە نەمایەوە و چوو.

کاتێک گەورەبووم و بیرم کردەوە، لە هزری خۆمەوە هەر ئەو کات گومانم لە یەسنا هەبوو، کە مرۆڤێکی جودایە. دواتر زانیم ئەو فریشتەیەک بوو لەئاگر، هەربۆیە ئارەزووی بە شوکردن و خۆشەویستی نەبوو.

کاتێک تۆ ڕۆیشتی، هەموو جەحێڵی ئاوایی شێت وشەیدای ئەو بوون! ئەوان بەردەوام بە ڕەفتارە نێرینەکانی خۆیانەوە لەو گۆڕەپانەی گوڵی گەنمی تیا ئەکوترایەوە، زۆرانیان دەگرت و هێز وتواناو ئازایەتی خۆیان بۆ یەسنا نمایش دەکرد، هەموویان خەونیان بەوە وە دەبینی بە ڕەفتارە سەرشێتەکانیان خۆیان لە نێو دڵی ئەو دا بچەسپێنن.

من گومانم لـەوە هـەبـوو چـۆن ئـەهـورامـەزدا مافی خۆشەیستی بە هەموو مرۆڤێک بەخشیوە، تا بگەنە بڕیاری هاوسەرگیری و درێژە بەجوانی ژیان بدەن، بەڵام ئەو

هەرگیز بیری لەوانە نەئەکردەوە. متمانەم پێبکە دایکە! شەوێک بۆخۆم پێم وت:

-یەسنا یەکێک لەو گەنجانەی ناوی (کاکۆ) یە، زۆر دڵی بە تۆ دێت ئارەزووی ئەوە دەکات بتکاتە خۆشەیستی خۆی و پەیمانی ڕاستی ژیانت ئەداتێ.

بەڵام ئەو وەڵامی بۆ قسەکانی من هەرئەوە بوو وتی:

-من هەرگیز خۆشەویستی و هاوسەر گیری ناکەم، خۆشەویستی من پەیوەستە بەم خاک و ئاوو هەواو ئاگرەوە!

ئای ئەوە چ وەڵامێک بوو!؟ دواتر بیرم هاتەوە ئەوە وتەکانی زەردەشتی مەزنە، ئەو بەشێک بوو لە ئافەریدە تایبەتەکانی ئەهورا، بەو نیوەشەوە لە وێنەی منداڵێکی ئاوارەو بێکەسدا خۆی هاویشتە ماڵە کەمان و ئاوەدانی کردەوە.

ئەوە هاتنەدی خەونەکانی تۆبوو دایکە. بەڵام ئەفسوس ئەو چوو!! ئێمەی لەنێو تاریکی ژیاندا جێهێشت.نازانم بۆچی بەو تەمەنە کەمەوە بەجێی هێشتین؟. هەڵەی من نەبوو دایکە، ئەوە هەڵەی ئەو مرۆڤە ترسنۆک و نەزانانە بوو کە هێزو نهێنی یەسنایان ڕادەستی سەر بڕەکان کرد. ئێمە لە سەرکەوتن نێزیک بووینەوە، کاتێک یەسنا لەگەرمەی جەنگ و سەرکەوتندا بۆئاسمان هەڵکشا، هەر ئەوانە بوون لە دوای یەسنا بوونەهۆی مردنی باوکم.

کاتێک ئێمە لەنێویاندا گەمارۆ درابووین، باوکم بەجەستەیەکی تەواو شەکەتەوە بەئاستەم هەناسەی ئەدا، چەند سەربڕێک بۆ تۆڵە کردنەوەی هەموو ئەوانەی بەدەستی بەهێزی باوکم کوژرابوون، هێرشیان بۆ هێناو لەهەموو لایەکەوە ئەو ڕمە درێژوو تیژانەی چەرمی ئەستوری قەڵغانەکانی دەبڕی، لە جەستەی بەهێز و پڕلە ماسولکەی باوکمیان چەقاند. من بە چاوەکانی خۆم بینیم کە چۆن سەری ڕمەکان لە پێش و پشتی جەستەی باوکمەوە هاتبوونە دەرەوە و خوێنی لێ دەچۆڕا. لەو ساتەدا ناخم تەواو ئاگری گرت و بەهەموو هێزم، بەتەنێ لە نێو ئەو هەموو سەربڕە دڕندانەدا هێرشم بۆهێنان و بەشمشێرەکەم چەند کەسێکم لێ کوشتن. هەمووهەستەکانم لە بەرەنگاربوونەوەیاندا کۆکردبۆوە. بەڵام هەرئەوەندە بەخۆم زانی، دەستی ڕاستم تەواو گەرم بوو، کاتێک ڕوانیم مەچەکم بەشمشێرەکەوە بە هۆی شمشێری ئەو سەرکردە ڕەش و ناشرینەی فەرمانی هێرش و کوشتنی بەدەست بوو پەڕێنرا. ئای چەند خوێن لەدەستم هاتە دەرەوە! هەموو یان وەک دڕندەیەکی بێ بەزەیی لە دیمەنی منیان دەڕوانی کە چۆن بەدەم ئازاری دەستم و کوشتنی باوکەمەوە دەناڵێنم.

سەربڕێک لێم هاتە پێشەوەو ویستی بە شمشێرەکەی ملم وەک جەنگاوەرەکانی تر بپەڕێنێت. بەڵام سەرکردە ڕەش پێستەکە فەرمانی کرد ئەو کارە نەکات. وتی: «لێگەڕێ

بابەئازاری خۆیەوە گیانی ببەخشێت، ئەمانە ئاگر پەرستن و نەوەی شەیتانن، خۆ بەچاوەکانی خۆتان بینیتان چۆن جەستەی ئافرەتەکانیان بەشێک بوو لەو ئاگرەی شەیتانی لێ دروست بووە.»

بۆئەوەی بەرنگاری ئەو مەرگە ببمەوە ئەوان لە چاوەڕوانیدا بە پێکەنینی سەرکەوتنیانەوە لێمیان دەڕوانی، پشتێنی شمشێرەکەم بەدەستی چەپم کردەوە و توند لەمەچەکم شەتەک دا، تا خوێنەکەی بوەستێنم. سەرکردەکە داوای لێکردم بە پیادە بەرەو نێو ئاوایی بڕۆم، لەسەر ئەسپەکەم هاتمە خوارەوە و بەدەم ئازاری ناخ و جەستەمەوە بەرەو نێو ماڵە کانی ئاوایی چووم، ئەوانیش لە دوامەوە بەنەرمە غار دەهاتن.

من ئەندێشەم لای خەڵکی ئاوایی بوو، کە بەزەبری قامچی، ئەو ژن و منداڵ و پیاوە پیرانەیان بە پێپلیکانە بەردەکاندا بۆ ناو پەرستگاکە سەر خستبوو. بڕوام وابوو لەوێدا هەموویان کوشتبێتن و کەسیان نەمابن. بەڵام کاتێک گەیشتمە نێو ئاوایی، هەموویان لە ژێر ئەو دارتووە بەتەمەنەی کە پەلەکانی بەهەموو لایەکی خۆیدا بڵاو کردبۆوە هەڵکورمابوون. لە چاوەڕوانی چارەنوسی نادیاری خۆیاندا فرمێسک لە چاوەکانیان دەهاتە خوارەوە، بینینی ئەو دیمەنە هەموو ناخمی هەژاند، من چۆن بتوانم بژیم؟ چۆن بتوانم بیر بکەمەوە و ڕێگا چارەیەک بۆ دەرباز

بوونمان بدۆزمەوە؟ هەموو ئەندێشەم کەوتەوە سەر یەسنا. لە ئاسمانی ساماڵی ئەو شەوەم دەڕوانی و چاوم بە نێو هەموو ئەستێرەکاندا دەگێڕا، تا بیدۆزمەوە و بەهانامانەوە بێت. وێنای ئەوەم دەکرد لە ناکاوێکدا لە بڵندی ئاسمان وەک گەردەلولێک پەیدا بێت و هەموو ئەو جەنگاوەرانەی بە دەورمانەوە مۆڵیان خواردووە و بە تاسەوە لە سیمای تۆقیومان دەڕوانن، یەک بەیەکیان بە شمشێرەکەی دەستی پارچە پارچە بکات و هەمووومان ئازاد بکات.

بەڵام ئەفسوس، ڕۆیشتنی یەسنا ڕاستی بوو، گەڕانەوەی نەبوو. دەبێت ئەو بۆکوێی ئاسمان ڕۆیشتبێت؟ ئەو ئێستا چییە؟ ئەستێرەیەکی درەوشــاوەی ئاسمانی سامالەو بە خەمێکی مەزنەوە لە کۆیلە بونمان دەڕوانێت و ئازارمان بۆ دەچێژێت ؟ نا پێدەچێت ئەو ئێستا بۆ سەروتر ڕۆیشتبێت و خۆی گەیاندبێتە لای زەردەشتی مەزن و سکالاو خەمی ئێمەی کوردی بەو گەیاندبێت و باسی ئەو جەنگە داگیرکارییەی سەربڕەکانی وەک خۆی بۆ بگێڕێتەوە، تا ئەویش لە میهرەبانی خۆیەوە فەرمان بە فریشتەکانی خۆی بکات و لە شەوێکدا و لە وێنەی ئەستێرەیەکی گەشاوە و پڕشنگداردا، دابارێنە خوارەوە و ڕوناکی بەم ژیانە تاریک و تاڵەمان ببەخشنەوە و بە فریاد ڕەسمان بێن، بە پڕشنگی ڕوناکی لەڕادەبەدەر و هێزی مەزنی خۆیانەوە، چاوی هەموو ئەو سەربڕانە کوێربکەن، بۆئەوەی بەدرێژایی ژیانیان خەون بەڕوناکی خۆرەوە ببینن.

بەڵام ئـەوە  چۆن دەبێت و  چۆن ڕوو ئـەدات؟ ئەوە تەنها ئەندێشەی منێکی کۆیلەی دەستی سەربڕگەلێکە کەلە ئەو پەڕی نائومێدیم بۆ ژیان لەناخی پڕلە ئازاری خۆمەوە خەونی پێوە دەبینم.

کاتێک گەیشتمە نێو خەڵکانی ئاوایی، (دایکە مرواری)، کە مامانی ئاوایی بوو منی بەو دیمەنەوە بینی مەچەکێکم پێوە نـەمـاوە، بێئەوەی پرسیار لـەو جەنگاوەرانە بکات کە دەوریـان دابووین، تاوی دایە ئاسەواری ئەو ئاگرەی کەبەهۆی تیرێکی ئاگراوییەوە گڕی لە کەڵەکە دارێکی وشک بەردابوو. سەرە بزوتکێکی هیناو مەچەکمی پێ داخ کرد، تا خۆتم خوێنەکەی بوەستێتەوە. ئای چی ڕویدا! ژانێکی بەهێز پەڕییە نێو دڵمەوەو بە هەموو هێزم هـاوارم کرد ئەی زەردەشتی مەزن وزەی خۆتم پێ ببەخشە،  هەموو سەربڕەکان پێکەنینیان بەو دیمەنە پڕبەئازارەی من دەهات. (دایکە مـرواری) بەدەنگێکی نـەرم کە تێکەڵ بە خەمێکی مەزن بوو پێی وتم: ئارام بگرە کوڕم ئاگر بۆئێمە ژیان و چارەسەرە...!!

نازانم بۆچی بەو ئاگرە ئازارم چەشت!؟ چەندین جار بەدەستەکانی خۆم لەنێو ئاگردانەکەی ماڵەوە، چەندین سـەرە بزوتکم دەرهێناوەو مەشخەڵەکانم پێ ئاگرداوە. «بۆچی ئیستا بەئاگر ئـازار ئەچێژم؟» من بەدەنگێکی لەرزۆکەوە تێکەڵ بە ئازاری ناخم ئەوەم بە (دایکە مرواری)

وت، بەڵام ئەو بە بیستنی ئەو قسانە فرمێسک لە چاوەکانی هاتنە خوارەوە و بە دەنگێکی پڕلە گریانەوە وتی: «ئاخر ئێمە ئاگرمان بەنەفرەت کردووە..!» کەئەو پەیڤانەم ژنەوت هەموو ئازاری دەستم لەیاد کردو بەگومانێکەوە چاوە کانم لە دیمەنی سیمای پڕ لە خەمی برِی، وتم:» مەبەستت چییە؟». لەو ساتەدا سەرکردەکە بەدەنگێکی زوڵاڵ کە هێزی سەرکەوتنی تیا دەبینرا، داوای لە جەنگاوەرەکان کرد مەشخەڵەکان ئاگر بدەن ئەو ناوە ڕوشن بێتەوە و کارەکانیان تەواو بکەن.

ئەوان چ کارێکیان ماوە بیکەن و دەیانەوێت لەمە زیاتر چیمان لەگەڵدا بکەن..!؟ دەبێت چ بیرگەلێکی نامۆ و نامرۆڤانە لە کەللەسەری ئەو سەرکردە دڕەندەیەدا هەبێت!؟ ئەو گومانە ناخمی ئازارئەدا. ترسێک بەڕوونی لە سیمای هەموماندا دەبینرا، بەنیگایەکی پڕلە پرسیارەوە لە یەکترمان دەڕوانی و لە چاوەڕوانی ئەوەدابووین دەبێت بەم شەوە چارەنووسمان بەچی بگات؟

من لەو ئەندێشەیەدا، لەخۆمدا ڕۆچووبووم. دەنگی جەنگاوەرێک بەئاگای هێنامەوە.»ئەوەتا گەورەم دۆزیمانەوە لەنێوماڵەکەی خۆیدا ئاگرێکی لەبەردەمدا بوو نزای لێ دەکردین» پیرشاهۆ بەجەستە لاواز، بەڵام لە چاوەکانیدا تائەو ساتەش هێزێکم دەبینی پڕلە خۆڕاگری و ئازایەتی، هەردوو دەستی لە دواوە بەسترابوو، ئەو

پۆشاکەی لەبەردابوو کە لەهەموو بۆنە ئاینیەکاندا دەی پۆشی. کراسێکی ئاودامانی سپی و پشتێنکی سوری گرێ گرێ دراو لەپێشەوە و کڵاوێکی قوچەکی سوری لەسەر بوو. لە نێوان دوو سەربڕدا هەتا ناوەڕاستی گۆڕەپانی نێو ئاوایی هێنایان و لە وێدا ناچاریان کرد لەسەر ئەژنۆکانی بەچۆکدابێت و سەری نەوی بکات، بەڵام ئەو بەرسیڤی فەرمانی جەنگاوەرەکەی دایەوە و سەری بڵندکردوو نیگایەکی پڕلە وزەی بەنێو ئێمەدا گێڕا، وەک بۆ کەسێک بگەڕێت. من ئەو نیگایانەم دەخوێندەوەو دەمزانی بەدووی یەسنا دا دەگەڕێت، لە ناخی خۆمدا پێم وت: ئەو چوو دەبێت هەمیشە نزا بۆگەڕانەوەی بکەین.

سەرکردەکە بەچاوە تیژەکانی بەتاسەوە لە دیمەنی پرشکۆی دەڕوانی و بە چەند هەنگاوێک لێی نێزیک بوویەوە و فەرمانی بە سەربڕەکانی کرد درێژە بەکارەکانی خۆیان بدەن، لەدوای ئەوە زۆرێک لە سەربڕەکان بەنێو هەموو ماڵەکانی ئاوایدا بڵا بوونەوە، کەوتنە کۆکردنەوەی هەموو شتێکی نێو ئاوایی و لەنێو گۆڕەپانەکەدا مۆڵیان ئەدا.

## 14

ئەوان چی دەبەن با بیبەن، با هەموو گەنم و جۆ کانی نێو عەمبارەکانی ماڵەکان بەرن، با هەموو مەڕو ماڵات و ئەسپ و مریشک و کەڵەشێرو قازو پەلەوەرەکانی تر بەرن، با هەموو میوە وشککراوەکانی بە پەتی خوری بە گوێسەبانەی سەربانەکانەوە بوون بیبەن، با هەموو دیزەی ڕۆن و قاورمەو ڕون و کەرەو پەنیری نێو گۆزەکان بەرن، با هەرچی گۆزە و مەرکانە و دارە وشک و کەڵەککراوەکانی نێو خانی ئاژەڵەکان بەرن، چی لێدەکەن بابیکەن، بۆ ئێمە گرنگ نییە!؟ ئێمە دەتوانین هەموو ئەوانە بەدەست بێنینەوە،

لەسەرەتاوە بەهێزو توانای خۆمان  چۆن کۆمان کردۆتەوە، ئاوا بەرهەمیان دەهێنینەوە، بەڵام لێمان گەڕێن با بەئازاری ناخ و دڵمانەوە بژین، لێمان گەڕێن باوەک بونەوەرێکی بێ لانە و خۆراک لەو دەشتە پان و بەرینەدا، لەنێو ئەو دۆڵ و کەلەبەرانەدا بەئازادی ژیان بکەین.

ئەوە ئەندێشەی ئێمەی دیل و بریندار بوو لەو دۆخەدا ئارەزوومان دەکرد. بەڵام ئەوان وەک ئێمە بیریان نەکردەوە، ئەوان هەرلەسەرەتای هێرشەکانیانەوە چاوەپڕلەخوێن و برسیە کانیان لە هەموو شتێکی ئێمە بریبوو، بۆخۆیان وەک پیشەی هەمیشەییان ڕەفتاریان دەکرد.

سەرکردەکە بە پێکەنینێکی گاڵتە ئامێزەوە ڕووی لە پیر شاهۆ کردو وتی:

–ئێوە نەوەی شەیتانن، شایەنی ئەوەن لەوە خراپترتان بەسەر بێت،  چۆن دەتوانن بەرگری لە خواست و پەیامی پەیامبەری مەزنمان بکەن؟ خودا بۆخۆی فەرمانی پێداوە هەموو مرۆڤایەتی لە ژێر فەرمان و ئامۆژگاری ئەو دا بێت. تا ئاشتی و یەکسانی بۆ هەموو مرۆڤایەتی بەدەست بێنین.

پیرشاهۆ کاتێک ئەوەی لەو سەرکردە کەتە و زەبەلاحە ژنەفت، کە بەرگێکی ڕەنگ قاوەیەیی لە چەرمی حوشتر پۆشیبوو، شمشێرە تیژوو باریکەکەی بەکەمەریدا شۆڕکردبۆوە، بە نیگایەکی ئاگر ئامێزەوە لێی ڕوانی و پاشان بە هەستێکی پڕلە متمانە بەخۆ بوونەوە وەڵامی دایەوەو وتی:

-پەیامی ئاشتی و یەکسانی لای ئەهورا مەزدایە! ئێمە لە نێو خاک وئاوی خۆماندا بەئاشتی و ئارامی ژیانمان دەکرد، هێرشمان بۆ سەر هیچ کەسێک نەبردووە،جگە لەبەرگریکردن لە ماف و ماڵ و خاکی خۆمان. ئێوە خۆتان بەئاشتی خواز دەزانن؟ تۆ بڕوانە، بزانە چیتان بەسەر هێناوین..! چ خوێنێکتان ڕشتووەو ئەم خاکە خاوێنەتان بەخوێنی ئێمە سورکردووە، ئەوە کەی پەیامی ئاشتی و یەکسانییە؟ بە تۆپزی ناچارمان دەکەن باوەڕ بە ئاین و پەیامبەری ئێوە بێنین. ئێمە نەوەی شەیتان نین. ئاگر لای ئێمە پیرۆز و بەنرخە، چونکە سەرچاوەی هێز و وزە و خۆشگوزەرانی مرۆڤایەتییە. ئێوە لە ئاگر دەترسن، ئێوە ناتوانن لە مانای جوانی و نرخی ئاگر بگەن، ئێوە هەموو جوانییەک بەنەفرەت دەکەن.

سەرکردەکە لە نیگا گرژەکەیدا ئەو هەڵچوونەی ناخی دەبینرا. بە هەموو هێزێکی کەلە متمانەی ناخیەوە هەڵدەقولا بەسەر پیرشاهۆدا نەڕاندی و وتی:

-خودا شەیتانی لەبەهەشت دەرکردووە، هەر بۆیە دۆزەخیشی بە ئاگر سپاردووە بۆ سزای هەموو ئەو مرۆڤانەی بەرەنگاری پەیامەکانی پەیامبەرمان دەکەن، تا ببێتە سەر چاوەی ترسێک بۆ نەهێشتنی تاوان و خراپەکاری و نایەکسانی.

پیر شاهۆ بە خەندەیەکی گاڵتە جاڕانەوە بەشێوازێک

وەڵامی دایەوە، کە هەموو هەستی توڕەیی سەرکردەکەی لە شمشێرەکەیدا کۆکردەوە وتی:

–هەموو ئەوانەی ئێوە کردووتانە گەورەترین و قێزەونترین تاوانی مرۆڤایەتییە. دەبێت ئێوە ڕۆژێک لە نێو ئەو ئاگرەی لێی هەڵدێن و دەترسن بسوتێنرێن و ئەو دۆزەخە درۆیینەی بۆ تۆقاندنی ئێمە دروستتان کردووە خۆتانی تیاسزابدرێت.

سەرکردەکە نەیهێشت لەوە زێدەتر پیرشاهۆ درێژە بە قسەکانی خۆی بدات، شمشێرەکەی لە کەمەری هەڵکێشاو بڵندی کرد بەهەموو هێزیەوە دای نەواندەوە و لەملی پیرشاهۆدا چەقاندی، خوێن لە هەموو شوێنێکی ملیەوە فیچقەی کرد و دەڕژایە سەر ئەو خۆڵە وشکەی کە هەمیشە خاوێنمان دەکردەوە. سەرکردەکە بەوەش نەوەستا،شمشێرەکەی لەملیدا توندتر کرد وەک ئەوەی گایەک سەرببڕێت کۆڵی نەدا، تاسەری لەلاشەی جودا کردەوە. کەللەسەری پیرشاهۆی کەتا ئەو ساتەش چاوەکانی لە ئومێدی ژیاندا کرابوونەوە، بە دەست و مەچەکە ئەستورەکانی تا ئاستی سەری خۆی بڵندی کردوو ڕووی لە هەمووماںکردو وتی: ئەوەی بتوانێت لەبەردەم ئێمەدا بووەستێتەوە و بڕوا بە ئاین و تاک پەرستی خودا نەهێنێت وەک ئەم نەوەی شەیتانە سەری دەپەڕێنم.

ترس ناخی هەمووانی تەنییەوە، منداڵەکان دەیان قریشکان و خۆیان دەخزاندە نێو باوەشی دایکیان، گریان و هاوارو پاڕانەوە بەیەکدی تێکەڵ ببوو، دواتر زانیم کە (دایکە مرواری)

بۆی گێڕامەوە، هەموو ئەو پیاوانەی لەجێگەی خۆیانەوە بەدەم گریان و پاڕانەوە کڕنوشیان بۆ ئەو سەرکردە دڕندیە دەبردوو بە دەنگێکی بڵند دەیانگوت: «مەمان کوژن، ئێمە ئاین و فەرمانی ئێوەمان پەسەندە.»

هەرئەوان بوون دایکە، ئەوان ڕێنوێی سەربڕەکانیان کردوو نهێنی هێز و توانای یەسنا ی فریشتەیان بۆ درکاندن، هەرئەوان بوون لەسەر خواستی سەربڕەکان بەویستی خۆیان لەنێو ئەشکەوتی پەرستگاکەدا تفیان لە هەر حەوت نیوە گۆزەکەی ئاگرەکەی یەسنا کردوو بەنەفرەتیان کرد...! هەر ئەوان بوون نهێنی هێز و تواناو باوەڕی ئێمەیان بۆ سەربڕەکان درکاندوو ئاگریان لە ناخ و هەستی ئێمە دا تۆران، هەرئەوان بوون ناپاکیان بەرامبەر بە ئەهورا مەزدای مەزن کردوو نەیانتوانی بە متمانەوە بەرگری لە پەیام و ڕاسپاردەکانی بکەن.

تۆ بزانە لەدوای ئەوە چی ڕوویدا...!؟ من لە جێگەی خۆمەوە نەفرەتم لە خۆم دەکردو قێزم لە خۆم دەهاتەوە، لە نێو ئەو مرۆڤە ترسنۆکانەدا ژیان دەکەم، ئارەزووی ئەوەم دەکرد لەبری پیر شاهۆ یان بەوێنەی ئەو لەبری مەچەکم سەرم ببڕاباو ئەو دیمەنە بەئازارو خەمناکەم نەدیدبا.

ئای چیم بینی...! بریا لەو جەنگەدا هەناوم بە شمشێر دەربهاتباو جەستەم پارچە پارچە بکرابا. من بەرگەی هەموو ئەو ئازارەم دەگرت، بەڵام چۆن بتوانم بەرگەی ئەو هەموو

تاوان و تاڵانییە بگرم کەبەسەر ئێمە دا هێنایان..!؟ ئای ئەو سەربڕانە چییانکرد! لێنەگەڕان بەو هەموو ئازار و خەمەوە خۆمان بخۆینەوە.

لەدوای کۆکردنەوەی هەموو خۆراک و کەل و پەلەکان، لەنێو ئاپۆرای جەنگاوەرەکاندا چەندپیاوێکی پۆشتەو ڕدێن درێژ بەسواری ئەسپەوە هاتن، لەنێزیکمانەوە دابەزین و کەمێک لەو خۆراک و ئاژەڵ و باڵندە و تورەکە گەنم و جۆکانیان ڕوانی، پاشان لەگەڵ سەرکردەکەدا کەوتنە سەوداو مامەڵەی ماڵە کانمان. لەماوەیەکی کەمدا لەسەر نرخێک پێکهاتن و پیاوەکان، کەبە بازرگان دەچوون هەریەکەیان کیسەیەک دراویان ڕادەستی سەرکردەکە کردوو هەموو شتێکیان لەگەڵ خۆیان برد.

ئەوان هەر بەوەشەوە نەوەستان، چەند جەنگاوەرێک لەگەڵ سەرکردەکە لێمان نێزیک بوونەوەو بەنیگایەکی پڕلەنێرانەوە چاویان بەنێو هەموو ژنەکاندا دەگێڕا، لەو ساتەدا چەند جەنگاوەرێک هەموو ئەو ژن و منداڵ و پیاوانەی گوندەکانی دەوروبەری ئاواییان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو تێکەڵ بە ئێمەیان کرد. ئێمە وەک مەڕو ماڵات لە نێو ئەواندا کەوتبووین و لە چاوەڕوانی ئەوەدا بووین چارەنوسمان بە چی دەگات.!

سەرکردەکە فەرمانی پێکردین هەموو ئافرەتەکان بچنەلایەکەوە و لە پیاوەکان جودا بنەوە، لەدوای ئەوە کۆمەڵێک جەنگاوەر تاویان دایە ئەو منداڵانەی لە ئامێزی دایکیاندا لەترسی دوبارە بوونەوەی دیمەنی خوێن و کوشتن

خۆیان خزاندبوو، بەتۆپزی لێیان جودا کردنەوە و بەرەو خانوویەکی نزێک بردیانن و دەرگایان لەسەر داخستن.

دیمەنی ئەو سەرکردەیە زۆر ناشرین و ترسناک بوو دایکە! هەرگیز بەمرۆڤ نەدەچوو. کاتێک بەلای مندا تێپەڕی و لە ئافرەتەکان نێزیک بووەوە، جەستەی بۆنی خوێنی لێدەهات... بەویستی خۆی چاوە پڕلە ئارەزووەکانی بەنێو یاندا دەگێڕاو دەستنیشانی ئەو ژن و کچە شۆخ و شەنگانەی کرد، کە دڵی دەیخوازی و لەلایەکەوە مۆڵیانکردن، هەرچی ژنی پیرو پەککەوتە بوو بردیاننە شوێنێکی ترەوە و لە ئێمە دووریان خستەوە. فەرمانی کرد قۆڵ و مەچەکی ئێمە لە دواوە ببەستن و بۆ نێزیکی کەناری چەمەکە دورمان بخەنەوە.

ئەوەی لەمەرگ بەئازارترو مەترسیدار تربوو، هاوارو قریشکەی ئەو کچ وژنانە بوو، کە هەر یەکەیان پەلی بەدەستی جەنگاوەرێکی ڕەنگ تاریک و چڵکنەوە بوو، بە تۆپزی بەرەو ماڵە چۆڵ و خامۆشەکان پەلکێشیان دەکردن. ئای ئەوە چ دیمەنێکی بەئازار بوو! لەو دۆخەدا بە مەچەکێکی قرتاوو جەستەیەکی ماندوو و لاواز و شەتەک دراوەوە من چیم بکردایە؟ بەرامبەر کۆمەڵێک دڕندەی بەهێزوو چاو برسی. لەو ساتەدا تامەزرۆی مەرگی خۆم دەکرد، ئای مەرگ، تۆلە کوێی ئەم گەردوونەدایت؟ بۆچی بەدەم هاوار و ناڵە و ئازاری ئێمەی بێدەسەڵات و تاوانلێکراوە وە نایەیت؟ تۆ لە کوێی؟ بۆنایەیت لە چاو تروکانێکدا ڕۆحمان کێش بکەیت و

چاوەکانمان کوێرو گوێکانمان کەڕ بکەیت و دڵە لاواز و پڕلە ئازار و خەمەکانی ئێمە بوەستێنیت، تا چیتر ئەم ژیانە تاڵ و خەمناکە گەمە بە هەست و سۆز و ژیانمان نەکات؟! تۆ لەکام قوژبنی ئێمەدایت؟ بۆچی خۆت لێ حەشار داوین، بۆچی لەو ساتانەی ژیان جوانی و هیواو خەونەهەمەڕەنگەکانی خۆی پێدەبەخشین، تۆ لە هەموو شوێنێکی ئێمەدا هەبوویت و مەترسی دابڕانی ئەو ژیانەت بەهەستەکانمان دەناسان. ئێستا تۆ بە کێشانی ڕۆحی کام لەو مرۆڤانەوەیەیت کە هیواو خەونی جوانیان بۆژیان هەیە و بە تامەزرۆوە خەون بە سپێدەوە دەبینێ؟ تۆ بۆ ئەوەندە بەویستی خۆت ڕەفتار دەکەیت. ئێستا ئێمە لە چاوەڕوانی هاتنی تۆدا ئارامی لە جەستەمان نەماوە، دەستەکانمان شەتەک دراوە، تا بەناچاری بانگهێشتت بکەین و ناچارت بکەین و بتکەینە میوانی ناوەختەی تەمەنی کورتی وەرزەکانی ژیانمان...!

شەو لەبەر هاوار وناڵەی ئێمە بێزار بوو، لەچاوەڕوانی سپێدە ئارامی لێبڕابوو، ئێمە شەو مان لە خەون تۆران و ئەستێرەکانی ئاسمانمان بێزارکردوو دارو گەڵا و گوڵ و باخچەکانمان، بەئاگا هێنایەوە. نەمانهێشت چاوە ماندووەکانیان سەرخەوێک بۆ پرشنگی خۆری سبەی بشکێنێت. ئەوەندە هاوارمان کرد، تا سپێدەمان بەئاگاهێنایەوە و لەپێشوەختی خۆیدا بە پرشنگێکی خەمناکەوە لێیی ڕوانین.

# 15

پڕ بەناخم گازی دەکەم

ئارین ڕۆیشت، ئەو وەڵامم ناداتەوە، هەستدەکەم تەمی جەستەم لەگەڵ نەمانی دەنگی ئەو دا بڵاودەبێتەوە. بوونی خۆم لەیاد دەکەم و دەگەڕێمەوە نێو تاریکی ڕۆحم و لەگەڵ ناخی خۆمدا دەپەیڤم. دەمەوێت بوونی خۆم بدۆزمەوە و بیرلەوە دەکەمەوە، جوڵە بە جەستەی ونبووی خۆم بدەم، لەگەڵ ئەو هەوڵە بێئەنجامەدا ئازارێکی بەتین وەک بروسکەیەک بە پشتی سەرمدا دێت و نیوەی سەرم لەپشتی سەرمەوە، تا گەرووم دەگرێتەوە. پرسیاری ئەوە لە خۆم دەکەم، بۆچی هەست بە بوونی هەموو جەستەی خۆم ناکەم؟ بۆچی ئەو ئازارە

جەستەشم ناگرێتەوە؟ بریا هەموو جەستەم هەتا نووکی پەنجەکانم ڕۆچووی ئەو ئازارە بوونایە، تا جەستەی خۆم بدۆزمەوە و هەوڵی بزواندنی بدەم و لەم شوێنە نەفرەتییەی، کە بۆخۆیشم نازانم کوێی ئەم گەردوونەیە تێی کەوتووم قوتاربکەم؟!

بیرگەلێکی نامۆو تۆقێنەر بە مێشکمدا دێن و دەچن و لەهەموویاندا زێدەتر بیرم بۆئەوە دەچێت، بەدەستی یەکێک لەسەر بڕەکان سەرم لە لاشەم جیاکرابێتەوە، ئەگەر نا مرۆڤ چۆن هەست بە بوونی جەستەی خۆی ناکات، یان ناتوانێت چاوەکانی بکاتەوە بۆ ئەوەی لە شوێن و کاتی خۆی دڵنیا بێت...

وشەی سەربڕ ناخم دەهەژێنێت و بەدوویدا دەچم، بیری خۆمی بۆ ئەدۆزم، هەستدەکەم وشەی سەربڕ بە بیرو هەستەکانم نامۆ نەبێت. لەگەڵ ڕۆچوونم بە دوویدا وەک ئەوەی لە نێو خەونێکی قوڵدا ڕۆچووبم، هەستەکانم لە دیمەنی ئەو کۆڵانانە کۆدەبێتەوە، کە دەنگی تەقە لە هەموو شوێنێکیدا دەنگ ئەداتەوە. من گوێبیستی هیچ دەنگێکی نامۆ نیم لە گوێکانمەوە، دیمەنی ڕوداوەکانم ئاراستە بکەن و ڕوداوەکانم بە بیر بهێننەوە. هەستدەکەم ئەم دیمەنە یادەوەرییە ونبووەکانی خۆمەو بۆخۆیان وەک تاڤگەی ئاو دەڕژێنە ناخمەوە.

ئای! چەند هەست بە شادمانی دەکەم، کەلە دیمەنی جەستەی خۆم دەڕوانم! بەبەرگێکی شەڕڤانەوە خۆم بەستووە

و فیشەکدانەکەم بەبەرۆکمدا هەڵواسیوە. کلاّنشینکۆفێک لەشانمدایە و هەڤاڵ نەسرین لەتەنیشتمەوە بەوێنەی من لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەو پیکابانەیە، کە شەڕڤانان بۆ بەرەی پێشەوەی جەنگ دەگوازنەوە. ئێمە لەنێو تاریکی ئەوشەوەدا بەڕوونی هەست بە بینینی ئەو هەڤاڵانەی خۆمان ناکەین، کەلە نزیکمانەوە لە خۆئامادەکردندان بۆ جەنگ. چاوێک بەدەوروبەری خۆمدا دەگێڕم و هەندێک لەو هەڤاڵانە دەناسمەوە کە وەک گروپێک پێکەوە بەنێو تەلبەندەکانی سنوری نێوان (تورکیاو کۆبانێ) پەڕینەوە. ئەندێشەم بۆلای (هەڤاڵ ئەحمەد) دەچێت کەلەکاتی تێپەڕینمان بەنێو تەلبەندەکانی سنوردا فەردەیەک نانی لەگەڵ خۆی هێنابوو، کاتێک پەڕینەوە بە هۆی قورسی جەستەیەوە هەناسەبڕکێی پێکەوتبوو. لەو دۆخە دژوارو پڕمەترسییەی کە جەندرمەکانی تورکیا هەستمان پێنەکەن و بەردەسترێژی کوللەمان نەدەن، خۆی گەیاندە نزیکمەوەوە و بە دەنگە گڕەکەی پێی وتم: «دایکم ئەم هەموو نانەی بۆ کردووم و ئەترسم نەگەمە لای هەڤالاّن و لەتێکی لێ نەخۆم»، بەخەندەیەکەوە پێم وت: «بێدەنگ بە ئێرە کەی جێگەی ئەو قسانەیە، پێمان بزانن ئێمەش دەمی لێوە نادەین.»

لەو ساتەدا دەنگی هەڤاڵ نەسرین بەخۆی هێنامەوە پێم دەڵێت: «ئێستا کاتی ئەوەیە لەگەڵ ئەو هەڤالاّنەی لەبەرەکانی پێشەوەی جەنگن جێگۆڕکێ بکەین.» دەستێک بۆ نێو قولاّیی تاریکی پێشەوەمان درێژ دەکات، کە تاوناتاوێک چەخماغەی

ئاگری بۆمب و هاوەنی جەنگەکەی لێوە بڵند دەبێت ڕۆشناییەکی کەم بە ڕووی هەڤاڵ نەسرین دەبەخشێت. دەڵێت:

–ئەو شوێنەی ئاگری لێوە بڵند دەبێت بازاڕی سەوزە و میوە فرۆشانە. کەمێک دەستی بۆلای ڕاستی خۆیەوە دەبزوێنێت و دەڵێت: ئەوەش گەڕەکی شارەوانییە، کە بینای شارەوانی لێییە، هەڤاڵانمان لەناو بینای شارەوانی و لەنێو بازاڕی سەوزە فرۆشانەوە ڕێگری لە سەربڕەکان دەکەن. ئەو شوێنە ماوەی دوو ڕۆژێک دەبێت شەڕێکی قورسی تیایە سەربڕەکان دەیانەوێت لەوێوە هێرش بۆ بەشی پشتەوەمان بکەن و بگەنە دەروازەی سەرەکی سنوری تورکیا، ئەگەر ئەوان سەرکەون ئەوا پشتمان دەگیرێت و ئەو تانکانەی دەوڵەتی تورکیا لەئامادەباشیدان دێنە ناوەوە و بەتەواوی کۆنترۆڵمان دەکەن. دەبێت چاوەکانت بکەیتەوە مەلیک، ئەمە شەڕی مان و نەمان و سەرکەوتنمانە! ئاگاداری خۆتبە تۆ یەکەمجارە دەجەنگێت، پێویستە ئاگات لەو فیشەکانەت بێت و بە فیڕۆی نەدەیت تا دڵنیانەبیت لە نیشانەکانت لە خۆتەوە تەقە مەکە.

دەستێک بۆ ئەو فیشەکە دەبات کەوەک ملوانکە بەئێخەی خۆیەوە هەڵیواسیوە دەڵێت:

–کاتێک زانیت فیشەکت پێ نەماوە و چواردەورت گیراوە و ناتوانیت خۆت قوتاربکەیت، بۆئەوەی بە زیندوویی نەکەویتە دەست سەربڕەکان بۆخۆت بەکاری بێنە.

بەخەندەیەکەوە سیماگەشەکەی کەلە نێو تاریکیدا ئومێدی سەرکەوتنی تیا دەبینم،پێم دەڵێت: ئـەم قسانەم بۆ ئەوە نییە کە هەموساتێک بیر لە کوشتنی خۆت بکەیتەوە، تەنها بیرهێنانەوەیە بۆ دۆخێکی نەخوازراو.

پەیڤەکانی هەڤاڵ نەسرین وەک لێپرسراوێک هێزێکی لـەڕادەبـەدەر بەناخم دەبەخشێت و ئـارەزووی ئەوەدەکەم، چی زووتـرە خۆم بگەیەنمە پێشەوەی بەرەی جەنگ و بەو ڕێنماییانەی پێشتر لە خولێکی نهێنی لەگەڵ هەڤاڵ نەسرین بینیبووم، ئەزموونیان بکەم و وەک قارەمانێک مێژوویەکی پڕشکۆ تۆمار بکەم.

لەو ساتەدا بیرم بۆلای ئارین دەچێت، واهەستدەکەم ئەو لەنێو ئەندێشەی خۆیەوە من لەم دۆخەدا دەبینێت و هەست بە هەموو هەڵسو کەوتەکانم دەکات، وێنەی ئەو لە ئەندێشـەمدا وەک فریشتەیەک خۆی دەنوێنێ و دووبارە لە کاتی مەرگدا ژیان بە نێو جەستەمدا دەکاتەوە.

دەنگی نزیکبوونەوەی پیکابێک سەرنجم بۆ نێو تاریکی کۆڵانێکی تەنیشتمان ڕادەکێشێت و لەگەڵ نزیکبوونەوەیدا، دەنگی پێکەنینی ئەو شەڕڤانە کچانە دەبیستم، کەلەگەڵ دەنگی تاودانی بزوێنەری پیکابەکەدا ئاوێتە بووە. قریوەی پێکەنینی ئـەوان زێدەتر ناخم ئاگردەدەن، ئای لەجوانی ئەو کیژانەی بەهەستێکی پڕلە وورەوە بەرامبەر دڕندەترین وێنەی مرۆڤ دەجەنگن و چۆک بە مێردەزمەمەی مەرگ ئەدەن! ئەو دەنگە

تەزوویەکی پڕلە هێز و وورە بە نێو هەموو دەمارەکانی مندا دەهێنێت، جەستەم دەبێتە پارچەیەک لە ئاسنی سەرت و هیچ فیشەکێک توانای بڕینی نییە.

هەڤاڵ نەسرین دەڵێت:

-پێدەچێت سەرکەوتنێکی مەزنیان تۆمارکردبێت بۆیە بەو شێوەیە دەتریقێنەوە.

من لەو ساتەدا لەگەڵ خۆم ئەدوێم و دەڵێم: ئەوان وەک زۆرێک لەو هەڤاڵانەی تر، کە پێش ئێمەوە بەرەو جەنگ بەڕێکەوتوون، وەک چۆن بۆ گەشت و ئاهەنگ بچن، بەدەم خۆئامادەکردنەوە، خەندە لە لێوەکانیان دەبارێت و پێشوەخت مژدەی سەرکەوتن بە یەکدی دەبەشن.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی پیکابەکە، ئەو لایتە نزمانەی کەبەئاستەم کۆلانەکە ڕۆشن دەکاتەوە، ئەو خۆڵە وشکە دەبینم کە تێکەڵ بە ڕۆشنیایی دەروبەری دەکات. کاتێک پیکابەکە دەگاتە لامان، کیژانی شەڕڤان لەگەڵ دابەزینیان سەربڕێک لە پیکابەکە دادەبەزێنن کە دەستەکانی لە دواوە بەستراوە، بەهۆی ڕەنگی ڕەشی پۆشاکەکەیەوە بەئاستەم دەیبینم. دووشەڕڤانی کچ لەهەردوولاوە تاویان داوەتە قۆڵی ڕاست و چەپی و بەرەو ئەو خانووەی دەبەن، کە پەنجەرەکانی بە بەتانی ئەستور داپۆشراوە تا بەهۆی ڕوناکی ناوەوەی نەبێتە ئامانجی موشەکی دوژمن.

ئــارەزووی ئــەوە دەکــەم دیمەنی ئـەو ســەربـڕە ببینم، کەبەئاستەم بـەرەو دەرگــای خـانـووە کـە ڕێـدەکـات. بـەڵام پێدەچێت هەڤاڵ نەسرین هەستی بە تامەزرۆیی نیگاکانم کردبێت بۆ بینینی، پێم دەڵێت: وەرە با بچینە ژورەوە بزانین چ باسە. کاتێک دەچینە خانووەکەوە، شەڕڤانان سەربڕەکەیان لە سوچی ژورێکدا داناوەو بەو دیمەنەی کە خوێن بەسەرو چاویدا هاتۆتە خوارەوە و جلەکانی لە خۆڵ و خوێنی جەستەیدا ڕەنگی گۆڕاوە، بێدەچێت تەواو شەکەت و ماندوو بێت. چاوە کزەکانی بە دیمەنی ئێمەدا دەگێڕێت، کە نیوە بازنەیەکمان بەدەوریدا گێڕاوە. پێدەچێت داوای شتێکمان لێبکات چاوەکانی لەسەر یەک بەیەکمان لەنگەردەگرێت، من بە نیگاکانی ئەوهەستەی دەخوێنمەوە، کە تامەزرۆی خواردنەوەی کەمێک ئاو بێت، هەستی مرۆڤانەم بۆ ئەو دیمەنەی دەبزوێت  وەک بونەوەرێکی بێدەسەلات و بریندار هانا بۆ ئێمەی مرۆڤ دەبات. لە هەڤاڵ نەسرین دەڕوانم کەلە تەنیشتمەوە وەستاوە و بە وریاییەوە چاودێری ڕەفتارەکانی سەبڕەکە دەکات. پێی دەڵێم:

-لەوە ئەچێت زۆری تینوو بێت، دەچم کەمێک ئاوی بۆ دەهێنم.

هەڤاڵ نەسرین بە هەڵچونێکەوە تاو ئەداتە مەچەکم، وام دەبینم  ئاگر لە چاوەکانییەوە بێتە دەرەوە، دەڵێت:

-ئاوی چی دەهێنیت ها؟ تۆ هێشتا لەگەڵ یان نەجەنگاویت، ئەگەر تۆ بەو شێوەیەی ئەو بکەویتە بەردەستیان ئەزانی چیت لێدەکەن!...

من بەردەوام چاوەکانم لەسەر دیمەنی هەڵچوونی هەڤاڵ نەسرینە  هێشتا ئاگری ناخی لە چاوەکانیەوە دەبینم، هیچ وەڵامێک لە ناخی خۆمدا نابینم، تا بەرسیڤی بدەمەوەو چاوەڕوانی ئەوە دەکەم پەیڤەکانی تەواو بکات. ئەو هەست بە بیدەنگی ناخم دەکات و بە هەستێکی پڕلە هەڵچونەوە دەڵێت:

-ئەوانە مرۆڤ نین.. کاتێک دەکەویتە بەردەستیان بەمردوویی بێت یان زیندووی، لە جێگەی خۆت بەو چەقۆ تیژەی بەکەمەریانەوەیە سەرت لەلاشەت جیادەکەنەوە.

هەست بەو هەڵچوونەی ناخی دەکەم کەلەدەستەکانیدا بەتوندی بەمەچەکم دەبەخشێت. لەگەڵ خۆی بۆدەرەوەی خانووە کە پەلکێشم دەکات و دەمباتە نێو تاریکی کۆڵانەکەوە و بەدەنگێک  هەستی پەشیمانی ئەو هەڵچونەی تیا ببینم، دەڵێت: مەلیک تۆ ئەویندارێت، ڕێگەمەدە ئەو هەستە لە ناختدا ڕەنگی خۆی بداتەوە. ئێمە لە جەنگداین،  لەجەنگێک  هیچ بە هایەکی مرۆڤایەتی تیا نابینرێت.

لەگەڵ تەواو بوونی پەیڤەکانی دەستی لەمەچەکم ئەترازێنێ و چەند هەنگاوێک بەرەو تاریکی کۆڵانەکە پێشم دەکەوێت. من لە جێگەی خۆمەوە پرسیارگەلێک ناخم دەهەژێنێت و بە هەستێکی پڕلەپەشیمانییەوە پێی دەڵێم:

-هەڤاڵ بۆچی ئەم داعشانە دیلەکان سەردەبڕن؟

هەڤاڵ نەسرین بێئەوەی لە جێگەی خۆی ببزوێت، چاوەکانی لە نێو دیمەنی ئاگری جەنگەکەی پێشەوەمان ڕاماوە، بەدەنگێکی

نزم  تێکەڵ بەناڵە وتەقەی ئەو بۆمبانە یە، کەلە دورەوە دێن. دەڵێت:

–ئـەوە مێژوویەکی خوێنای هەیە و ئەمانە دەیانەوێت هەمان مێژوو دوبارەبکەنـەوە، کە جەنگ و داگیرکاری و تۆقاندن و سەربڕین زمانحاڵی بیرو بۆچونیان بووە؟! ئەمانە دەیانەوێت بـەو شێوەیە هەستی تـرس و هەرەسی متمانە لەناخماندا بچێنن، تا داگیرمان بکەن و بمانکەنە کۆیلەی حەز و خەونە ئەهریمەنەکانی خۆیان. تۆ بڕوانە، مرۆڤ بونەوەرێکی چەند جیاوازە، لە چاو هەموو بونەوەرەکانی سەر زەوی ئاژەڵە دڕندەکان، بەهەمان سروشتی دڕندانەی خۆیان ڕەفتار دەکەن. کە سروشت پێی بەخشیون و هەرگیز لەسروشتی خۆیان ناگۆڕدرێن. ئاژەڵە جوان و سادەکانیش بە سروشتی خۆیان ڕەفتاردەکەن و دەبنە نێچیری دڕندەکان. تەنها مرۆڤە، بەهۆی چۆنیەتی بیرکردنەوەیانەوە بۆژیان ڕەفتارەکانیان دەگۆڕێت و تاوێک دەبنە فریشتە و مرۆڤ دۆست، وەک تۆی ئەویندار. تاوێکیش دەبنە دڕندە و سەربڕ وەک ئەو داعشانەی چەقۆکانیان بۆ گەردنی ئێمە تیژ کردۆتەوە.  جەنگ مرۆڤ دەکاتە دڕندە یەکی ترسناک و لەهەموو هەستێکی مرۆڤایەتی دای دەماڵێت. مرۆڤ کەئەوین داربێت، هەموو مانایەکی جوانی ژیان و مرۆڤایەتی لە خۆیدا دەبینیت، تادەگاتەئەو ئاستەی ناتوانێ تۆڵەی خۆی لەو کەسانەش بکاتەوە کە ئازاری ئەدەن.

بە هێمنی ئاوڕێک بۆمن ئەداتەوە، کەلە دوایەوە وەستاوم

و به بێدەنگی گوێبیستی پەیڤەکانی دەبم، کەمێک لێم نێزیکتر دەبێتەوە بەرەو ڕووم دەوەستێت. بە نێگایەک هێزو هەستێکی تۆڵەی تیا دەبینم دەڵێت:

-مەلیک بیرلە خۆت بکەرەوە! تۆ ئێستا شەڕڤانیت، دەبێت لە جەنگدا هەموو هەستێکی ئەویندارێت لە گۆڕ بنێیت و ببیتە بکوژێکی کارامە، تا بتوانیت سەرکەوتن بەسەر ئەو سەربڕانەدا بەدەست بهێنیت، کە خەون بە هەرەس و تێکشکانمانەوە دەبینن. دەبێت وەک پاڵەوان ڕەفتار بکەیت، تەنها بیر لە کوشتن بکەیتەوە. هەڤاڵ ئەمە جەنگە، لە جەنگدا هیچ سنورێک لە نێوان ژیان و مەرگدا نامێنێت.

دەنگی هەڤاڵێک کۆتایی بە پەیڤەکانمان دێنیت و دەڵێت: «خیراکەن پیکابەکە لەچاوەڕوانی ئێوەدایە»، ئێمەش بەپەلە سواری پیکابەکە دەبین. هەڤاڵ نەسرین بە دەنگێکی بڵند کەلەناخێکی پڕلەمتمانە بەخۆ بوونیەوە دێتە دەرەوە دەڵێت: بژی بەرخودان.

هەمووان بەهەمان تۆن ئەو پەیڤە دووبارە دەکەنەوە، منیش بەوێنەی ئەوان بەدڵێکی پڕلە چاوەڕوانی بینینەوەی ئارین بەهەمان تۆن ئەو پەیڤە دەڵێمەوە.

هەستدەکەم بەرەو قوڵایی ناخم ڕۆدەچم، وک ئەوەی لەناو خۆمدا خۆم بخۆمەوە هێدی هێدی لەبوونی خۆم ئاوادەبم و لەخۆم بێئاگادەبم.

# 16

پێدەچێت خەوتبم یان لەخۆ چووبم، هیچیانم بۆیەکلا نابێتەوە. دەنگی بەسۆزی ئارین بەئاگام دێنێتەوە وپێم دەڵێت: بائەو چیرۆکە تەواو بکەین.

نازانم بۆچی خۆر بەگرژییەوە لێم دەڕوانێت؟! خۆمن ئاگرم بەنەفرت نەکرد. تاوانی من نەبوو، کە پەرستگاکەیان بە سەربڕەکان ناسان، تاوانی من نەبوو، نهێنی هێز و توانای یەسنا یان درکاند، من بۆچی بەو ئازارو خەمەوە گینگڵ بدەم؟ تاوان تاوانی ئەوانە بوو لە هەستی لاوازی خۆیانەوە ئێمەیان ڕادەستی دوژمنان کرد. ئەوەتا... بزانە چیان لێکردین؟ هەموو شتێکی ئێمەیان تالانکردو دەستیان

بۆ هەموو ئەو تاوێرانە برد، کە وەستا پیرۆت بەدرێژایی ژیانی تەمەنی خۆی بە نەخشاندنی وێنەی زەردەشتی مەزن بەخشی. بێ چاوەڕوانی هیچ پاداشتێک، لە هەموو ماڵێکدا لەسەر پارچەتاوێرێک پەیکەری پەیامبەری بۆ دروستکردبوون. بەڵام ئەوان هەموو یان کۆکردەوە و بە شمشێرە کانیان شکاندیانن و پارچە پارچەیان کردن.

ئەو نوسراوانەیان شێوان و سڕییەوە، کە بە ڕێنوسی (ئاڤێستا) پەیامەکانی زەردەشتی پێ نوسرابوو. تاویان دایە هەموو ئەو قاپ و گۆزە و دیزە و کەرەستانەی کەلەبەرد و دار دروستمان کردبوون. هەموو مەڕەکانی من و خەڵکانی ئاواییان بردوو فرۆشتیان بەو بازرگانانەی لەهەموو شەڕکاندا لەگەڵ خۆیاندا هێنابویان و پێیان دەفرۆشتنەوە، هیچیان نەهێشتەوە بۆمان.دایکە...تەنانەت ئەو تەونە تەختەیەی تۆ، بە خوری و لۆکە پۆشاکی ئێمەت پێ ئەچنی ئەوەشیان برد. هەموو خۆراک و گەنم و جۆکانی نێو عەمبارەکانیان کۆکردەوە و وەک ماڵی خۆیان فرۆشتیان و هیچ ژەمەخۆراکێکیان بۆ ئێمە نەهێشتینەوە.

ئای ئەوانە چەند بێ بەزەیی و بێ هەستی مرۆڤایەتی بوون! ئەوان هەموو شتێکی ئێمەیان تاڵا نکردوو بردیان. با هەموو ئەوانە بەرن، بەڵام دەستیان بۆ ژن و کچەکانمان نەبردبا و وەک کەنیزەک ڕەفتاریان لەگەڵدا نەکردباو نەیان فرۆشتبا. نازانم ئەوانە چۆن خۆیان بە نوێنەری خودا

ناساند؟ ئەوانە مرۆڤ دۆست نەبوون، دڕندیەکی برسیبوون لە مێشکیاندا تەنها تالانکردنی ماڵ و ئافرەتەکانیان تیابوو. تەنها دەیانویست ئێمە ناچاربکەن وەک خۆیان بیر بکەینەوە و بیری خۆیان بەهێزتر بکەن بۆ داگیرکاری مرۆڤایەتی.

ئای..چیانکرد، بەو سپێدە یە بەچاوە ماندووەکانی خۆم بینیم، کەخەوی بەنەفرەت کردبوو، (نەکیسا) ی خێزانی (ئاسرەوان)م بینی ئەو دوو خۆشەویستەی کە دووپایز خۆشەویستی یەکدی بوون. هەموو دارو دەوەن و پێدەشتێکی ئاوایی گەواهی ئەو ڕازە جوان وشیرینانەیان ئەدا، کە پەیامی خۆشەویستی و جوانی ژیانیان بۆ دامەزراندنی ژیانێکی نوێ و هاوسەرێتی ئەنەخشان. لەیادت ماوە؟ ئەو ڕۆژەی ئەوان ئاهەنگی هاوسەر گیریان کرد، هەموو دارو دەوەنی ئاوایی بەدەم شنەی بای خۆشەویستیانەوە سەمایان دەکرد!؟ بیرت ماوە خەونەکانیان وەک ئەو دارانەی لەسەرەتای بەهاردا چرۆیان دەکردوو ئومێدی خۆشبەختی ژیانێکی کامەرانی بە دەرونی هەمووان دەبەخشی.!؟

بیرت ماوە یەکەمین منداڵی کچیان ناونا خۆشەویستی و لەبەردەم پیر شاهۆدا پیرۆزیانکرد!؟ ئەوان.. نەکیسا یان برد و کردیانە کەنیزەک و دەستەکانیان بە گوریسێکی زبر پێچایەوە و بەدوای ئەسپی سەرکردەکەدا ڕایان کێشا، بۆ نێو تاریکی خۆیان. کاتێک ئاسرەوان دەیەوێت لەدەستیان قوتاری بکات بە دووکەس قۆڵبەستی دەکەن و بەشمشێرێک ملی لەپشتەوە دەپەڕێنن!

ئای ئەوە چ دیمەنێکی نامرۆڤانە بوو بینم!؟ ئێستاش بەو ئازارەی یادەوەریمەوە ناخم ژان ئەیگرێ و خەونەکانم تاڵتر دەکەن، من ئەو هەموو تاوانەم بینی دایکە. کاتێک قەڵای جوڵندی شکا، هەمووان بە خەندە تاڵ و پڕتاوانەکانیانەوە بەدەم ئەندێشەی سەرکەوتنی خۆیانەوە پێدەکەنین. هەموو ئەوناوەیان بە خوێن سورکردبوو، ئەو خاکە خاوێن و جوانەی سەرچاوەی ژیان و خۆشبەختی ئێمە بوو، بە هەنگاوەکانیان پیسیان کردو ڕێگەیان پێنەداین چیتر بیر لە ئاگر بکەینەوە...

ئەوان ئاگریان کردە دۆزەخێک بۆئێمە، بۆئەوەی بۆ هەمیشە لێی بترسین و چیتر ڕووی تێنەکەین و هانای بۆ نەبەین، منداڵەکانیان فێرکردین هەرلەسەرەتای ژیانیانەوە نەفرەت لە ئاگر بکەن، بۆئەوەی هەرگیز متمانەمان پێی نەمێنێ. ئای ئەوانە چیان لێکردین!؟ کاتێک ڕۆیشتن ئێمەیان وەک ئاژەڵێکی برسی جێهێشت و لە دوای خۆیان تاریکی هەموو ناخ و ماڵە کانمانیانی داگیر کردو هەموو هەستمان بە کوێربوونی خۆمان دەکرد، ئاخر مرۆڤ چۆن نابینا نابێت کاتێک بیری ناخی تاریک بێت؟ لەو ڕۆژە گەرمەدا هەستمان بە پڕشنگی خۆر نەئەکرد. ژیانمان لە دوای ئەوان بووە تاریکستانێکی ئەنگوستەچاو. هەموو بیرو هزرمان لەسوتانی ئاگردا کۆدەکردەوە. چیتر ئێمە ئەو مرۆڤەی پێشتر نەبووین، هەموو شتێکی ئێمەیان بەویستی خۆیان گۆڕی و بەڕابردووی خۆمان نامۆیان کردین.

لەدوای خۆیان تەنها جەستەی ئازیزانمان و خاک و هەوایەکی وێران و پیسیان بۆ بەجێهێشتین، کەتەنها ئاژەڵی درندە و مارو مێرو بەدەوری جەستەکانەوە چێژیان لێ دەبینی. من چۆن بە دەستێکەوە بتوانم هەموو جەستەی ئەو ئازیزانە لە نێو ئەو گۆزە گەورانەدا بنێم، کە بۆناشتنی مردووەکان دروستکرابوون!؟ ئەوان هەموو ئەو گۆزانەشیان شکان و وردوو خاشیان کرد. من چۆن بتوانم ئەو خاکە لە بۆگەنی جەستەی بەرهەتاوی ئەو هاوینە گەرمە خاوین کەمەوە و جارێکی دی خاوێنی و مانای ژیان بۆ ئاوایی بگەڕێنمەوە.!؟

کە یەسنا بەجێی هێشتم، چیتر ئومێدی ژیانم لەوێدا نەما. بڕیارمدا کۆچ بکەم بەرەو شوێنێک شوێنەواری ئەوانی لێ نەبێت، بۆ شوێنێک دیمەنی تاریکی ئەوانی نەبینیبێت. بەوکەللە سەرە قورس و پڕئەندێشەو ئازارەوە هەنگاوم نا، بۆخۆیشم نەمدەزانی بەرو کوێ دەڕۆم، تەنها لەچاوەڕوانی ئەوەدابووم شوێنێک بکەمە ماڵی ئارامی خۆم و هەموو چیرۆکی ئەو تاوانانە بۆتۆ بنوسمەوە، تا لەبەردەم ئەهورا مەزدا سکاڵا بکەیت.

هەمیشە شەوەکانم بەدەم ئەندێشەی گەڕانەوەی یەسناوە بەڕێدەکردو بیرم لەوە دەکردەوە لەشەوێکدا بگەڕێتەوە و ئاوەدانی و ئاشتی و ژیان و ئازادیمان بۆ بگەڕێنێتەوە. نازانم ڕۆحی ئەو لە کوێدا ئارامی گرتووە؟

ئاخۆ ئەو ئێستا فریشتەیەو لە ئاسماندا شەوانە لە گەڵ ئەستێرەکانا ئەدرەوشێتەوە؟ یان تەنها رۆحێکی یاخییەو بە دوای جەستەی ئاگرینی خۆیەوە دەگەڕێت؟ دەبێت چۆن بگەڕێتەوە و لە چ شێوەو جەستەیەکدا خۆیم نیشان بدات!

هەموو شەوێک بەو ئومێدەوە شەوەکانم بەڕێدەکرد، دڵنیام دایکە، رۆحی نەمریی یەسنا ئارامی نییە! پێدەچێت بەدووی جەستەیەکی پاک و بەهێزو پڕلە متمانە دا بگەڕێت، تا خۆی تیا وێنابکات و بگەڕێتەوە نێو مان و ئازادیمان بۆ فەراهەم بکاتەوە. دڵنیام لە هـەررۆژ و کاتێکدا بێت، ئەو وێنەو هاوشێوەی خۆی لەنێو جەستەی کچانی ئەم میللەتەی ئێمەدا دەبینێتەوە و دووبارە خۆی بەئاگر ئاشنا دەکاتەوە بەجەستەی ئاگرینی خۆی دۆزەخێک بۆ ئەو سەربڕانە دەئافرێنێت، کە تاوانیان بە نـاخ و هەست و جەستەمان کرد.

تکا دەکـەم دایکە گیان.. لێم ببورە من تاوانم نەبوو، هەرگیز نەترسام لەوەی ناخم بەڕەنگی خۆیان وێنا بکەن، من هەر ئەو کوڕەی جارانی تۆم و بڕوام بە ئەهورا مەزدا هەیە، نزاکانم پەسەند بکات. بۆ ئەوەی بە دیدار و شوێنی تۆ شادبمەوە. داواکارم کاتێک کەمردم ئەم دەستنوسانەم لەگەڵ جەستەمدا بەهەمان شێوازی ئاینی خۆمان، لەنێو گۆزەیەکم بکەن، تا بەهەمان شێواز رۆحی ماندووم نێزیک بێت لەتۆوە بۆئەوەی هەموو ئەو چیرۆکانەت بۆ بگێڕمەوە.

# 17

لەناو هەموو بەشێکی جەستەی ئەم خاکەدا ژانێک هەیە بۆپەیڤین، دەبێت چەند چیرۆکی بەئازار هەبێت، تا هەنوکە بەدووی دەروازەیەکدا بگەڕێت، تا خەمی خۆیمان بۆ بدرکێنێ. من دڵنیام لەهەرشوێنێکی ئەم زەمینەدا، هەستی چەوساندنەوەی داگیر کەران بگاتە لوتکە، لەوێدا خاک دەپەیڤێت و چیرۆکێکی تری خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە.

من ئێستا خوێنی هەموو جەستەم بۆتە ئاگرو هەستدەکەم، بەڕۆحی یەسنا ئاشنادەبم، بەوێنەی ئەو هێزێک لەناخمدا بوونی هەیە. هێزێک لەوزەی ئاگرێکی سوتێنەر، تادێت کڵپەی زێدەتر دەبێت و ناخم داگیر دەکات.

دەنگێک وەک  بەدەنگی ئەو بچێت پێم دەڵێت (من خۆم لە تۆدا وێنا کردووەو جەستەی تۆ بۆ خەونەکانم جوانترین نمایشی من وێنا دەکات» پێم دەڵێت: «بەرخودان ژیان و ئازادییە بەرخودان ئەوین و خۆشبەختییە)... ئەو ئەمدوێنێ و هێزێکی ئەفسووناویی لە هەستمدا وێنا دەکات، ئارەزوو دەکەم بەوێنەی یەسنا ئاگری ناخم لە جەستەی خۆمدا وێنا بکەم.

ئەوە ئارینە دەپەیڤێت؟ دڵنیام ئەوپەیڤانە لەهەستێکی پڕلە تۆڵەوە سەرچاوەی هەیە، من دڵنیام ئەوە خۆیەتی بۆم دەپەیڤێ. دەمەوێت پێی بڵێم: ئەو پەیڤانەت بە بوونی خۆم ئاشنام دەکاتەوە، ئەوەتا هەست بە هێزێک لە ئاگردەکەم لە سەری پەنجەکانی قاچ و دەستەکانمەوە سەرچاوەی هەیە، بەنێو هەموو جەستەمدا ڕێدەکەن و هەڵدەکشێن و بیناییم ڕۆشن دەکەنەوە. ئەوەتا خۆم دەناسمەوە، وەک پێشتر چۆن ئاگرلەنێو هەموو دەمارەکانی جەستەمدا هێزێکی بەرخودانی بە هەستەکانم دەبەخشی، هێزێک کە بەو پەڕی متمانەوە بەرەنگاری ئاگردەبوومەوە و ناخم لە هەڵمەت و بەرگریدا لێوان لێو بوو.

ئەوە خۆمم مەلیک، شەڕڤان! ئەوکەسەم ئەوینی خاکم لەلا پیرۆز و جوانتر بوو، من ئێستا خۆم دەناسمەوە  چۆن هەنگاوەکانم بۆ نێو کۆبانی پەلەیان بوو، تا لەسەنگەرێکی پڕشکۆدا ئارام بگرم و بەبڕوایەکی بەهێزەوە لەبەرامبەر

ئەو سەربڕانەی مێشکیان لە بیری کۆنی خۆیاندا بۆگەنی کردبوو بجەنگم. ئەوە خۆمم کە بوومە ڕێگر لەبەردەم خەونی داگیرکردنی بازاڕی سەوزە فرۆشاندا و هێرشەکانیانم دەشکاند و سەنگەرم چۆڵ نەدەکرد.

هاوار دەکەم ئارین تۆ دەنگم دەبیستی؟ ئەو وەڵام ناداتەوە. چەند جارێک گازی دەکەم و پێی دەڵێم: وەرە با پێکەوە بگەڕێینەوە بۆ کۆبانی و لەسەنگەرێکی نەمریدا بجەنگین و ئەوینمان ئاوێتەی بەرخودان بکەین!؟ وەرە با لە ئامێزی یەکدیدا بمرین و ڕۆحمان وەک ئەو ژنە فاڵگرەوەیەی پێشبینی ئەوینی ئێمەی کردبوو، بەئاسماندا هەڵکشێت و بۆهەمیشە بەنەمری ئەویندار ی یەکدی بین، ئەو وەڵام ناداتەوەو نازانم بۆچی دەنگم نابیستێ، دەبێت بیرلە چی بکاتەوە یان لە چ ئەندێشەیەکی خۆیدا ڕۆچوو بێت؟!

«مەلیک.. تکادەکەم ئەوەندە مەبزوێ، با برینەکەت خوێنی لێ نەیەت، چاوەکانت بکەرەوە بزانم چ خەونێکی ناخۆش ئازارت ئەدات» ئەوە دەنگی باوکمە لەنێزیک گوێکانمەوە ناخم ئاوەدان دەکاتەوە و هێزم پێدەبەخشێت. بەئاستەم چاوەکانم دەکەمەوە، وێنەی باوکم لەپێش چاوەکانم هێدی هێدی ڕونتر دەبنەوەو بەخۆم دێمەوە، خۆم لە نێو ئەو ژورەی ماڵی خۆمان دەبینمەوە، کە زۆر لەشەوەکان بەدەم ئەندێشەی ئەوینی ئارینەوە خەو دەیبردمەوە. پێی دەڵێم:

–من بۆچی لێرەم؟

بەخەندەیەکی پڕلە بڕوابە خۆبوونەوە، پێدەچوو منی لە دەست مەرگ سەندبێتەوە پێم دەڵێت:

–کاتێک تۆ لەپێشەوەی جەنگدا بوویت، هەڤاڵان بینیان فیشەکی سەگڤانێک پشتی سەرت دەپێکێت و بەچۆکدا دێیت. خێرا بەهاناتەوە دێن و بەرەو دواوە بۆ شوێنێکی ئارام ڕات دەکێشن. کاتێک هەواڵی برینداربوونتم پێدەگات، خۆم دەگەیەنمە نێو کۆبانێ و لە دوای چارەسەرێکی سەرەتایی، بۆ شەوەکەی بەنێو تەلبەندەکانی سنوردا لە کۆڵی خۆمت دەنێم و دەتهێنمەوە بۆ ئێرە و لە نەخۆشخانە چارەسەرت بۆدەکەم، بۆئەوەی دەوڵەتی تورک قۆڵبەستت نەکەن بە نهێنی لەوێشدا دەتهێنمەوە بۆ ماڵەوە.

پێدەچێت هەموو ئەو چیرۆکانەی ئارین بۆی دەخوێندمەوە خەونێک بێت و لە بێئاگایی خۆمدا بینیبێتم، بەڵام باوکم بەچەند پەیڤێک ئەو گومانە لە هەستمدا دەڕەوێنێتەوە و دەڵێت:

–لەو ڕۆژەوەی تۆمان هێناوەتەوە، ئارین. .ئەو کیژە نازدارەی  ئەوینی.. تۆ– ئارامی لێبڕیبوو! هەموو ڕۆژێک بە ئومێدی بەئاگاهاتنەوەت سەردانی دەکردیت و بەتەنێ لەگەڵتدا دەپەیڤی.

دەستێک بۆ دەستنوسە چەرمەکە درێژ دەکات و لێم نێزیک دەکاتەوە و دەڵێت:

-کاتێک تۆم هێنایەوە هەڤاڵە کانت پێیان وتم ئەمە بپارێزم و لەماڵی خۆمان بیشارمەوە، بەڵام کاتێک ئارین بەوەی زانی.. بەهۆی ئەوەی بە ڕێنوسی عەرەبی نوسرابوو وتی «دیارە مەلیک ئەوەی بۆمەبەستێک لەهەگبەی خۆی ناوە، لێم گەڕێن بۆی بخوێنمەوە، تا هەستەکانی پێی ئاسودەبن».

پێی دەڵێم:

-ئارین لە کوێیەو بۆکوێ چووە؟ باوکم بە هەستێکی خەمگینەوە وەڵام ئەداتەوە!

وەک شتێک ڕویدا بێت. دەڵێت:

-ئارین ئەمڕۆ وەک ڕۆژەکانی دی نەبوو، خەمێک سیمای شێواندبوو، چاوەکانی سور هەڵگەڕابوون، پێدەچوو لە بێئاگایی تۆدا نائارام بووبێت، ئەو چوو. پێی وتم» کاتێک مەلیک بەئاگا هاتەوە پێی بڵێ: با نەبزوێ تا برینی سەری تەواو ساڕێژ دەبێت» لەوە دەچێت بەم نێزیکانە نەگەڕێتەوە.

ئەو پەیڤانە ناخمی هەژاند، وەک ئەوەی لەنێو هەناوی ئاگردا ڕاکشابم ئاوا جەستەو ناخم دەبرژا، ویستم هێزێک بەخۆم بدەم و هەڵسمەوە، باوکم تاوی دامێ و ڕێگری کردم و وتی:

-ئارامبە کوڕم ئەوە بۆ دە ڕۆژێک دەبێت تۆ پێکراویت و هێشتا برینەکەت تەواو ساڕێژ نەبووە. خەمت نەبێت ئەو هەر دێتەوە، دڵنیابە کچێک ئەویندار‌بێت ئارامی نییەو بۆهەرکوێ بچێت هەردەگەڕێتەوە، چاوەڕێبکە تا تەواو بەخۆت دێیتەوە.

من له چاوەڕوانی ئارین -دا قینم له کاتژمێری ژورەکەم دەبێتەوە، بێئاگا له ناخی من بەویستی خۆی دەبزوێ. له چاوەڕوانی هاتنیدا ترپەی دڵم لەگەڵ چرکەکانیدا لەپێشبڕکێدایە، ئەندێشەم ئاوێتەی نیگاکانی دەبێت. تۆبڵێی پرچە درێژو زەردباوەکەی وەک خۆی مابێت؟ وەک هەموو ئەو ڕۆژانەی دەمبینی ماوەیەکی زۆر له پێش هاتنیدا خۆی به شانەکردنیەوە قاڵ دەکردوو بەدەم ئەو گۆرانییە ئەویندارییانەی چێژێکی ئەفسوناوی بەژوانەکانمان دەبەخشی خۆی بۆدیداری من ئامادە دەکرد.

تۆبڵێی ئەوە زەردەخەنەیەیی کەهەمیشە لەسەر لێوە باریکەکانی ئارامیان گرتبوو، به بینینم هەمان هەستی ئەو ساتانەم پێ ببەخشێتەوە؟. کەله ژوانەکانماندا لەژێر سێبەری ئەو دارانەی پەله کانیان له بڵندی ئاسمانی ساماڵدا ئەشەکانەوە و ورشەی گەڵاکانیان ئاوازێکی بەجۆشیان بەناخمان دەبەخشی.

شیمانەی ئەوەدەکەم کاتێک ئەو دەمبینێت، به خۆم هاتوومەتەوە لەنێو دەرگای ژورەکەمەوە باوەشی واڵا کردووە بۆ لەئامێزگرتنم و جەستەی نەرم و نیانی لەجەستەم دەسوێ. له هەستێکی پڕله میهرەبانی خۆیەوە بەدەم گریانێکی خۆشبەختییەوە پێم دەڵێت: «مەلیک هەموو ئەو شەوانەی لەچاوەڕوانی هاتنەوەی تۆدا بووم، دەستەکانم بۆ ئاسمان بڵندکردبوو، نزام بۆ دەکردیت تەنها بۆ جارێکی

دی بەیەکدی ئاشنابینەوە، نزام بۆ ئەو ئەوینەمان دەکرد، کەلە دەستپێکیدا مێردەزمەی جەنگ خەونەسەوزەکانمانی بەمەرگ سپارد».

من بەدەم ئازاری پشتی سەرمەوە بۆی دەپەیڤم، کەمێک لە خۆمی دووردەخەمەوە و لەو چاوە ڕەشانەی دەڕوانم کە لەسەر سیمای شێواوم لەنگەریان گرتووە، پێی دەڵێم: «ئارمبەرەوە نازدارەکەم، ئەمجارە مەرگ نەیتوانی نیگاکانی تۆم لێ بسێنێتەوە. دوژمن چەند بەهێزو تاوانکاربێت دەتوانیت بمانکوژێت و جەستەمان لەناو ببات، بەڵام هەرگیز ناتوانیت ئەوینی خاک و هێزی بەرخودان لەناخماندا لاواز بکات. ئێمە مرۆڤگەلێکین لەمێژەوە خاک ئامێزی بۆ گرتوینەتەوە، ئێستابێت یان دواتر هەر بۆلای خۆی دەگەڕێینەوە و جەستەمان ئاوێتەی خۆی دەکات، دەشێت هەریەکێکمان لەهەر جێگەیەکدا بین هەستەکانمان و بیرو ئەوینمان لەنێو دڵۆپەئاوێکدا خۆی بنوێنێ و بەدەم ڕۆچونیەوە لەنێو قوڵایی خۆیدا لەنێو کەلێن و درزی دارمانێکدا بەیەکدیمان ئاشنا بکاتەوە و ئاوێتەی یەکدیمان بکاتەوە. بەڵام بێئومێد مەبە نازدارەکەم، سروشتی ژیانی ئێمە هەمیشە بەرخودانە، دەکرێت لە ڕۆژێکدا بەئارامی لەنێو کەشێکی ئازادیدا ئاهەنگی سەرکەوتن بگێڕین وئێستامان وەک خەونێک وێنا بکەین.»

هەست دەکەم جەستەم هێدی هێدی بەهۆی ئەو چارەسەرە ئارامکەرەوانەی باوکم پێی ئەدام لەخۆم دەچم و ڕۆدەچمە نێو خەوێکی ئارام و قوڵ، بەڵام هەستەکانم لەچاوەڕوانی هاتنی ئارین دا بەئاگان، گوێکانم بۆدەنگی کردنەوەی دەرگای ژورەکەم لەئامادەباشی گەیاندنی هەواڵی هاتنیدا ئێشک دەگرن.

## 18

مەلیک.

مەلیک بەخۆت وەرەوە، تۆباشیت؟ دەتوانیت چاوەکانت بکەیتەوە بمبینی!؟

ئەودەنگە لەنێو قولایی تاریکی خەودا دەستم دەگرێت و بەرەو ڕۆشنایی ئاگایم کێشم دەکات. بینایم بەلێڵی دەبینێت و لە ئەندێشەی خۆمەوە وێنای دیمەنی ئارین دەکەم، لەژور سەرمەوە وەستاوە. دەستە نەرم و میهرەبانییەکەی بەسەرمدا دێنێت و دەڵێت: ئەی شێری من، ئەی شەڕڤانی ئازاو کۆڵنەدەری من، هەستەوە با

مژدەی سەرکەوتنت بدەمێ! هەستەوە با بەچاوەکانی خۆت ئەو ڕۆژگارە ببینی، کە خەون و خەیاڵتی داگیر کردبوو.

لەگەڵ پەیڤەکانیدا بینایم ڕونتر دەبێتەوە، دیمەنی هەڤاڵ نەسرین بەخەندەیەک کە ددانەوردەکانی بەدەرخستبوون، بە نیگاکانم ئاشنا دەبێت، واهەستدەکەم خەون دەبینم و پێی دەڵێم:

–لەگەڵ تەقینەوەی ئەو بۆمبەدا تۆ چیت بەسەر هات؟ جەستەت بوو بەچەند پارچەوە؟ تۆ پێم بڵێ! تۆ لەخەونمدایت یان ڕۆحیت و ئەمدوێنێ، متمانە بەچاوەکانی خۆم ناکەم، تۆ لە ژیاندا مابیتەوە.

ئەو دەخەنێت و بەنیگایەکی پڕلە خۆشەویستییەوە پێم دەڵێت:

–من زیندووم مەلیک. ئەو ڕۆژەت لەبیر ماوە ئەوسەگڤانە نەفرەتییە بواری بۆ جوڵەت نەهێشتبوو، لەنێو ئەو خانووەدا بۆئەوەی تۆو هەڤاڵان قوتار بکەم، خۆم گەیاندە نێو ئەو خانووەی لەبەرامبەرماندا بوو، بەپلیکانەکاندا تا نهۆمی سەرەوە سەرکەوتم و خۆم گەیاندە سەربان، بەهۆی تەپ و تۆزی ئەو بۆمبەی لەشوێنەکەی منی دابوو (با) کە بۆلای منی دەهێنا، سەربڕەکان توانای بینینی منیان نەبوو. لەگۆشەی

دیوارەکەوە بەدووی شوێنی ئەو سەگڤانە سەربڕەدا دەگەڕام، کەبەردەوام چاوەکانی لەسەرت بوون. دواتر توانیم لـــەدوورەوە بەهۆی دوربینەکەمەوە لولەی تفەنگەکەی ئەو سەگڤانە لەنێو کونێکی بچوکی بلۆکی سەربانێکدا بدۆزمەوە، شوێنەکەیم دیاری کردوو نیشانەم لێگرتەوە و بەفیشەکێک بێدەنگم کرد. بەڵام کاتێک گەڕامەوە بۆ شوێنی خۆم، ویستم لەوە ئاگادارت بکەمەوە، بەڵام تۆ لەنێو حەوشەی خانووە کەدا بەدەما کەوتبوویت و هەڤاڵان لە هەوڵی ئەوەدا بوون جەستەت بۆ شوێنێکی ئارام بگوازنەوە.

متمانەم بەوە نەبوو ئەو سەگڤانە تۆی پێکابێت. وتم پێدەچێت پارچەی بۆمبەکە بریندارى کردبێت، کاتێک گەیشتمە لات و برینەکەتم بینی! زانیم فیشەکی ئەو سەگڤانە بووە کە لە تەنیشتەوە لەپشتی سەرتی دابوو لەو دیوڕا دەرچوو بوو. خوێن لەهەردوولای سەرتەوە دەهات، بەپەلە گەیاندمانیتەوە بۆبەشی دواوە و چارەسەرێکی سەرەتایمان بۆکردیت، تا بتگەڕێنینەوە بۆ ماڵەوە.

ئەو دەپەیڤی من ئەندێشەم لە چاوەڕوانی هاتنی ئارین دابوو، هەربۆیە بەپرسیارێک بێدەنگم کردو وتم:

–گرنگ نییە چۆن پێکراوم یان دەکوژرێم، من جەستە

و ڕۆحی خۆم بەم خاکە بەخشیوە، بەڵام دڵنیابە لەوە جوانتر نییە مرۆڤ لە نێو جەنگ و مەرگدا ئەندێشەی خۆی لە ئامێزی ئەوینی خۆیدا بێت. من لەو چرکەساتانەی مەرگ بەردەوام وێنەی خۆی نیشان ئەدام، لەچاوەڕوانی بینینەوەی ئارین بووم. ئێستاش هەستدەکەم تاوێکی دی دێتە سەردانم و چیرۆکی ئەو ساتانەی بۆ دەگێڕمەوە، کە بەڵێنی گەڕانەوەیم پێدابوو، بەزیندوویی بێت یان مردن.

«ئەو نایەتەوە! ئەو چوو. بڕوامەکە بەم نێزیکانە بۆلات بگەڕێتەوە» هەڤاڵ نەسرین ئەو پەیڤانەی بە خەندەیەکەوە درکاند. من بەنیگایەکی پڕلە پرسیارەوە لەدیمەنی نامۆی ئەو دەڕوانم دەڵێم:

– چۆن! بۆچی ناگەڕێتەوە؟

بە هەستێکی خۆشبەختییەوە دەڵێت:

–کاتێک ئارین لەچاوەڕوانی بەئاگاهاتنەوەی تۆدا بێئومێد دەبێت. ڕاستەو خۆ بەو ئێوارەیە خۆی دەگەیەنێتە ماڵی ئێمە و هەواڵی من لە دایکم دەپرسێت. بەڵام دایکم دەیناسێتەوە دەزانێت ئەوینی تۆ ئاگری لەهەناوی بەرداوە، وادەزانێت تۆ هەرلە کۆبانێ ماویت و پەیوەندی بە هەڤاڵێکمانەوە دەکات و لەگەڵ خۆی بەو شەوە دەیهێنن بۆ ناو کۆبانێ، من کە دیمەنی شێواوو خەمناکی ئەو دەبینم گومانی ئەوەی لێدەکەم هەواڵی

مردنی تۆی بۆ هێنابێتم، بەڵام ئەو بە چەند پەیڤێک ئەو گومانە بەئازارە لەناخم دەڕەوێنێتەوە و دەڵێت ؛من چیتر بەرگەی ئەوە ناگرم مەلیک لەنێو چاوەڕوانی مەرگ و ژیاندا ئازارم بدات، دەزانم چارەنووسی ئێمە دەبێت بەوتەی ئەو فالگرەوە نەفرەتییە بێت بەڕۆح بەیەکدی ئاشنا بین. من هاتووم وەک شەڕڤانێک بجەنگم و دەمەوێت تۆڵەی ئەوینی خۆم و داگیرکاری ئەو سەربڕانە بکەمەوە، کە بەدرێژایی مێژوو هەموو شتێکی ئێمەیان لەناو برد و هەموو شتێکی ئێمەیان داگیر کردوو کردیانەماڵی خۆیان. چیتر نکارم لەنێو ژیانێکی کۆیلەیدا درێژە بەژیان بدەم؛ من گومانم لەوە هەبوو ئەو بەبێ ئەزمونی خۆیەوە بتوانێت بجەنگێت، تکام لێکرد هیچ نەبێت خۆی لەسەر بەکار هێنانی چەک و هونەری جەنگ تەیار بکات. بەڵام ئەو بەشێوازێک بەرسیڤی دامەوە  توانای ئەوەم نەمابوو ڕێگری لێبکەم وتی ؛ئێمە هەر لەمنداڵییەوە بە چەک و جەنگ ئاشنابووین. جا ئیستا چ پێویستیمان بەوە هەیە؛ ئەو وەک شەڕڤانێکی بەئەزموون ڕەفتاری دەکردو داوای لە هەموو ئەو شەڕڤانانەکرد، کە لە دەستەی هێزەکانی (یەپەژە) دا خۆیان بۆ بەرەکانی پێشەوەی جەنگ ئامادەکردبوو ئاگرێکی مەزن بکەنەوە و بەوێنەی بازنەیەک لەدەوری کۆبنەوەو هەموویان لەسەرداوای

ئارین ڕەفتاریان دەکرد. من لێگەڕام بەویستی خۆی ڕەفتار بکات. مرۆڤ کاتێک بڕوای بەخۆی و خەونەکانی هەبێت سەرکەوتن بەدەست دێنێت، کاتێک هەموو هەڤالان لە دەوری ئەو ئاگرە مەزنەدا مۆڵیان خواردبوو، کە زێدەتر لە ئاستی باڵای خۆیان بڵندتر بوو. ئەو پەیڤە نامۆیانەیان دوبارە دەکردەوە، کە ئارین لە ناخێکی پڕلە متمانەی خۆیەوە ئاراستەی دەکردن و دەیگوت «ئێمە هەڤاڵی ئاگرین، دوژمنان لەمێژەوە ئێمەیان لە هێز و توانای ئەفسونی ئاگر تۆراندووە و کردوویانە بە سەرچاوەی ترس بۆمان. ئێمە ئەمڕۆ بڕیار ئەدەین لەگەڵ ئاگردا ئاشت بینەوەو هێزو نهێنی ئاگر لەناخی خۆماندا بکەینە وزەو توانای بەرخودانمان، بەهەموو باوەڕمانەوە جەستەمان دەکەینە ئاگر و دۆزەخێک بۆ سەربڕەکان دەرەخسێنین، کە دەیانەوێت هەموو شتێکمان داگیر بکەن، ئێمە بەو هێزەوە دەجەنگین و هەرگیز سڵ لەو ئاگرە ناکەینەوە، کەئەوان ئاراستەمان دەکەن، چونکە ئێمەی کورد لەمێژەوە بەوە ئاشنا بووین و ڕۆحمان پێی سپاردووە».

کاتێک ئارین لە پەیڤەکانی تەواو دەبێت، هەمووان بە هەستێکی پڕلە وزەی بەرەنگاری و بەرخودانەوە بەرەو بەرەکانی پێشەوەی جەنگ بەڕێدەکەون، ئەوەی

وایلێکردم بگەڕێمەوە بۆلات، ئەو هەڵویستە نامۆیانەی ئارین بوو، گومانی ئەوەم کرد تۆ شتێکت بەسەر هاتبێت!

ئـەو پـەیـڤـانـەی هـەڤـاڵ نـەسـریـن چـیـرۆکـی ئـەو دەستنوسەی بەبیرهێنامەوە، کە هەمیشە وەک خەونێک لە بێئاگایی خۆمدا وێنام کردبوو.لەجێگەکەی خۆم بڵند دەبم، هەڤاڵ نەسرین بە نیگایەکی نامۆوە پێم دەڵێت:

-بەنیازی کوێیت؟

بەخەندەیەکەوە پێی دەڵێم: دەگەڕێمەوە بۆ کۆبانێ.

-ئاخر تۆ هێشتا برینەکەت تەواو ساڕێژ نەبووە!

کێشە نییە، گرنگ ئەوە یە دەتوانم بجەنگم، دەڕۆم ئارین ئەدۆزمەوە، دەمەوێت ئەو ڕۆژە ببینم کەهەرلەسەرتای ناسینیەوە خەونم بەوەوە دەبینی، ئەو وەک شەڕڤانێک لەگەڵمدا ئەوینی خاک ئاوێتەی ئەوینی خۆمان بکات و پێکەوە بجەنگین، دڵنیام ئێستا ئەویش وەک من بیر دەکاتەوە.

هەڤاڵ نەسرین هەڵویستەکانی لەگەڵ مندا یەکانگیر دەکاتەوە تاوئەداتە پۆشاکەکەم و دەڵێت:

-کەواتە دەبێت پێشئەوەی خۆر بەتەواوی بکەوێت، دەبێت خۆمان بگەیەنینە سنور! بۆئەوەی جەندرمەکانی تورک ڕێگریمان نەکەن.



# 19

ئەندێشەم بەوێنەی کورەی هەنگ وروژاوەو خەیاڵگەلێکی ناخۆش دەرزی ئاژنی ڕۆحم دەکەن. دەبێت ئێستا ئارین لەکوێ بێت!؟ ترسی ئەوەم هەیە لەکەم ئەزموونی خۆیەوە کەوتبێتە دەستی سەربڕەکان و بەویستی خۆیان گەمە بە جەستەی خاوێن و پاکیزەیی بکەن و هەریەکەیان چاوە برسییەکانیان وەک کەڵبەی دڕندەیەکی بێهەست لەجەستەی گیربکەن و وەک کەنیزەک ڕەفتاری لەگەڵدا بکەن. ئەگەر ئەوە ڕووبدات، دەبێت چی بکەم؟ ئایا تۆڵە کردنەوەلەو ڕەفتارە دڕندانەیە دەرونم ئاسودە دەکات؟ ئایا دەتوانم

چیتر لەپاش ئەوە من وەک مرۆڤێک ژیان بکەم؟ نا هەرگیز ڕێگە بەوە نادەم، هەرگیز بەبێ ئەو ناگەڕێمەوە، ئەگەر جەستەم کردبێتە بۆمبێکی پڕلە ڕک و تۆڵەی ئەو، خۆم لە نێویاندا ئەتەقێنمەوە.

«مەلیک ئارمبەرەوە کەمێک هەنگاوەکانت هێواش بکەرەوە، هێشتا کاتمان زۆر لەپێشە بۆ ئاڵ و گۆڕی هێزەکان». هەڤاڵ نەسرین بەدەم هەناسە بڕکێوە بەو پەیڤانە منی بۆلای خۆی هێنایەوە، بۆخۆیشم نازانم بەرەو کوێ ڕێدەکەم و هەنگاوە خێراکانم بۆکوێم دەبەن؟! ئەوەندە نەبێت هەموو ئەندێشەم لە بینینەوەی ئارین-دا کۆبۆتەوە، لە جێگەی خۆم دەوەستم و بەنیگایەکی گرژەوە ڕووی تێدەکەم وپێی دەڵێم: دەبوو ڕێگریت لە ئارین کردبا..!

هەڤاڵ نەسرین تەواو شەکەت بوو کەمێک لە چاوە پڕلە پرسیارەکانمی ڕوانی و پاشان بەنیگایەکی پڕلە گومانەوە دەڵێت:

-من چیم بکردبا؟ ئەگەر منیش ڕێگریم لێبکردبایە ئەو هەر دەچوو، ئەو لە ناخ و دڵی خۆیەوە بڕیاری داوە. مرۆڤ کاتێک ناخی خۆی لە گومان یەکلا دەکاتەوە، ئەستەمە کەس بتوانێت لەبەرامبەریدا هەڵویستەکانی بگۆڕێت. تۆ پێم بڵێ بۆچی ئەوەندە دڵت نائارامە؟ ئەوە خەونی تۆنەبوو ئارین ببێتە شەڕڤان، ئیتر کێشەت چییە؟

واهەستدەکەم درکی بەئازاری ناخم نەکردبێت، بە هەڵچونێکەوە بەرسیڤی ئەدەمەوە و پێی دەڵێم:

-هەڤاڵ، بۆخۆت ئەزانیت ئەو لە هونەری جەنگ ئەزموونی نییە، دەزانیت کاتێک ئارین بکەوێتە بەردەستیان چی لێدەکەن؟!

هەڤاڵ نەسرین بەو پەیڤانەم بە خەندەیەک کەمێک ئاگری ناخم دادەمرکێنێتەوە و بەدەنگێکی هێمن دەڵێت:

-مەلیک مرۆڤ پێش ئەوەی بکەوێتە دۆخێکی دژوارەوە هەزاران گومانی ناخۆش ناخی دەکوتێت، بەڵام کە پێی ئاشنا بوو بۆخۆی دەزانێت چۆن ڕەفتار دەکات. من دڵنیام ئارین هێزێک لە ناخیدا بەوێنەی ئاگرێکی بەتین بوونی هەیە، هێزێک لەو پەڕی متمانە بەخۆ بوونی بۆ بەرخوادان و بەرەنگاری. دڵنیام ئێستا ئەو لە نێو سەنگەرێکی تۆکمەدا خۆی دامەزراندووە و دەجەنگێت، تۆ کەمێک بیر بکەرەوە و ناخت ئاسودە بێت، دڵنیابە پێی دەگەیت و لەهەمان سەنگەر دەجەنگیت.

ئەو پەیڤانەی هەڤاڵ نەسرین ئاسودەییەک بەناخە شێواوە کەم دەبەخشێ، واهەستدەکەم نەمتوانیبێت هەموو هەستەکانمی بۆ والابکەم بە دەنگێکی خەمناکەوە دەڵێم:

-دەزانیت من بیر لەچی دەکەمەوە؟ بە نیگایەکی پڕلە میهرەبانییەوە لێم دەڕوانێت، وەک بیەوێت لە ڕێگەی

چاوەکانمەوە ناخم بخوێنێتەوە، دەڵێت «بڵێ بزانم بیر لەچی دەکەیتەوە». بیرلەوە دەکەمەوە ئەگەر کوژرام دواهەناسەم لە نێو باوەشی ئەودا بکێشم ئەوکات بۆمن هیچ گرنگ نییە.

ئەو پێدەچوو گاڵتەجاڕی بە پەیڤەکانم بێت بە پێکەنینێکەوە لە چاوەکانم دەڕوانێ، من لە نیگاکانیدا ئەوە دەبینم هەربۆیە بە هەستێکی پڕلە ئەوینەوە پێی دەڵێم:

–تۆ هەرگیز ئەوینداریت نەکردووە، هەر بۆیە ناتوانیت لە هەستەکانم بگەیت.

ئەو کە هێشتا پاشماوەی پێکەنینەکەی بەخەندیەکی لێوەکانی سپاردبوو دەڵێت: دەزانم ئەوین چۆنە هەربۆیە ئارەزووی ناکەم، هەڕە با پێش ئەوەی بچینە پێشەوەی جەنگ کەمێک پشو بدەین؟!

کاتێک گەیشتینە خانووە چۆڵەکانی سنوری شاری کۆبانی، وەک جاران ئەو شەڕڤانانەی لێنەمابوو کەبەردەوام لە نێو ژوورەکاندا بەدەم پڕفیشەک کردنی فیشەکدان و خۆئامادەکردنیان بۆ پێشەوەی شەڕکان مۆڵیان خواردبوو، بەدەم خەندەو پێکەنینەوە نیگاکانیان ئاراستەی دوا نیگای یەکدی دەکرد. کەس لەوێ نەمابوو، تەنا چەند شەڕڤانێک نەبێت سندوقی فیشەکیان لە دوای پیکابێک باردەکرد، تا بەپەلە بگەیەننە هەڤاڵان.

ئـەو دیمەنە هەستێکی نـامۆی بـە نـاخم دەبەخشی، پرسیاری ئەوەم لادروست بوو دەبێت چی ڕووی دابێت؟ من مێشکی خۆم بەدووی وەڵامی ئەو پرسیارەوە ئەدۆزم. هەڤاڵ نەسرین خۆی دەگەیەنێتە لایان و سڵاویان لێدەکات و کەمێک لەگەڵیان دەپەیڤێت، دواتـر گازیی من دەکات بۆئـەوەی سـواری ئـەو پیکابە بـم، کـە ئـامـادەیـە بـەرەو پێشـەوەی جەنگ بڕوات. هەموو مان لە دوای پیکابەکەوە سوار دەبین، پیکابەکە وەک مارێکی بزێو بەنێو کۆڵانەکاندا بە خێرایی ڕێدەکات، منیش چاوەکانم لەسەر ئەو ڕێگا تەنگەبەرو پێچاو پێچانەیە، کە بەڕیتمی خۆی شەپۆل بەجەستەمان ئەدا.

تانێزیکتر دەبینەوە زێدەتر دەنگی تەقەو ناڵەی بۆمب گوێکانمان ئەسمێت. مـن لـە ئەندێشـەی خـۆمـا تـەواو ڕۆچووم و بێئاگام لەوەی، پیکابەکە لە بەردەم خانوویەکی داڕوخـاودا کەدیوارەکانی ئاسەواری کون و کەلەبەری ئـەو شـەڕڤانانەی تیا بە جێماوە، کەلە نێویەوە لولەی تفەنگەکانیان ئاراستەی سەر برەکان کردبوو، دادەبەزین و هەڤاڵ نەسرین تاوئەداتە سندوقێکی فیشـەک و خۆی بەنێو خانووەکەدا دەکات، منیش بەوێنەی ئەو سندوقێک لەگەڵ خۆم هەڵدەگرم و بەدووی دەکەوم.

کاتێک دەچینە ژورەوە خۆمان لەبەردەم هەڤاڵ (ئاسیا) دەبینینەوە، نەخشەیەکی شاری کۆبانێی لەسەر زەویەکە ڕاخستووە و بەقەڵەمێکەوە سەرقاڵی نیشانەکردنی ئەو شوێنانەیە، کە لەبیری خۆیدا پلانی بۆ دارشتووە، کاتێک ئێمە دەبینێت هەموو هەستی خۆی لە خەندەیەک کۆدەکاتەوە، منیش پەیڤەکانی ناخی دەخوێنمەوە، دەیەوێت بڵێت: «هێشتا زووە بۆ گەڕانەوەت». هەڤاڵ نەسرین بە پرسیارێک نیگاکانی ئەو بۆلای خۆی ڕادەکێشێت و دەڵێت:

-(مەلیک) دەیەوێت خۆی بگەیەنێتە (ئارین میرکان).

هەڤاڵ (ئاسیا) بەنیگایەکی پڕلە گومانەوە لێم دەڕوانێت و بەدەنگێکی خەمناکەوە پێم دەڵێت:

-مەلیک ئارامبەرەوە، بگەڕێوە بۆ ماڵەوە، تۆ چۆن بەم دۆخەوە دەتوانیت بجەنگیت، هێشتا برینەکەت تەواو سارێژ نەبووە. پاشان ئێمە لە دۆخی شەڕ و هێرش و بەرگریداین و شەڕڤانان لەسەنگەرەکانی خۆیاندا جێگیر نین. پێم بڵێ چۆن دەتوانین لەم دۆخە دژوارەدا ئارین بدۆزیتەوە؟

پەیڤەکانی (ئاسیا عەبدوڵڵا) ئازارم ئەدات، من چۆن ئەتوانم لە چاوەڕوانی ئەودا کات و ڕۆژەکان بەڕێ بکەم، ئاخر ئەو نازانێت ناخم بۆ نیگایەکی ئارین چەند تامەزرۆیە، لەو هەستەوە بەرسیڤی ئەدەمەوەو پێی دەڵێم:

-تکادەکەم ڕێگیرم مەکە، تۆبڕوانە! ئەگەر نەمتوانیبا لەئورفەوە تا ئێرە نەدەهاتم، پێم ئەستەمە بتوانم بگەڕێمەوە و دڵم ئارام بێت، ئاخر من گومانی ئەوەم هەیە ئارین لە بەرەنگار بوونەوەیەکدا بکەوێتە نێو ئەوانەوە، دەمەوێت خۆم لەگەڵیابم و ئاگام لە دۆخەکەی بێت.

ئاسیا بەبیستنی ئەو پەیڤانەم دەخەنێت و سەری بۆ سەر نەخشەکەی بەردەمی شۆڕدەکاتەوەو لەبەر خۆیەوە دەپەیڤێ وەک ئەوەی بۆخۆی بدوێ دەڵێت:

-من ڕێگریت ناکەم، بەڵام وەک پێم وتیت ئەستەمە بتوانیت بیدۆزیتەوە، بڕۆ بەڵام ئاگات لەخۆت بێت، با هەستەکانت ناخت داگیر نەکەن و نەکەویتە بۆسەی ئەوانەوە.

ئەو ڕاست دەبێژێ! مرۆڤی ئەویندار ئەستەمە بتوانێت بجەنگێت، بەڵام من ئەوینی ئارین -م ئاوێتەی نیشتمان کردووەو هەست دەکەم، ئەم خاکە بۆنی ئەوی لێدێت. بێدەچێت بۆن و بەرامەی ئەو هەموو کۆبانێی داگیرکردبێت، من واهەستدەکەم. ئیتر نازانم ئەو هەستە لە ئەوینمەوەیە یان هەستێکی ڕاستەقینەیەو هەموان وەک من درکی پێدەکەن. لەگەڵ هەڤاڵ نەسرین هەریەکەمان تاو ئەدەینە چەکێک و بەنێو کۆڵانەکاندا بەرەو پێشەوە هەنگاوەکانمان لەگەڵ دەنگی تەقەی شەڕڤانان‌دا ڕێدەکات،

من بێئاگام لەو، چاوەکانم بەنێو هەموو شوێنێکدا دەگێڕم، بەنێو ئەو کۆلانانەی کە بەلاشەی بۆگەنی سەربڕەکان و پاشماوەی فیشەکی بەتاڵ داپۆشراوە، لەوان زیاتر کەس نابینم. هەتا دێت زێدەتر هەنگاوەکانم خێراتر دەکەم و دەمەوێت بەدەنگی ئەو تەقانە ڕابگەم، کە بەرەو هەناوی دوژمن دوور دەکەونەوەو نیگاکانم لەسەرئەو دوکەڵە چڕە لەنگەردەگرن، کە بەرەو ئاسمان بڵند دەبێت، وێنەی ئارین و یەسنا لە خۆیدا دەنوێنێ. ئەو بۆمبانەی لەدورەوە دەتەقێنەوە بۆنی سەرپۆشەکەی ئارین بە لوتمدا ئەدات، ئای ئارین تۆ لەکوێی!؟ لەکام شوێنی ئەم جەنگەدا ئارامت گرتووە و دەنگم نابیستی؟

پڕبەگەرووم هاواردەکەم ئەو وەڵام ناداتەوە، بەردەوام بەرەو پێشەوەی خۆم هەنگاو دەنێم چاوەکانم بە هەموو شوێنێکی ئەودا دەگێڕم، لە هەموو قوژبنێکی ئەو کۆلانانەدا هێزەکانی یەپەژە بڵاو بوونەتەوە، هەموویان لەیەکدی دەچن و ڕوخساریان تەواو بەوێنەی یەسنا دەچێت، تاوناتاوێک لەگەڵ هێرشبردنا شێوەیان دەگۆڕێتەوە سەر ئارین. لە هەستەکانی خۆم بەگومانم و متمانە بەبوونی ڕاستەقینەی خۆم ناکەم، نازانم لەکام کانگای خەیاڵ و ئەندێشەمەوە وێنای ئەو دیمەنانە دەکەم.

تا زێدەتر دەچمە پێشەوە کڵپەی ئاگرێک دەبینم کە وێنەی ئارینی لە خۆ گرتووە و دۆزەخێک بۆ سەربڕەکان

سازدەكات. لە نێویدا بەدەیان و سەدان سەربڕ بەدەم ئازاری سوتانی جەستەو ناخیانەوە دەناڵێنن، لەهەمووشوێنێکەوە ئاگر بۆئاسمان بڵند دەبێت و شێوەی ڕوخساری ئارین و یەسنا وێنادەكات. هەتادێت ئەو ئاگرە هەموو كۆڵان و كوچەو قوژبنێكی ئەو شارە ئەتەنێتەوەو بۆن و بەرامەی ئارین لە بری بۆنی باروت بڵاو دەبێتەوە، ڕو لەئاسمان دەكەم و بۆئەو ئاگرە هاواردەكەم، كە وێنەی ئارین لە خۆیدا ئەنوێنێ و دەڵێم: ئارین تكادەكەم بەجێم مەهێڵە، چاوەڕێم بكە منیش لەگەڵت دێم، تەنها ساتێک چاوەڕوانمبە تا دەستەكانم پێت دەگات و لەئامێزی خۆمت دەگرم. بەڵام ئەو وەک هەموو ساتەكانی ژوانمان بەخەندەیەكەوە لێم دەڕوانێت و بەنیگا پڕلە ئەویندارییەكەی بۆلای خۆی گازم دەكات، منیش بێئاگا لەهەنگاوەكانم بەنێو جەستەی سوتاوی سەربڕەكاندا، كۆڵان بەكۆڵان بەدووی ئەوەوە ڕادەكەم و پێی ناگەمەوە.

هەرلە كۆڵانەكانی (بۆتانی خۆرهەڵات) و (بۆتانی خۆرئاوا) تادەگاتە كۆڵانەكانی (مەكتەلە) و لەوێشەوە تا كۆڵانە كانی (كانی كوردان) ڕادەكەم، ئەو بەردەوام ئاگری پڕلە تۆڵەی جەستەی زێدەتر جۆش ئەدا. من هەست بەبوونی گەرمی ئەو ئاگرە ناكەم، كاتێک سەربڕەكان لە نێویدا جەستەی بۆگەن و چڵكنیان تێیدا هەڵدەقرچێن و دەتوێنەوە!

وای دەبینم ئەو دیمەنە وێنەی ئەو دۆزەخە ترسناکەبێت، کەلە کتێبە ئیبراهیمیەکاندا بوونی هەیە، تەواو هەست بەشەکەتی خۆم دەکەم، تا دوا کۆلانی (کانی کوردان) بەدووی دەکەوم، ئەو لەوێدا لەنێو ئاگرێکی هەمەڕەنگ بەوێنەی ئاگری جەستەی یەسنا بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێت و لەگەڵ خۆیدا ڕۆحی شەڕانگێزیی هەموو ئەوسەربڕانە لەخۆی دەئاڵێنێت و بەرەو ئاسمان ڕاپێچیان دەکات، ئەو بەردەوام بۆئاسمان بڵند دەبێت و منیش بەئازاری ناخمەوە دەناڵێنم. لەجێگەی خۆمدا کەوتووم و چاوەکانم بۆ دوا نیگای ئەو بڵند کردووەو بێئاگالەوەی هەموو شەڕڤانان لەدەورم کۆبوونەتەوە و بەنیگایەکی پڕلە سەرکەوتنەوە لێم دەڕوانن. لەپێش چاوەکانی مندا هیچیان لەخۆیان ناچن و هەریەکەیان وێنای ئارین و یەسنا دەنوێنن. بەخۆم دەڵێم: «ئای خودایە چی ڕوودەدات دەشێت ڕۆحی یەسنا هاتبێتە خوارەوە و خۆی لەنێو جەستەی ئەواندا نابێت؟ ئەگەرنا بۆچی هەموویان بەوێنەی ئەو دەچن!؟»

دوانیان تاو ئەدەنە بن هەنگڵم و لەجێگەی خۆمەوە بڵندم دەکەن، هەڤاڵ نەسرین دێتەبەردەمم و بەنیگایەک، کە خۆی لەواندا دەنوێنێ پێم دەڵێت:

-مەلیک ئیتر بەسە! جەستەی ئارین بوو بەئاگرو

هەموو سەربرِەکانی سوتاند، بەڵام ڕۆح و هەستی لەنێو هەمووماندا زیندووە، بگەڕێوە تۆ زۆر ماندوو دیاریت، وەرە باگۆرانی سەرکەوتن بۆ کۆبانی بڵێنەوە..!

من دڵم ئارام ناگرێت، تاو ئەدەمە چەکەکەم و هەموو ئاگری ناخم لەو پەیڤانەدا کۆدەکەمەوە، کە هەستی هەموو یان دەبزوێنێ و پێیان دەڵێم:

-من ناگەڕێمەوە! جەنگ هێشتا کۆتایی نەهاتووە، چیتر ناتوانم لە نێو جەستەیەکی بێ هەستیی ئەوینی ئەو دا ژیان بکەم، دەخوازم بەوێنەی ئەو ببمە ڕۆح و بۆئاسمان بڵندبم، تا زووە بەو بگەمەوە. ئێستا متمانە بەو فاڵگرەوە دەکەم کەلەیەکەمین ژوانمان پێی وتین. «ئێوە تەنها بەڕۆح بەیەکدی ئاشنا دەبن»، لیم گەڕێ بابەدووی چارەنووسی خۆمەوە بم.

بەنێو کۆڵانەکانی (کانی کوردان) دا ڕێدەکەم و ئەوانیش بەدوامەوە هەنگاو دەنێن، لەئەندێشەمدا وێنای خۆم دەکەم و بەهەستێکی پڕلە تۆڵەو بەرخودانەوە دەجەنگم، نازانم لە چ کاتێکدا جەستەم ئاگردەگرێت و دەبێتە ڕۆح و بۆئاسمان هەڵدەکشێت و بە ئارین ڕادەگەم؟.

2017/9/21

## شەهید (عەبدول مەلیک)






شەڕڤان شەهید (عەبدول مەلیک) کە لە ڕۆمانەکەدا بە (مەلیک) ناویم هێناوە. لەنێو شەڕی کۆبانی بە فیشەکێکی سەگڤان (قەناس) لەپشتی سەریەوە بریندار دەکرێت. دوای چاکبوونەوەی دوبارە لە دوای ئازادبوونی شاری کۆبانی دەچێتەوە نێو بەرەکانی شەڕ و لە گوندەکانی دەرەوەی شاری کۆبانی شەهید دەبێت.



# شەهید (ئارین میرکان)



شەڕڤان شەهید (ئارین میرکان)، کە لە نێو شەڕەکانی کۆبانی خۆی بە هێرشێکی داعش-دا دەتەقێنێتەوە و ژمارەیەکی زۆریان لێدەکوژێت و شکست بە هێرشەکەیان دێنێت .

# فەرهەنگۆک:

**سەگڤان**: قەناس، نیشان شکێن.

**نکارم**: ناتوانم.

**دەزڤڕێ**: دەگەڕێتەوە.

**چما**: بۆچی، لەبەرچی.

**دیرۆک**: مێژوو، کۆن، دێرین.

**ئەیوبییە**: گەڕەکێکی کۆنی هەژارنشینی شاری ئورفەی کوردستانی باکورە.

**ماسییەکانی حەزرەتی ئیبراهیم**: لە نێو شاری ئورفەی کوردسانی باکور مەزاری (حەزرەتی ئیبراهیم)ی لێیە، کە کراوەتە جێگەیەکی گەشتیاری. هەر لەو شارەدا مەزاری (حەزرەتی ئەیوبی) لێیە لەگەڵ چەندین مەزاری تر کە ڕۆژانە چەندین گەشتیار لە هەموو شارەکانی تری تورکیاو وڵاتانی ئیسلامییەوە سەردانی دەکەن و نزای تیا دەکەن.